# چۆن بۆت بدوێم

ئەحمەد بازگر

ئەنوەر حسێن پێشەکی بۆنوسیوە

٢٠١١

ناوی نوسەر: ئەحمەد بازگر
ناوی کتێب: چۆن بۆت بدوێم
بابەت: شیعر
پێشەکی: ئەنوەر حسێن
هەڵەچن: لوقمان رەئوف، هاشم ئەمین
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
کاری کۆمپیوتەر: باوان عومەر، سۆما سالار، رەوەز سەعید
ساڵی چاپ: ٢٠١١
ژمارەی سپاردن:

# پێشەکی شاعیر

ئێستا ئیتر زۆر وەدرەنگ کەوتوە. ئەم کۆمەڵە شیعرە دەبوایە زۆر لەوەوپێش بکەوتبایە بەردەستی تۆی ئازیز کە خەریکی خوێندنەوەی ئەم دێڕانەی.

بۆ وای لێهات! زیاتر لەبەر وەسواسی سەردەمی لاویم کە دەترسام بەرهەمێک چاپ بکەم کە دوایی لێی پەشیمان ببمەوە. ئەم وەسواسە زۆر لەمێژە ئاسەواری نەماوە، بەڵام کۆمەڵێک گیروگرفتی تر بوونە کۆسپی سەرڕێی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم دیوانە شیعرە. کۆسپی وەکو هەڵکەندران لە کوردستان و پەروازە بوون بەرەو هەندەران و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیان بە هەموو لایەنەکانیەوە.

ئەم دیوانەی لەبەردەستت دایە یەکەم بەرهەمی شیعری منە کە بە شێوەی کتێب چاپ دەبێ. زۆربەی ئەو شیعرانە پێشتر باڵیان لێڕاوە و بە شێوەی جۆربەجۆر لە رۆژنامە، رادیۆ، تەلەوزیۆن و شەوی شیعردا بڵاو بوونەوە و بە گوێی زۆر کەس گەیشتوون. بەشێکی بەرچاو بەدەنگی گۆرانیبێژ و هونەرمەندی کوردی کراون بە گۆرانی، بە مەقام یان سروود.

دەبێ بڵێم کە ئەم دیوانە هەمووی شیعرەکانی من نین. وام بەباش زانی کە هەڵبژاردەیەک لە سەرجەمی شیعرەکانی هەتا ئێستام بڵاو بکەمەوە. لەوانەیە لە داهاتوو دا کە هیوادارم زۆر نەخایەنێ و تەمەنیش مەودام بدا، بەشێکی تر لەو شیعرانەی کە ئەمجارە بڵاوم نەکردوونەتەوە، بگونجێنم.

لە رووی شیعرەکانەوە خوێنەر دەتوانێ بە شوێن هەودا دەزووی ژیانی مندا، لەتەکمدا هەتا ئەمرۆ بێت. ئەمرۆ نەورۆزی ٢٠١١ ە و لەم نەورۆزەش دا بوومە پەنجا ساڵ. پەنجا ساڵ لەوەوپێش لە ئاواییەکی بچوک و ساکارا بە نێوی شندرە. سەر بە گەورەکی ناوچەی سەردەشت لە دایک بووم.

لەبەرئەوەی سەر لە خۆم و شیعرەکانم و تۆش نەشێوێنم، بۆخۆم هیچ پێداچوونەوەیەکی زمانەوانی و ناوەڕۆکیم لە بەرهەمەکانی نێو دووتوێی ئەم دیوانەدا نەکردووە بەڵکو چەند هاوڕێ ئەو کارەیان کردووە. زۆرجار کە خۆم شیعرێکی قەدیمی ترم دەخوێنمەوە، حەزدەکەم لە هەندێک جێگادا بە جۆرێکی تر هەستی خۆم دەربڕیبا یان بە فۆڕمێکی تر دامرشتبا، بەڵام دەزانم ئەوە تەنها خۆزگەیەکی ئەمرۆییە! بە شیعرەکانم وەفادارم و زۆریشیان مەمنونم کە زۆر لەحزە وکاتی تاڵ و شیرینی ژیانی منیان تۆمار کردووە. بیست و شەش ساڵ لەوەوپێش من ئاوا باسی شیعرەکانی خۆم دەکەم.



**من نامەوێ شیعرەکانم**
**ڕازێنەرەوەی لاپەڕی گۆڤاری هەموو چینێک بن!**
**من نامەوێ شیعرەکانم**
**ئاهەنگی بەزمی هەر کۆڕ و**
**ڕەنگ دانەوەی گشت ژینێک بن!**
**من نامەوێ شیعرەکانم**
**لە ناو خارستانا دڕک و**
**لە گوڵزارانیشا گوڵ بن!**
**شیعری من زمانی باوەڕمن**
**دەبێ، دەبێ بە بیستنیان**
**هەژار شاد و زۆردار سڵ بن!**
**شیعریی من مۆسیقایەکن**
**بچنە بەزمی هەر گۆوەندێک**
**لە لایەک زۆر گەرم دەبێ**
**چۆپی کێشان و هەڵپەڕین،**
**لەو لاشەوە بە بێگومان**
**شایی تاقمێک دەبێ بەشین!**

ئەگەر ئەمرۆ ئەم شیعرەم گوتبایە هەرگیز پێم خۆش نەدەبوو کە شایی تاقمێک بکەم بە شین، بەڵام دەزانم ئەو سەردەمە ئەم شیعری زمانی ئیحساسی واقیعی من بووە.

من هەم هیوادارم و هەم بە تەمام کە من وتۆ جارێکی تر و لە دیوانێکی تردا بە یەک بگەیینەوە. بە پێشەکیەکی دوور و درێژ کە بە شێکی بەرچاوی ئاوڕدانەوەیەکی مێژووی دەبێ بەسەر ژیانی خۆم دا هەڵدەگرم بۆ ئەو وەختە.

هەتا ئەو دیدارە، ئەم کاتە و هەموو کاتێکت باش.

**ئەحمەد بازگر**
**سلێمانی**
**٢٠١١/٣/٢٧**

# شاعیرێک لەڕووناکی ئاودا

**ئەنوەر حسێن**

ئەوکاتەی ئەحمەد بازگر بڕیاریدا هەر ماوە ماوەیەک بەشێک لەشیعرەکان و سرودەکان و تەنانەت پەخشانەکانی خۆیم لەسویدەوە بۆ بنێرێ وتی؛ ئەنوەر من ئەم شتانەم بۆ تۆ دەنێرم ئازادبە چیان لێ دەکەی و گەر مردیشم بالای تۆ بن.

بێگومان وەکو ئەحمەد بازگر خۆی چۆن لوتفی کرد، ئەو هەموو سیقە و ئیعتیمادەی لەسەر من بێت. بۆیە گەر چی قەناعەتم وابوو. واشدەبێ کە ئەحمەد بازگر تازە لەوە دەرچوە گەر فیزیکیش بمرێت، بەڵام ئەو وەکو سەرمایەکی روحی و ئینسانی و بەهادار لای خەڵکی ئێران و کوردستانەکان ناسراوە و بۆ هەمیشە بە جاویدانی دەمێنێتەوە کە هیوادارم بۆ هەمیشە تەمەن درێژ بێت.

بۆیە دوای ئەو ئیمێڵەی واینوسیبوو بۆم، بڕیارمدا هەرچی چۆنێک بێت دیوانەکە چاک بکەین و چاپی بکەین، تا ئەوەی خەڵکی لەڕێگای رادیۆ و کۆڕ و کۆبونەوە و نەوار و گۆڤاری پێشەنگ و پێشڕەو و دەنگی شۆڕشی ئێران و کەناڵی ترەوە بیستویەتی و گوێی لێبوە و خوێندویەتیەوە لەساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان بەهۆی بێ ئیمکانیتەوە، لەئێستادا زۆربەی ئەو شیعر و بیرەوەری و ئازار و یادگاریانە لەڕێگای دیوانێکی قەشەنگەوە بخرێتە بەردەستیان.

لەراستیدا بێگومان جگە لەمانا و مەدلولی ئینسانی و شاعیرانەی شیعرەکانی ئەحمەد بازگر. دڵنیام ئەم دیوانە دەتوانێ بەشێک بێت لەمێژووی سێ دەیەی رابردوو، بەتایبەت شۆڕش و قوربانیدانی کوردستانی خۆرهەڵات.

زۆر لەمێژبوو دەمویست شیعرەکانی هاوڕێم ئەحمەد بازگر چاپ بکرێت و بە خوێنەرانی ئاشنا بێت. لەیادمە چەند ساڵ پێش ئێستا وا بڕیاربوو شیعرەکانم بۆ بنێرێت و منیش لە کوردستان بۆی چاپ بکەم، بەڵام دواتر بەهۆکاری فەنی کارەکە پەکی کەوت و نەکرا.

بەڵام من سووربووم لەسەر ئەوەی هەرچۆنێک بێت شیعرەکانی چاپبکرێت. ئەویش لوتفی نواند هەر هەفتەی چەند لە شیعرەکانی خۆی لەڕێگای ئیمێڵەوە بۆ دەناردم و تا



دواجار لەکاتی گەڕانەوەشیدا لە ئازاری ٢٠١١ بۆ سلێمانی بە یەکجاری پرۆژەی چاپکردنی دیوانی شیعرەکانیمان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، دیسانەوە سەرلەنوێ بەهەموو شیعرەکاندا چوومەوەو رێکمانخستن و لەگەڵ ستافێکی تایبەت (لوقمان رەئوف، هەرێم عوسمان، هاشم ئەمین، باوان عومەر، سۆما سالار، رەوەز سەعید) ئەرکی پێداچوونەوەو رێکخستن و دیزاینیمان تەواوکردوو ئەو کارەی کە دەبوو چەند ساڵ لەوەوپێش بیکەین دواجار بووە هەقیقەت و هیوادارم بەم کارەش توانیبێتم هەم خزمەتێکی بچووک بە ئەدەب و شیعری کوردی و هەم بە هاوڕێم ئەحمەد بازگر بکەم.

تەنهاو تەنها لەبەرئەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەسەر زار و زهنی زۆربەی خەڵکی کوردستانی عێراق و ئێرانن. زۆرجار شیعرەکانی پێش ناوی خۆی کەوتوون و ناسراون. کە ڕەنگە بەهۆی غەدری مێژوو و لە بارو زروفی سیاسی و خەباتی پێشمەرگانەی ئەوکاتەوە بووبێت.

زۆرن ئەوانەی شیعرەکانی "گۆمەشین، چۆن بۆت بدوێم، نەورۆزانە، مەیلی بێستان، زوڵفا، سروودی پێشمەرگەی کرێکارانین، یەکی ئایار، ئاڵای سوور" کە تا ئێستا لە زهنیاندایە، بەڵام ڕەنگە زۆریش هەبوون کە شاعیرەکەیان نەناسیوە یان حەزیانکردووە شاعیرو مێژوو و بەسەرهاتی شیعرەکان بزانن.

ئەحمەد بازگرو شیعرەکانی ڕەنگە لەزۆر شاعیری تر جیاوازترو تایبەتمەندتربێت، ئەو کە کوڕی کوردستانی خۆرهەڵاتە هەموو ژیانی خۆی لە خەباتی پێشمەرگانەو خەباتی چینایەتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منداڵان و خەباتی ئینسانی و هیومانیستی و لە تاراوگەو لە کوردستانی عێراق و هەندەران بردوەتەسەر.

هەرکەسێک شیعرەکانی ئەو دەخوێنێتەوە بە ئاسانی هەست بەو هەموو ئازارە ئینسانی و نەتەوەیی و چینایەتیە دەکات لە شیعرەکانیدا.

هەست بەو قوڵپانەی قورگی دەکات بۆ مەرگی زوڵفا و دوعا و کچان و ژنانی هاوشێوەی زوڵفاکان.

ئەحمەد بازگر لە شاعیرانی نەوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، لەمدیوو ئەودیو. خاوەنی ناسنامەو مۆرک و تایبەتمەندی خۆی بووە.

خاوەنی فیکرو ئایدیاو بۆچوونێک بووە کە لە خزمـەت ئینـسانیەت و مرۆڤایەتیـدا بـووە. بەتایبەتیش خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان

دەبێ ئەوەش بڵێم شیعر وەک یەکێک لەژانرە گرنگەکانی ئەدەب، پێ بەپێی ژانرەکـانی تر هەنگاوی گەورەی نـاوە، لـەو نێونەدەشـدا شیعری کـوردی پـشکی خـۆی هەیـەو توانیویەتی لەپاڵ سەدان دەقی ناوازەی دونیادا، شـوێن‌و جێگـەو پێگەیـەک بـۆ خـۆی بگرێت‌و شاعیرەکانی لەسەر تاسەری دونیادا بناسرێن.

ئەوەش شاراوە نییە، زۆر هەل و ڕێوشـوێن‌و بـوونی دەوڵـەت، بـۆ شـاعیری دونیـا، فاکتــەرو یارمەتیــدەر بــوون، تابــەزوویی بناســرێن‌و شــیعرو دیوانــەکانیان بــەدونیادا بڵاوبکرێنەوەو بەسەدان ڕەخنـەو لێکۆڵینـەوە لەمیدیاکانانـدا لەسـەریان بنوسـرێت، کـە بەداخەوە ئەمە تاسەردەمێک بۆ شاعیرو نووسەرو هونەرمەنـدانی کـورد زەحمـەت بـوو، ئەگەر چی هێشتاش ئەو فاکتەرانە بێ ڕێگر نین.

بـەڵام سـەرباری ئـەو هـەموو ڕێگریانـە، شـاعیری کـورد دەق‌و قەسـیدەی وای بەرهەمهێناوە کەهیچ کەسێکی ئاشنا بەشیعرو ویژدانی مرۆڤایـەتی ناتوانێـت سـەرنجی نەداتێ‌و دان بەو هەقیقەتەدا نەنێت کەداهێنانن.

بێگومان لە خۆرهەڵاتی کوردستانیشدا، دەیان شاعیری گەورەو باش هەڵکـەوتوون، کەخاوەنی قەسیدەی جوان‌و شیعری هاوچارخو گەورەن، بەڵام وەکو باسـمکرد، ڕەنگـە زۆر فاکتەر هەبن، ڕێگایان نەداوە، ئەو هەقیقەتە وەکو خۆی بناسرێت، ئەگەرچی شـیعر وەکو دڵۆپی ئاو وایە، بەتەنها درزێکی بەسـە بـۆ شـکاندنی تینویـەتی خـاک، بێگومـان ڕۆژێکیش دێ تینویەتی ئەو شیعرانە بشکێ کە بێ هەناسە جێماون.

ئەم هەوڵەی ئێمەش دەیەوێت دەربیجەیەکی بچووک بێت بـۆ ناسـاندنی بەشـێک لەشیعرەکانی ئەحمەد بازگر و هەوەڵەکانی لەکوردستانی ئێران، کە لەپاڵ سەدان دەنگی جدی‌و شیعریی پڕ بەگەروو هاوارن.

بۆیە ئەم دیوانە شیعریە بەشێکی پەیوەستە بەدەرخستنی هەوڵ‌و کۆششەکانی بازگر و بەشێکی پەیوەستە بەدەرخستنی تواناو قودرەتی ئەو بەسەر شیعردا، کە ڕەنگـە مێـژوو غەدری لێکردبێ.



من دەمەوێت لەڕێگای ئەم دیوانەوە ئێوە ئاشنابکەین بەبەشێک لەهەناسـەو شـیعرو ڕەنج‌و ماندووبونی ئەم شاعیرە، کە پڕە لەدەردو ڕەنج‌و ئازاری ئینسان‌و بەش مەینـەتان‌و سروشتی کوردستان‌و قسەکردن لەسەر چەوساندنەوەی ئینـسان‌و گەڕانـەوەی بـەهارو جوانیەکان بۆی قـسە لەسـەر ژن‌و سـتەم‌و بـێ مافەییـەکانی منـداڵان‌و دەردو ئـازاری کرێکاران‌و ئینسانی زەحمەتکێش‌و بەشمەینەت‌و بەدبەختی ئینسانی کورد، وەسـفکردنی سروشتی جوانی کوردستان، پانتایی شیعرەکانی ئەم شاعیرەی داگیرکردووە، ئەو قـسەی دڵی سـەدان لەکـچان‌و ژنـان‌و منـداڵانی کوردسـتان‌و ڕەنجـدەران‌و زەحمەتکێـشانیان کردووە.

بۆیە گەر بمانەوێت لەو ڕەنج‌و ئازارانە تێبگەین دەبـێ گـوێ لـەم شـاعیرە بگـرین‌و بەشیعرەکانی ئاشنابین.

ئەگەرچی ڕەنگە هێشتا ئەمە کۆی شیعر و سرودەکانی بازگر نەبن و لەداهاتودا شتی تازەشیان بێتە سەر

## شیعر و ژیان لەزمانی ئەحمەد بازگرەوە

**بازگر دەڵێ:**

من کوڕی دێم، ساڵی (١٣٤٠هەتاوی واتا ١٩٦٢) زاینی لەگونـدێکی ناوچـەی گـەورەکی سەردەشت لەدایکبووم ؛ (نـۆ) ساڵە بووم کەچوومە شار بۆ خوێنـدن، هـەر لەمنداڵیمـەوە نیـازێکی دەروونی و ڕۆحیم هەبوو کە تەنها شیعرو گۆرانی وەڵامیان پێ دەدایەوە، لەڕووی مۆسیقاوە تـەنها لەچوارچێوەی شمشاڵ معنا دەبووەوە. ساڵەکانی (١٣٥٥–١٣٥٦) لەڕێگای کتێبخانەی خزمێکمانـەوە، بەیارمەتی هاوڕێکانم دەرگای کتێبخانەی کوردیم لێکرایەوە و زوو ئاشنا بـووم بەشـیعری شـاعیرە کلاسیکیەکان و بگرە زۆر جار زۆربەی شیعری ئەو شاعیرانەم لەبەربوو.

ئەگەرچی لەگەڵ شیعری ئەو شاعیرانە هەستم بەناکۆکی دەروونـی دەکـرد، بـەڵام ئـەو ناکۆکیە زۆر ساکارتر و لاواز تر بوو کە نەهێڵێ زۆر بەرنامە لە کارەکەمدا گەڵاڵە بێت.

ئیتر هەر لەو سەردەمەوە خۆشم دەستم کرد بەشیعر وتـن، ئەگەرچـی سـادە بـوون و وەکـو یادگاری کۆن ئەرزشیان هەیە، بەڵام بەزمانێکی نامۆ دەدوێن، زمانێـک، کەدژایـەتی بـوو لەگـەڵ ژیان و واقیع.

ساڵانی (١٣٥٦–١٣٥٧) هەتاوی (١٩٧٨–١٩٧٩) زایینی من لاوێکی (١٧) ساڵانە بووم لەدبیرستان دەرسم دەخوێند. هەر ئەو کاتە من وەکو خوێندکارێک بەشداریمکرد تا شاعیرێک، کە پێشتر شیعری نوسیوە، ئەو دەورانە بۆ من قۆناغێکی نوێ بوو، ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر کردم .

هەروەها چەندین سرودم وتووە لەوانە سرودی پێشمەرگەی کرێکارانین (کە من و سلێمان قاسمیانی– کاکە– ) بەیەکەوە وتومانە، سرودەکانی بژی یەکی ئایار، منم ئاڵای سوری شۆڕشی نوێ دەشەکێنم، جگە لەشیعری گۆمەشین، ، گۆڕ غریب، نەورۆزانە، نامەیەک بۆ دایکم، مەیلی بێستان، چاوەڕوانی، زوڵفا، رانەهاتن، چۆن بۆت بدوێم".

هەروەها زۆربەی گۆرانی و سرودەکانم لەلایەن هونەرمەندانی وەک (کاڵێ، رەزازی، غولامی، بکری لەگزی و...)کراوەتە گۆرانی و سرود .

منیش دەبێ ئەوە بڵێم ؛ ئەحمەد بازگر یەکێکە لەشاعیرەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و ماوەی چەند ساڵ لەژیانی تاراوگە لەکوردستانی باشور ژیاوە و خەبات و چالاکی سیاسیانەی کردووەو خاوەنی دەیان شیعرو سرودی جوانە کە لەشوێنی جیاواز بڵاوکراونەتەوەو زۆربەی ئەو شیعرو سرودانە کراونەتە گۆرانی. هەروەها بازگر ئاشنایەتی زۆری لەگەڵ شاعیرانی وەک ( شێرکۆ بێکەس، محەمەد میسری، ناسری حیسامی، کاکە، نەکەرۆز، رێوار و چاوە) هەبووە — ساڵانی هەشتاکان بەهاوکاری چەند نوسەرو شاعیر گۆڤاری (پێشەنگ) یان دەردەکرد — ئەندامی هەیئەی ئیجرایی کانونی هونەرو ئەدەبیای کرێکاری پێشڕەو بووەو ئێستاش لەسوید دەژی.

**بازگر دەڵێ: "هەستم کرد دەبێ من شاعیری کرێکارو زەحمەتکێشان بم و دواتر زیاتر هێزی جەماوەرم ناسی. واتا ئەو شۆڕشە سەرەتای قۆناغێک بوو. لەجەریانی هەڵگیرساندنی شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، بۆیە پەیوەست بووم کە ڕەنگدانەوەی هەستو ئاواتی رەنجدەرانی کوردستان بوو".**

**من شیعری خۆم بەتەنها بەموڵکی خۆم نازانم! بەڵکو موڵکی رەنج و تێکۆشانی هەموانە. ئەوانەی دەنگ و رەنگ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانن.**

ئەگەرچی شیعرەکانی من تائێستا نەکراونەتە دیوان، بەڵام بەر لەهەر شتێک جاری وا هەبووە کەسێک داوای شیعری لێکردوم بۆم ناردوە، یان فلیمبەرداری کراوە یان لەرێگای جۆراو جۆرەوە گەیشتۆتە خەڵک و کرێکاران — هەروەها کانونی ئەدەب و هونەری کرێکاری کاسێتێکی بەدەنگی خۆم بڵاوکردۆتەوە جگە لەگۆڤاری پێشەنگ و رادیۆی دەنگی شۆڕش.



**هەروەها دەڵێ: "بەهەمانشێوە شیعر دەکرێت وەسیلەیەک بێ بۆ ژیانکردن و گێڕانەوەی سەر گوزشتەی ژیان و نەهامەتیەکان. قسەکردن بێت لەسەر ژیان و بەسەرهات، ئینسان و ستەم و چەوساندنەوەو بێمافی و ئەو ستەم و چەوساندنەوەی دەرحەق بەمرۆڤ دەکرێت"**

شیعر دەربڕینی ناخی ئینسانە بۆ باوەشکردن بەئازادیدا. شیعر نەئەوەیە هەمیشە قابیلی هاتن و نوسین بێت، نەقابیلی ئەوەیە بەبێ ئیلهام و هاندانێک دەربڕدرێ.

بەڵکو نوسینی شیعر، شکاندنی تینویەتی ئینسانێکی تینوە لەبیابانێکدا. کەتەنها جامێک ئاو دەتوانێت تینویەتی بشکێنێت. ئەگەر نا، ئەوەی تر ناچێتە قاڵبی شیعرەوە.

شیعر بۆ ئەو کەسە باشە، کەدەتوانێ بەڕاستی شیعر بڵێ و پەیوەست بێ بە گرنگی چەمکی شیعرو شیعریش بکاتە وەسیلەیەکی شیاوی ئەدەبی لەخزمەت ئینسان و ئازادی و ژیاندا.

بەم روونکردنەوەیەی سەرەوە، مەبەستمانە قسەیەکی کورت لەسەر شاعیرێک بکەین، کەتەنها شیعرەکانی دەتوانن بەخەڵکی بناسێنن و لەوێشەوە تێبگەین ئەم شاعیرە چۆن دەڕوانێتە ژیان، شۆڕش، ژن و سروشت، ئەو شیعری کردە بیانوویەک بۆ گێڕانەوەی نەهامەتیەکانی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان. بۆ منداڵانی بێماف و ژنانی چەوساوەو بەش مەینەت، ئەو پیادەی فەلسەفەیەکی دەکرد وەکو فەلسەفەی مانیهریزم و هەموو شیعرەکانی لەوێوە ئاراستە دەکرد. ئەو لەشیعرەکانیدا کارامەیەکی لێهاتوو بوو لەڕێی فۆرمۆلۆژیی و خوڵقاندنی فانتازیاوە. لەم بارەیەوە بادیقەت لەشیعری (گۆمەشین) بدەین و بزانین (ئەحمەد بازگر) چی دەڵێ:

**(( لەخۆبایی ئەی گۆمەشین**
**ڕەنگە بەوەی**
**شەپۆلەکانت بەگرمەو لرفە و هاوارو هەڕەشەن**
**گێژ دەخۆن و بەهەڵپە هەڵپ**
**خۆ بە دیواری هەرۆڵی شاخا دەدەن**
**بایی بووبی و ڕفاندبێتت ئەو هاوڕێی هاوسەنگەر..))**

لێرەدا شاعیر بەدەربڕینی هەستی خۆی بۆ هاوڕێیەکی ئازیزی، لەگەڵ دەریادا. مەنەلۆگێک لەناخی خۆیدا پێکدەهێنێت و دواتر ئەمە شکڵێکی دیالۆگ بەخۆوە دەگرێت لەگەڵ دەریادا. وێنەی

شەپۆلەکانی دەریا بەشێوەیەک دەکێشێ، هەموو ئینسانێک دەتوانێ ئەو حاڵەتە بێنێتە پـێش چـاوی خۆی، کەچۆمێک یـان رووبارێـک، چـۆن چـۆنی سەرکێـشی دەکـاتو شـەپۆلەکانی بەقـەدپاڵی شاخەکاندا دەدات، وەک ئەوەی تینوی خوێن بێتو بیەوێت ئازیزێکمان بخنکێنێت.

شاعیر دەیەوێت هەر لەسـەرەتای شـیعرەکەیەوە ئـەوەمان پێبڵێـت، کـە دەریـا کارەسـاتێکی خوڵقاندوەو هەبێ و نەبێت ئەو هاوڕێیەکی ڕفاندووەو مەرگێکی کردۆتە نسیب بۆ شاعیر.

تالەشوێنێکی تردا دەڵێت :

**((ئەی وەیشوومەی نەهات**

**بەس لەپێش چاوی گیاندارو پەلەوەری دەورووپشتت**

**خۆبایی کە**

**بەقاقای ڕەش**

**بەنێو چاوانی وا گرژت**

**ئاوازی دەلوشم، دەکوژم**

**بەس بخوێنە...))**

گرمەو لرفەی دەریا لای شاعیر، بۆتە قاقای پێکەنین، بـەڵام قاقایـەکی پاسـیف، کـە شـاعیر بەڕەش ناوی دەبات، لەکاتێکدا دەریا قابیلی پێکەنین نییە، بەڵام فانتازیای شاعیرو مەرگی نـاوەختی ئینسانێک چەندین وێنەی جوانی بۆ شیعر بەرهەمهێناوە.

شاعیر لەزمانی پاڵەوانی شیعرەکەوە دەڵێ:

**((مـــن کـــارگـــەرم، مـــن ڕەنـــجـــدەرم**

**من ئینسانی تێکۆشەری جەنگاوەرم ))**

کەسی قوربانی، کەسێکە پێـشمەرگە، بـەڵام کارگـەرو تێکۆشـەرە. لێـرەدا مەبەسـتمانە بڵـێم (مانیهەریزم) خودی پێکهاتەی شیعرەکەیە، شاعیر مەبەستیەتی بڵێ، جگە لـەوەی دەریـا کەسـێکی خنکاندووە، بەڵام ئەو کەسێکی کرێکارو زەحمەتکێشە.



بەواتایـەکی تـر تێکەهەڵێـشکردنی خـەباتی چـینایەتی کـە یەکێکـە لەپایـە سـەرەکییەکانی شـیعرەکانی(بـازگر) کـە دواتـر باسـی دەکـەین، بەئاشـکرا لەزۆربـەی شـیعرەکانیدا ڕەنگدانـەوەو مەوجودییەتی هەیە.

تالەبەشێکی تری شیعری ((گۆمەشین ))دا دەڵێ:

**((شەرت بێ وەها بتبەستمەوە**

**بەهەورازا، بـەنـشـێـوا**

**وێنەی ئەسپێکی دەستەمۆ**

**بـەدەشـت و دەرا**

**خـۆش ئاژۆ**

**وابـتبەم و بـتگێڕمەوە))**

دیسان لێکچوون، لەم شیعرەدا جێگەو شوێنی تایبەتی گرتووە، دەریای وەسفکردوە بەئەسـپ. بێگومان دەزانین کە ئەسپ. هەمیشە دەلالەتە بۆ هێزو تواناو ئازایەتی، بەڵام پێدەچێت شاعیر هەر بەئەنقەست ئەسپی هەڵبژاردبێ تابڵێ: ئەسپ بەو بەهێزیـەی خـۆی. بەرامبـەر بـەو کارەسـاتەی خوڵقاندویەتی دەیکەمە دەستەمۆو دەریاش ریسوا دەکەم.

لەم بارەیەوە (ئەحمەد بازگر) دەڵێ: (بە بڕوای من شیعری سەرکەوتوو، ئەو شـیعرەیە لەسـەر یەک مەوزوع دەدوێ، لە دەرونیا پوختەی دەکاو بەهەرەو هونەری شیعر چێژێکی ناسک و لـەتیفی بەبـەردا دەکـات و بەوشـەی پـاراو و ڕەنگـین لەچوارچـێوەیەکدا کـە شـیعر خـۆی دەدۆزێتـەوە دایدەرێژێ...)

بەم پێیە شاعیر لەشیعری گۆمەشیندا، جگە لەچەندین وێنـەو لێکـچوون و فانتازیـای جـوان، مانایەکی جوان دەخوڵقێنێ کە ئینسان واهەستدەکات ئەمە دیالۆگێکی واقعیە لەگـەڵ ئینـسانێکی شەڕانی و بکوژدا.

## چەمکی ئینساندۆستی و هیومانیستی لەشیعرەکانی بازگر-دا

لەسـەر ئـەم چـەمکە لەشـیعرەکانی (بـازگر)دا دەوەسـتین، تاباشـتر بەشـیعرەکان و مانـا و مەدلوولەکانی ئاشنا بین، لەم بارەیەوە ((گۆتـە)) دەڵـێ: " قـوڵایی و ڕەسـەنایەتی شـیعر تـەنیا لـە جەوهەرو ناوەرۆکە بەرزەکەیدایە".

بەو مانایە شیعرەکانی (بازگر) پڕن لەجەوهەرو نـاوەرۆک و ڕەنگـە هەرئـەوەش وایکردبـێ وا ڕەسەن و نەمرن.

لەسەرەتاوە وتم ؛ شیعرەکانی ئەم شاعیرە بۆ زۆربەی زۆری خەڵکی و تەنانەت بـۆ شـاعیران و ڕۆشنبیرانیش نامۆن، بەڵام ئەمەجگە لەوەی فاکتـەری تایبـەتی هەیـە، بەتایبـەتی کـە سـاڵانی هەشتاکان بۆ شاعیر سەردەمی گەشەی شیعری ئەو بووە، بـەڵام خـەباتی شـاخ و پێـشمەرگانەو بارودۆخی سیاسی پڕقەیرانی کوردستان مەجالی نەداوە شاعیر ڕێگای بۆ خۆشبێت، تازیاتر خۆی بە ڕۆشنبیران و خەڵکی بناسێنێت.

یەکێکی ترلەو شیعرانەی کەچەمکی ئینساندۆستی و گەورەیی مرۆڤ تێـدا دەگاتـە لووتکـەو بانگ لەگشت جیهان دەکات کە رابەرێکی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕو سەرکردەیەکی گەورە گیانی لەدەستداوە لەمبارەیەوە (بازگر)لەشیعری ((پڕ بەپڕی خۆشەویستی)) دا دەڵێت:

**((ئەی دورترین کرێ گرتەی ئەوپەڕ زەوی**
**ئەی هاوچینانی چەوساوەم**
**ئەی رەجاڵە ڕەش پێستەکەی**
**بە رۆژو شەو ...**

**تادەڵێت:**
**ئەی ئەو براو خوشکانەی وا**
**لەئەفریقا**
**لەناو مەعدەنی تەڵادا**
**زگ هەڵدەگوشن لەبرسا ...**
**تا دەڵێت:**
**وەرن لێرە**



**لەکوردستان**
**لەمەڵبەندێ کەوا ڕقمان**
**بۆتە وشە**
**لەبەر چاوی زۆر ئەبڵەق بووی**
**کرپارانی خوێن و ژینمان**
**پڕ بەجیهان دەنگ هەڵدەبڕن**
**گوێم لێبگرن)**[1]

**((بەو پێیەی وشە هەڵگری دەلالەتە، دەلالەتە بۆ هێما دەربڕین))**[2]

لەم شیعرەی شاعیردا هەستدەکرێت وشە، زیاد لەئاماژەو مانایەکی هەیە، ئەو پەیامێکی هەیـە لەم پەڕ تا ئەوپـەڕی دونیـا بـۆ هاوچـینەکانی بـۆ ئینـسانی زەحمـەتکێش تاپێیـان بڵێـت: ئـەی چەوساوەکان ئـەی ڕەشپێـست و کۆیلـەکان یـەکێک لەخۆشەویـستانمان یـەکێک لەڕابـەرانی پرۆلیتاریاو پێشەنگی خەباتی کرێکارانمان لەکوردسـتان لەدەسـتداوە، ئـەوە ڕادەگەیـەنێ، کـەمن لەکوردستانەوە پەیامێکم پێیە دژی ستەم و سەرمایە.

وەرن لەگەڵمان هاودەردی دەربڕن بۆ گیـان لەدەسـتدانی ڕابـەری کرێکـاران لەکوردسـتان. ئەوەندەی من دیقەتم لەشیعرەکانی (بازگر) داوەو بینیومە هەستدەکەم یەکەم شیعرە بۆ ڕابـەرێکی کرێکاری کۆمۆنیستی نوسیوە، ئەمەش دەلالەتە بۆ قەناعەتی تەواو بۆ دووخاڵ.

**یەکەم :** بەخەباتی پرۆلیتاریانـەی شـاعیر دژی سـتەم و سـەرمایە و بانگهێـشتی کرێکـارانی ئەفەریقاو کانەکانی ئینگلستان بۆ کوردستان، دەلالەتـە بـۆ پێکهێنـانی بەرەیـەکی شۆڕشـگێڕانەو جێبەجێکردنی مانیفێستی خەباتی ئینتەرناسیۆنالیزم لەسەر گۆی زەوی.

واتا دەلالەت لەسەر کارکردنی شاعیر، بەبـەردەوامی لەسـەر چـەمکی خـەباتی چینایەتی و پـشتیوانی لـەکرێکاران و زەحمەتکێـشان. کـە لەزۆربـەی شـیعرەکانی (بـازگر)دا ئـەم چـەمکە بەشێوەیەکی رەها ڕەنگیداوەتەوە، تەنانەت لەسرودە شۆڕشگێڕانەکەو کرێکارییەکانی وەک (یـەکی ئایار، من بەچەکم ئاڵای سوری شۆڕشی نوێ دەشەکێنم) ئەم دەربڕینـە بەئاشـکرا هەسـتی پـێ دەکرێت

**دووەم :** گەورەیی کەسی قوربانی کە شیعرەکەی بۆ نوسراوە، وای لەشاعیر کردوە ئەم هەستە زۆر بەئاشکرا بەجوانی دەرببڕێ، تائەو ڕادەیەی دەڵێ:

**((ئەم رۆژانە**
**ئێمەی دەریا**
**لەتریفەی مانگێک بێبەشکراین**
**مانگێکی ئاسایی نەبوو))**
**تا دەڵێ:**
**((ئەو مانگ نەبوو**
**مرۆڤێک بوو وەکو ئێمە، وەکو ئێوە...))**

**تا دەڵێ:**
**((ئەو لە مەرگ بەهێز تر بوو))**

شاعیر دەزانێ ئێتر مەرگێک هاتووەو گەڕانەوەی نییە و کۆستێکی گەورەی جێهێشتوە، یان دەیەوێت هەمان قسەی ((هاملێت)) بکات کە لەبارەی مەرگەوە دەڵێت: (مەرگ ئەو سەر زەمینەیە، سەرجەم ئەوانەی سەفەریان بۆ کرد لەکەنارکانیەوە نەگەڕانەتەوە)

بێگومان کەلتوری کۆمەڵگەی کوردستانیش بەدەر نییە لەو کەلتورە سوننەتیەی کە بەسەر هەموو کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی جیهانی سێ و سوننەتیەکاندا بالآدەستەو بەمشێوەیە چەمکی (مەرگ)یش، چەمکێکی مەترسیدارەو کاریگەری نێگەتیف لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگاو خودی ئینسانەکان دادەنێت. بۆیە ئەم شیعرەی (بازگر) بەدەر نییە لەچەمکی (مەرگ) یان (مەرگدۆست)، بەلآم بێگومان بەو فۆرمەی سەرەوە نا، بەڵکو لای شاعیر مەرگی قوربانی. مەرگێکی سوننەتی نییە. بەڵکو لەدەستدانی کەسێکە خۆی پێشەنگی تورهەڵدانی سوننەتە کۆنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستانە، لەناو چوارچێوەی کەلتوری کوردی و مەرگی ئەو کەلتورە نەماوەتەوە. بەڵکو ئەو کەسێتیەکی ئینتەرناسیۆنالە و دەیەوێت خودی ئینسانەکان لەدەست مەرگی سەرمایە رزگار بکات، بۆیە دەڵێ:

**(ئێمەی دەریا لەتریفەی مانگێک بێبەشکراین**



لێرەدا دیسان دەگەڕێینەوە سەر وێنەی شیعری لەم شیعرەی شاعیردا، شاعیر خۆی و ئێمەی چینی کرێکاران، بەدەریا دەشوبهێنێت و قوربانیش بەتریفەی مانگ.

دیقەت بدەن، وێنەیەکی چەند جوانە، کاتێک تریفەی تەنیایی مانگ دەنیشێتەوە سەر دەریاو وێنەیەکی ئارام و مەنگ دروست دەکات. تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت بڵێین، دەریا بۆتە ئاوێنەیەک و مانگ قژی لەبەر دادەهەێنێت.

بەلآم دواتر دەڵێ: (ئەو هەر مانگ نەبوو، بەڵکو ئەو مرۆڤێک بوو وەکو مانگ روناکی دەبەخشیەوەو سەر زەمینی روناک کردبۆوە. لەوەش مەزنتر ئەو مرۆڤ بوو).

دەکرێت لێرەدا لەحزەیەک ڕاوەستین لەسەر وشەی (دەریا). وشەی دەریا لەشیعری (گۆمەشین) و شیعری (پڕ بەپڕی خۆشەویستی) دوو دەلالەت و دوو مانای جیاوازی لەخۆگرتوە. یەکەمیان وەکو باسمانکرد.

دەریا دێوو درنجە و کارەساتی خوڵقاندوە و وەکو جەلاد وێنەی دەکات و تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە. بەلآم لێرەدا ڕێک بەپێچەوانەوە (دەریا) وەسفێکە بۆ جوانی و هێمنی و هاودەردی و خودی دەریاش (قوربانییە).

واتا (دەریا) جارێک (جەلادە) و جارێک (قوربانی) ئەمەش دەکرێت ئەوە بێت کە پێدەڵێن یاریکردن بەوشەو دۆزینەوەی وشە لەناو شوێنی تایبەتدا.

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەکۆتایی شیعرەکە بکەین، کەلەشوێنێکدا دەڵێ:

**((فێرمان دەکات**
**چۆن داڕێژین**
**بناغەکانی سۆسیالیزم))**
**تالەکۆتاییدا دەڵێ:**
**((بۆ هەمیشە**
**وەک ڕابەری پێشەنگمان، کۆمۆنیستی**
**هەموو کاتێ ))**

شاعیر چونکە خۆی کەسێکی ئینساندۆست و هیومانیستە، بانگ لە هەموو لایەک دەکات. قوربانی فێری، چەمکی، سۆسیالیزم و مارکیسزمان دەکات و دەڵێ ئەو ڕابەری کۆمۆنیستی بوو.

دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەئیدۆلۆژیەکی دیاریکراوەوەو شاعیر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەم میتۆدە فکریەوە. بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێ : مەرگ ناتوانێ ئەم ڕابەرەمان لێ ون بکات و مەبەستیەتی بڵێ ئەو خۆی مرد. بەڵام ئەو فێری کردین کە چۆن وەفادار بین بەسۆسیالیزم و مارکیسیزم و بۆیەشە وەکو ڕابەرێکی کۆمۆنیستی و جاویدانی پەیامەکانی دەمێنێتەوە.

لەکۆتایدا دەتوانین سەبارەت بەم شیعرەو ئایدیای(بازگر) بڵێین:

**" شاعیر لەرێگەی مەرگەوە دەیەوێت ژیان شەرح بکات"**

واتا شاعیر مەرگی کەسێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پێیوابووە پاڵەوانێکی گەورەو بێ وێنە لە کیس کرێکاران و زەحمەتکێشان چووە، بەڵام ئەو خاوەنی پەیامهایەکی گەورەو ئینسانیە، ماناکانی ژیان بەردەوام دەبن.

## (ژن لەشیعرەکانی بازگردا)

یەکێکی تر لەو بابەتانەی (بازگر) کاری لەسەر کردووە (ژن)ە، ژن لەناو شیعرەکانی بازگردا. جێگەو پێگەیەکی گەورەی پێداوە. ئەوەش بەو مانایەی ژن وەکو کائینێکی گەورە، وەکو شۆڕشگێڕو کرێکارو وەکو ئینسانی چەوساوە سەیرکراوە. لەمبارەیەوە ناکرێت کاریگەری ئیدۆلۆژیای مارکسیزم، وەکو مانیفێستی دیفاع لەژن‌و خەبات لەپێناو کۆمەڵگایەکی ئازادو بەرانبەر سەیر نەکرێت. بازگر چ وەکو کەسێکی مارکسیست، چ وەکو شۆڕشگێڕو شاعیر تێڕوانینی خۆی هەبووە لەسەر ژن. بۆ سەلماندنی ڕاستی قسەکانمان، لەمبارەیەوە لەشیعری ((زوڵفا))دا، کەساڵی (١٣٦٧) بۆ کچە زەحمەتکێشێکی ئاوایی بەردەسووری لەسوێسنێی سەردەشت نوسیوە. بەتاوانی ئەوەی بەو کەسە ڕازی نەبووە کە بەمنداڵی لێی مارەکرابوو بۆیە هەر بەدەستی ئەو کەسە کوژرا.

**"ئازیزە نەشمیلانەکە، زوڵفا**
**کێ وای لێ کردی، بڵێ کێ...؟**
**... بەڵام زوڵفا**
**بەسەرنجی**



**بەڕوانینی نیگا دەدوێ**
**"بابە، بابە: هۆ بابە گیان**
**مەپرسە لێم**
**هۆ بابە گیان لەسەر یادی**
**لەهەڕەتی گرۆگاڵما**
**کەبەگوڵینکەی دەسرازەی بێشکە ژێر دەبووم"**

**تادەڵێ:**

**"لەسەر یادی، هۆ بابە گیان**
**لەسەر یادی ئێوارەیەک**
**چۆن گەنە شینکەی چاو تۆپیوو**
**دەچێتە گوێی بەرخۆڵەوە**
**چۆن داڵانی فێرە کەلاک، قرژ دەبێ لەبارۆکە**
**چۆن گورگ‌و چەقەڵ‌و ڕێوی، خۆمەڵاس دەدەن بۆ نێچیر**
**هۆ بابە گیان، ئەم سەردەمە، ئەم کیژۆڵە بریندارەت**
**بەرخۆڵە بوو، بارۆکە بوو، نێچیرێکی بەسەزمان بوو.**
**گەر مەلای داڵ**
**گەنە شینکە**
**مەلای چەقەڵ**
**هاتە ماڵمان‌و بەشووی دام**
**ئەرێ دایە**
**ئەوکاتە بۆ ..."**

لەم شیعرەدا دیالۆگ، پێکهاتەی سەرەکیە، لەنێوان باوک‌و دایک‌و کچە کوژراوەکەیان (زوڵفا) (بازگر) جگە لەوەی لەم شیعرەدا دیفاع لەمەسەلەی ژن دەکات ریسواکردنی ئەو کەلتوورە سوننەتییە تەقلیدیەی کۆمەڵگای کوردستانە کە کچێک هێشتا لەسەر بێشکە مارە دەکرێت لەسەر دەستی مەلایەک.

(زوڵفا) هێشتا گەنجو کچێکی تازە پێگەیشتوو بوو. کە تووشی ئـەو کارەسـاتە دەبێـت لەسـەر دەستی مەلا. لێرەدا شاعیر ئەو سیفاتانەی دەداتە پاڵ مەلای گوند. کە سەببکاری ئەم قەتڵەیە.

(وشەکانی بازگر بێ رتشوون، گەرچی ئەمە عەیبێک نییە، بـەڵکو هەڵوێـستی ئـەو گەیانـدنی مەبەستو ئامانجە)

دەکرێت لەم بارەیەوە قـسەیەکی (داریـوش ئاشـوری) بکەینـە درێـژەی بابەتەکـەمان کـە سەبارەت بە سوهراب سپهری نوسیویەتیو دەڵێ: "شیعری سپهری گەرچـی ئـەو ڕووبـارە نییـە، بەڵام ئەو گۆمە بچوکەش نییە، جۆگەیەکە ئاوازی خۆی هەیـەو پێویـستە گـوێ بـۆ ئـەو ئـاوازە رادێرێن" ئەمە دەکرێت بۆ بازگریش ڕاست بێت. شیعرەکانی بازگر، بەتەنها جۆگەیەک نین. بـەڵکو گۆمێکی مەنگی بەر تیشکی خۆرەتاونو پـڕن لەماسـی زەردو سـوری پـڕ خـەیاڵو دەیانـەوێت لەجێگەیەک هەدادان نەدەنو هەموو سوچێکی دونیا تـەی کـەن، لـەپێناو گەیانـدنی پـەیامێکی ئینسانیو هیومانیستدا. هەر بۆیە ژن پاییەکی سەرەکی شیعرەکانی "بازگر" پێکدەهێنێت.

بازگرلە درێژەی شیعری زوڵفادا دەڵێ:

**"هەرجارەی دەستە خوشکێکـم**
**بەنابـەدڵی بـەشوودرابێ**
**لەرۆژی بــەبووک چونیدا**
**لەو دیــوو تـارای بووکەوە**
**ئاوەنگـی ئەسرینم دیـوە"**

شاعیر لەسەر زاری ((زوڵفا))ی کچو قوربانیدا، باس لەو بێ مافیـە دەکـات بەرامبـەر بـەژنانو کچانی ئەم وڵاتەو ژنانو کچان لەکوردستاندا بەتایبـەتی لەدەیـەی حـەفتاکانو هەشـتاکاندا کـە شیعرەکەی تێدا نوسراوە. رووبەروی سەدان کێشەو گرفت بوبونەوە. سیـستمی خێـڵو فئیـودال و عەشیرەتگەری تائێستاش لەکوردستان باڵادەستە ئەم کـەلتوورەش وایکـردووە لـەژنانو کـچان هەمیشە وەک پلە دوو سەیر بکرێنو لەسەر بێشکە مارە بکـرێنو ژن بـەژنو شـیربایيو گـەورە بەبچووک بکرێتە سوونەتو خودی (زوڵفا)ش قوربانی ئەو سیستمە خێڵەکیەیە.



بۆیە لەزمانی زوڵفاوە. پرۆتستۆی بەزۆر بەشودانی کردوەو دەیەوێت یەکێتیەکی پتـەو لـەنێوان ژنانو کچان دروستدەکاتو بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو حەسرەتەی کـە هـەموویان توشـی بـوونو زوڵفای قوربانی تەنها یەکەم کچ نییـە. بـەڵکو ئەسـرین بـۆ کـچان لـەدوو دیـووی پەنجـەرەوە هەڵڕشتوەو دواجـاریش خـۆی قوربـانی، ئـەو سـونەتەیە. بـەم شـێوەیە(ئەحمـەد بـازگر) بـاس لەمەسەلەیەک دەکات، کە بەهەزاران کچو ژنانی ئەم وڵاتە بەدەستیەوە گیرۆدەنو دەبنە قوربانی

تاکۆتایی شیعرەکە بەوە دێنێ:

**" سائەی پۆلی دەستە خوشکان**
**مژدە لێتان**
**کاول دەکرێت ئەو دڵانەی**
**دنیا لەبەروان کاولە"**

بەم شێوەیە، شاعیر ئەو کارەساتە بەکۆتایی دڵانی هاوشـێوەی تاوانبـار دێنــێو ئێتـر کاول دەبن دڵی ئەوان.

## گۆمە شین

پێت ناخنکێندرێم گۆمە شین!
لە خۆبایی ئەی گۆمە شین
ڕەنگە بەوەی شەپۆلەکانت
بە گرمە و لرفە و هاوار و هەڕەشەن،
گێژ دەخۆن و خۆ بەدیواری هەڕۆڵی شاخا دەدەن
بایی بوو بی و ڕفاندبێتت
ئەو هاوڕێی هاوسەنگەر،
ئەو ڕۆڵەی شیرین!
ئەی وەیشوومەی نەهات،
بەس لەبەر چاو گیاندار و پەلەوەری دەوروپشتت
خۆ بایی کە!
بە قاقای ڕەش، بە نێو چاوانی واگرژت
ئاوازی دەلووشم دەکوژم بەس بخوێنە!
وس بە تاوێک مەلوورێنە!
گوێڕادێرە
بزانە بە گژ کێدا هاتووی!
بمناسە و بە هەموو چۆمان و
بە دەریا و خەلیج و ڕۆخم بناسێنە!
لەمپەرەکەی دەریای دووکان،
کە پێش بە تۆ و چەند ڕووباری لە تۆ بەلرفەتر دەگریٚ



دەسکردمە!
ئەو کەشتیە مەزنانەی
هەزار شەپۆلی سەرکێشی تۆف دەشێلن،
دەسکردمە!
ئەو ئاگرەی کە دەیبینی ستەمکار هەڵدەقرچێنیٚ
دەسکردمە!
من کارگەرم، من ڕەنجدەرم،
من ئینسانی تێکۆشەری جەنگاوەرم!
پاش وەی سەری سەرکوتگەرم پانکردەوە،
ئەمجار دێمە سەرینی تۆی لەخۆبایی،
شەرتبیٚ وەها بتبەستمەوە،
بە هەورازا، بە نشێوا،
وێنەی ئەسپێکی دەستەمۆ،
بە دەشت و دەرا خۆش ئاژۆ،
وا بتبەم و بتگێڕمەوە،
لە بن هەموو دارێک، هەموو بنچکێکدا،
چۆک دابدەی، سوجدە ببەی،
بۆ دار، بۆ گولٚ، بۆ گەنم، بۆ ئاوەدانی!
دەستی ماندووم،
پڕ بکەی،
لە سەوزەڵانی، لە هەرزانی!
لەسەر دەرکەی،
خەیاڵی زیانە خرۆیی و خنکاندن و مالٚ وێرانی!

لەسەر دەرکەی،
ئەو بای سەری لە خۆباییت،
لەبەر پێمدا،
لەبەر پێی ئینسانی ڕەنجدەر،
کش و ماتی مەندی گۆمت،
لە ترسانا بلەرزێنی!
لەبەر دەست و دەسەڵاتی
منی داهێنەر، منی داهێنەری خوڵقێنەر،
سەری تەسلیم،
چاوی ڕێز گرتن و تەعزیم،
دانەوێنی!

هاوینی ١٣٦٢
کارگێ



## یادێک

لەوانەیە تۆ وانەبی!
من کەسێکم
جاری وایە،
بەرەو ژیانی داهاتوو،
گیانم وزەی پێ نامینێ!
ئاسۆی هیوام بزر دەبێ و
هەموو ڕەنگێک
لە پێش چاوم ڕەش دەنوینێ!
جاری وایە،
دوو شک دەبم
لەو شتانەی،
نیوەی عومرم بۆم پیرۆز بوون،
وشەی عەشق،
جاری وایە نام بزوینێ!
جاری وایە،
لە دڵما زریان هەڵدەکا،
ژین لە ئەوین بەتاڵ دەبێ و
بێ وەفایی
بێ هیچ شەرمێک
لێو لە وەفا دەقرتینێ!

ئەم جارانە لە ژیانم دا،
نای شارمەوە،
ژمارەیان،
هێشتا نەگەیونە پەنجەی دەست.
ئیمشەوم لەو شەوانەیە!
کە گیانم نیوە وزەی دی،
کە وشەی عەشق
مەفهوومێکی بێگانەیە!
کە لە دڵ دا،
گیژەڵووکەیە، باکوتەیە،
خۆشەویستی ئەفسانەیە!
ئیمشەوم لەو شەوانەیە!
وا هەست دەکەم،
دڵ تامەزرۆی،
سروەی ئەوینە ڕایژێنێ!
چ شەوێکی کەس نەبینە
کە ڕیزە چرای
سەر شەقامی ئەوبەر ماڵمان،
شۆقیان،
هەنگاویک بڕ ناکا و
مژێک،
هێزی چاویانی سڕ کردووە!
مژێکی پڕ،



هەر لە چەشنی
دووکەڵی پەرژینە ڕەزی،
بیرەوەریەکانی
نەهێندە زۆر لەمێژی من،
هەموو خانووی ئەم گەڕەکەی،
لە خۆدا پشووبڕ کردوە!
ئەم جارانە، ئەم شەوانە،
ڕابوردوم هێزم دەداتێ و
لە ناو دنیای پیرۆزی دا،
سکڵی عەشق دەگەشێتەوە!
ئەم جارانە،
لە لانکەی خاتراتم دا
تۆفانی دڵ
ئەهوەن دەبێ و
دەرگای ژیان
لە داهاتووم دەکرێتەوە!

دیسان ئیمشەو،
وادەیەتی،
خەیاڵ لە شەقەی باڵی دا و
بڕوا لەسەر
دەریای ئەوینی ڕابوردووم
لەنگەر بگرێ!

دیسان ئیمشەو،
وادەیەتی،
دڵم لویچ لویچ،
عەشق هەڵێنجیٚ و
هەر لە چەشنی جاری جاران
خۆشەویستیم بەرز بفڕیٚ!
لە گەلٚ تۆمە
ئەی ئاشنای یەک جار دیتووم،
کە لێفەی مناڵەکانت
دەکردە ڕاخەری،
میوانانی نیوە شەوت!
لەگەلٚ تۆمە
ئەی ئەو دایکەی
کە گەرمای مالٚ و ئەوینت
لەسەر دابەشدەکردین و
لە خۆتت دەشێواند خەوت!
لە گەلٚ تۆمە
ئەی ئەو دایکەی
کە بە شاهیدی ئەم شیعرەم
زۆر لە شیعر گەورەتری!
ئەی ئەو کەسەی،
قرمەت دەخستە پشتی خەم!
کە تۆم دەدی،



ترسم موورەغەی لەت دەبوو،
لە تروسکەی چاوانتەوە،
ئاژینت دەکردە وزەم
هەستی بەرزی خۆڕاگری!
داخ بە جەرگم،
کە ئەو وەخت،
نەمدەزانی،
تۆ بۆ ئێمە چەند مەزن بووی!
تۆ پێم ناڵێی؟
چۆن دەسازان،
کڵپەی شۆڕشی دەرونت و
بە ڕوخساریش وا هێمن بووی!
لەگەلٚ تۆمە
ئەی ئەو کەسەی،
حەسرەتت خست بووە دڵی خۆر،
بۆ وەی جارێک
بەیانی یەک،
بەر لە تۆ چاوی هەڵبێنیٚ!
ئەی ئەو کەسەی
کە تریفەی مانگ،
هەستی غرووری دەبزوی
کە فێنکاییت پێدەبەخشی و
لە باوەشیا دەتخەوێنیٚ!

لە گەڵ تۆمە
ئەی ئەو کەسەی
بۆ تێشووی مناڵەکانت
قەف دەکەوتە پشتی ڕاستت،
خشتت دەبڕی!
قەدی شاخت تەختدەکرد،
بۆ نانی ڕێگەی شەوڕەوم،

زەویت دەدڕی!
مناڵەکان!
ئەوا بۆ جارێکی تریش
مەزرای ژاکاوی شیعری من،
هەر بەئێوە سەر سەوز دەبێ!

ئێوە ڕایەڵی ئەوینن،
بۆ پۆی دڵی لە کوڵی من!
من ژانێکە و
زۆر لە مێژە لە ئیحساسم دا دەی کێشم:
"گوێی جیهان کەڕە لە حەنای
پەیامی خۆشەویستیتان
ئەو دەمانەی کە دەپشکوێ
نەغمەی پاکی تریقەتان!
گوێی جیهان کەڕە لە حەنای



هاواری پڕ لە نەفرەتتان
ئەو دەمانەی
مەدرەسەتان لێدەکەنە
فرمێسک و خوێن و گۆڕستان!"
ئیمشەوم لەو شەوانەیە
دڵخۆش دەبمەوە بە ژیان و
وزە دێتەوە بەرەبەیانم!
سڵاوتان لێ خۆشەویستانی
دنیای بیرەوەریەکانم!
بڵێی خۆتان ئاگادار بن،
عەشقی ئێوە
چەند پیرۆزە،
ژەنگ ناگری و
هیوای دایەوە بە ژیانم!

١٩٩٥/٢/٨
یۆتەبۆری

# تەق تەقیلە

وەک کارمامزێکی ڕەزا سووک
هەڵبەزینی
ڕەنگی حەساوەیی و تێری پێوە دیار بوو
ئەو مناڵە خوێن شیرینەی
لە پشت سەرم
تەق تەقیلەی تەقاندەوە!
سەرمهەڵبڕی
لەوبەرمەوە قاقا بە من پێدەکەنی
لەبەر ئەوەی ڕاچڵەکی بووم!
لەوانەیە پێی سەیر با
ئەگەر گوتبام
من بە درێژایی عومری ئەو
بە دەنگی تەقە هەستاوم
لە گەڵ تەقە ڕووبەڕوو بووم
لە ناو تەق و تۆقا خەوتووم
کەچی هێشتا
بە دەنگەکەی ڕانەهاتووم!

١٩٩٢/١/٢١
یۆتەبۆری



# چۆن بۆت بدوێم

شەو درەنگە و
تازە ئاشنا،
بۆم دژوارە، ئێجگار دژوار
ئەو چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە
کە لەمێژە
ئەمڕۆ بە سبەی پێ دەکەم!

وشەکانی ئەم چیرۆکە
وەکو ماسی لووسی بن گۆم
لەدەستمدا هەڵدەخلیسکێن!
وشەکانی ئەم چیرۆکە
کۆترە شینکەن
ماڵی نابن و
لە قەڵبەزی وەسفەکانمدا ناحەجمێن!
شەو درەنگە و تازە ئاشنا
یەکەم جارە
ئەم شاعیرە
بۆی دژوارە لەخۆی بدوێ!
یەکەم جارە
وشە لێم سرک و عاسی بێ و

بەسەر زمانمەوە نەپشکوێ!
تازە ئاشنا!
نیگەرانم
بە هۆی وشەی ناڕەسەن و
گرێ گرێ
دڵی چیرۆکەکانم بریندار بێ!
زۆر دەترسم
دەستنەکەون ئەو وشانەی
کە نەهێڵن
باڵای ڕێکیان خێچ و خوار بێ!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
دنیای چیرۆکەکانی من
زۆر نامۆیە و
لە ناو خەیاڵی لەتیفی
تۆی دڵ ناسکا ناگونجێ!
دنیای چیرۆکەکانی من
ڕەق و تەقە و زبر دەدوێ!
پەڵە بارانی ناو دنیای
چیرۆکەکانی من
ئەو بلوورە قاڵ بۆوە نییە
تازە ئاشنا کە تۆ
لە پشت پەنجەرەی ماڵەکەت



چاوی حەزی پێهەڵێنی!
کڕێوە بەفری
چیرۆکەکانی من
ئەو سپی ئاوریشمە نییە
لەسەر ئاسمانی شارەکەت
دەستی سروشت ڕایوەشێنێ
توێ توێ بکەوێ و
باوەشی خۆی تێوەرێنی!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
ئاخر خۆ تۆ
تاقە جارێک
لە بێشەڵانی گەسگەسکا
ماندویەتیت دەرنەکردوە!
بەسەر پەنجە
پۆلە دڕووت لانەداوە و
لەناو ویزەی مێشوولەدا
بۆی نەخەوتووی!
تاقە جارێک
شەو درەنگان
هەورازی دوورت نەبڕیوە و
پەلە دەوەن
پەنجەی لەجاوت نەکوتاوە و

له بەفری تەپلەک نەکەوتووی!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
ئاخر خۆ تۆ
تاقە جارێک
چۆڕاوگەی لێڵی گوێسوانان
بە پشت ملتا نەچوەتە خوار!
تاقە جارێک
ناچار نەبووی
لە ناو شەوی ئەنگوستە چاو
هەست و خوستی لە خۆت ببڕی
بێچرپە بڕۆی
لێت یاغی بێ
خشەی کەڕەگەڵی نزار!
تاقە جارێک
نێو چاوانت
لە سەرداران نەکوتاوە!
تاقە جارێک
قەوزەی شینی
سەر گۆمیلکەی بۆگەن کردوو
لە ناو گەرووت نەگیراوە!
ئاخر خۆ تۆ
تاقە جارێک



لە ناو گەرووی
دۆڵ و زندۆڵی لاپەڕ و
شاخ و تەلانی هەڵدیر و
دارستانی چڕ و پڕدا
هەڵە نەچووی و ون نەبووی!
یان خۆ جارێک
هەڵپەی سەرشێتی سێڵاوی
کوێرە شیوێکی لاتەریک
بەری ڕێگەی پێنەگرتووی!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
هێشتا گوێی تۆ
بە مۆسیقای لاواندنەوەی
دایکی ڕۆڵە جوانەمەرگا
ڕانەهاتوە!
تاقە جارێک
لەگەڵ هاتنە دنیای
کۆرپەیەکی باوک شەهید
تەزووت بەلەش دا نەهاتوە!
تازە ئاشنا
تاقە جارێک خۆدڵی تۆ
بە کسکەی گوللە و گرمەی تۆپ
لە ناکاو دانەچڵەکیوە!

هەرەس هێنانی بێڕەحمی
قامەتی خۆشەویستانت
قەت بەچاوی خۆت نەدیوە!
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
لە ناو دنیای
چیرۆکەکانمدا
لە ناو میحرابی مزگەوتا
خۆشەویستی لەدار دەدرێ!
لە قوڕاوچکەی منارەوە
شەوەزەنگە، مەرگە
لە جاڕ دەدرێ!
شەو درەنگە تازە ئاشنا
ئەگەر ئەم جارە هاتیەوە
دەتکەم بە میوانی
قارەمانی
چیرۆکەکانی خۆم
ئەو کەسانەی لە عەشق دەدوێن!
ئەو عەشقانەی
گوڵی ژیان
لە سای وانەوە دەپشکوێن!
ئەگەر ئەمشەو
بەهۆی ئەم شیعرە لاڵەوە



لە چاوت زا دڵۆپی ئەسرین
ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
دەستت دەنێمە نێو دەستی
قارەمانی چیرۆکێکم
گۆرانی بڵێ
دەنگ هەڵبڕە
با ئاژین بێتە سەر لێوت
تریقەی بەتینی پێکەنین!
ئەگەر ئەمجارە هاتیەوە
ئیتر ناڵێم:
چۆن بۆت بدوێم تازە ئاشنا
چۆن بۆت بدوێم؟
تۆ دانیشە
ڕاست و ڕەوان
منیش دەدوێم!

١٩٩٢/٢/٢٧
یۆتەبۆری

## زوڵفا

کاتی پەنجەی ڕەشی تاوان،
لەسەر پیتکەی چەک ترازا و
گلا ئاڵای باڵای زوڵفا!
یەکەم کەس دایک و باوکی بوون
دەرگایان خستە سەر پشت و
چوونە سەر جەستەی نیوەگیان!
دایک لە باوک،
باوک لە دایک زیاتر
هەردوو وەک یەک حەبەسا بوون!
نەیانزانی
بەکام تەقەڵی هەنگاوە
گەیشتنە ئەو گۆمی خوێنەی
ڕۆڵە جگەرگۆشەکەیان
ئارام تێیدا ئۆقرەی گرتبوو!
لە برینەکانی زوڵفاوە
وەک پلوسکی کانییە بەر ماڵان
خوێن هەڵدەچوو!
بەڵام هێشتا ڕەشینکی چاوە گەشەکەی
دەتروسکان!
لە چاوی دایک و باوکدا



فرمێسکەکان قەتیس مابوون!
پەنجەی دایک
بەحاستەم چوو،
چەپکە بسکی ئاڵۆزکاوی قژی زوڵفای
لەسەر روومەتی وەلادا!
دەستە زبرەکانی باوک
خزانە سەر گۆنای زەردی و،
لە پڕانێک
لە قوڵپی گریانیاندا!
بەدەم شیوەنی گەرمەوە
چاویان بڕیە چاوەکانی و
دابڕ دابڕ لەبانگیاندا:
"کیژە جوانەکەمان زوڵفا!
کێ وای لێکردی بڵێ کێ؟"
لێوە تەنکەکانی زوڵفا
گوڵەهەناری
تاوێک لەمەوبەر نەمابوون
دەتگوت پەلکی گەزیزەن و
بەخۆرەتاو ڕەق هەڵاتوون!
لەناو سۆزی شیوەنەوە
دیسان پرسیار:
"ئازیزە نەشمیلانەکە زوڵفا!
کێ وای لێکردی بڵێ کێ؟"

هەرچی کردی
دەنگ لەگەروویدا حەپەسا!
بەڵام زوڵفا
بە سەرنجی
بە ڕوانینی نیگای دەدوێ:
"بابە! بابە! هۆ بابە گیان!
مەپرسە لێم
کەوەڵامی ئەم پرسیارە
کوا بەنیگا دەدرێتەوە؟
هۆبابەگیان! لەسەر یادی
لەهەڕەتی گڕوگاڵما
کە بەگوڵینکەی
دەسرازەی بێشکە ژێردەبووم!
کە لەپشیلە بۆر دەتۆرام
ئاشت دەبوومەوە
زویر دەبووم!
لەسەریادی
هۆ بابەگیان لەسەریادی
ئێوارەیەک،
چۆن گەنەشینکەی چاوتۆپیو
دەچێتە گوێی بەرخۆلەوە،
چۆن داڵاشی فیرە کەلاک
قرژ دەبێ لەبارۆکە،



چۆن گورگ و چەقەڵ و ڕێوی
خۆ مەڵاس دەدەن بۆ نێچیر،
هۆبابەگیان! ئەو سەردەمە
ئەم کیژۆڵە بریندارەت
بەرخۆلە بوو،
بارۆکە بوو،
نێچیرێکی بەستەزمان بوو،
گەر مەلای داڵ،
گەنەشینکە،
مەلای چەقەڵ
هاتەماڵمان و بەشوویدام!
ئەرێ دایە!
هۆ دایەگیان!
ئەو کاتە بۆ؟
وەختی ورتە ورتی مەلا
کۆرپەی لەباوەش دەڕفاندی،
ڕات نەکردە مەندیلەکەی
بیکەیتە داوەڵی شڕی
مەل تارینی نێو دێبەرمان!"
هەر هێندەی سیگار کێشانێک
لە گشت ماڵێکی نێودێوە
ژن و پیاو و
کچ و کوڕانی ئاوایی

لە خەڵفی شوشی خوێناوی
ئەو ئازارە کۆ بوونەوە!
منداڵە قاچ تۆزاویەکان
جار و بارە
نیگای وێڵیان
لەسەر فرمێسک و هەنسکی دایکەکان و
دەستەخوشکەکانی زوڵفا دەنیشتەوە،
جار و بارەش
لە کەلێنێکی تەسکەوە
گەلێ پرسیاری بێدەنگیان
تێکەڵ ئەو شینگایە دەکرد!
لە ناو گەرمەی شیوەنەوە
دیسان پرسیار،
پرسیار،
پرسیار!:
"کیژە جوانەکەمان زوڵفا
کێ وای لێکردی بڵێ کێ؟"
قوڕگی زوڵفا نیخەی لێ دێ
بەڵام زوڵفا
بە سەرنجی،
بەڕوانینی نیگای دەدوێ:
"بابە! بابە! هۆ بابەگیان!
لەسەر یادی هەموو ساڵێک



لەدێیەرەکەی بەرماڵمان
جێگای شەتڵمان خۆشدەکرد؟
بەو نیشانەی کە پێت دەگوتم
ئەگەر ئەمساڵ
تووتنەکەمان باش ڕەنیو بێ،
بەرجێژنانە،
کراسی شەرمینت بۆدەکڕم!
ئەرێ لەبیرتە بابەگیان
چەند بێزار بووی لە گیاکەڵەو
لەکاڕووش و هەرچی بژارە!
چونکو بژار
بێستانەکەی سیس دەکردین
چۆن گیاکەڵە
دەبووە مێمڵ لە تووتن و
نەیدەهێشت بەرزە باڵابێ!
ئەرێ لەبیرتە بابەگیان
کاڕووش لەکوێ با دەتبینی،
بژار لەکوێ با دەژاکا!
ئەی بۆ بابە؟
هۆ بابە گیان!
نەک هەر بە سێ مانگی هاوین
ساڵ دوازدەی مانگ
هەموو ساڵی بەم ڕۆژگارە

ئەم کیژۆڵەت
لەدەس بژار
لەدەس مڵە
باڵای نەدەکرد سیس دەبوو
تۆ نەتدەدی؟
لەکۆڕی دەستەخوشکان دا
ئەم بژارەمان ناو لێ نابوو
دەردی ژن بوون!
بەڵی بابە! هۆ بابە گیان!
دەردی ژن بوون
هەموو رۆژی
لەماڵەوە
لەنێو دیدا
وەک بار دەنیشتە سەر لێوم
دەبوو بەتەم لە چاومدا و
زەردی دەکرد گۆنای سێوم
هەر جارەی دەستەخوشکێکم
بەنابەدڵی بەشوو درابێ،
لەڕۆژی بەبووک چوونیدا
لەودیوی تارای سوورەوە
ئاونگی ئەسرینم دیوە
ئەو ئەسرینە
وەکوو خەنجەر



هەستی دەروونمی ڕووشاندوەو
ئەم کیژۆڵەت
دیسان دڵی دەکولایەوە!
هەر جارێکی
لەلای کچانی چیاوە
ئەو کچانەی
کۆڵوانەیان تووڕ هەڵداوەو
بە ڕەخت و چەک
ڕازاوەتەوە باڵایان
نامەی ئەوینم بۆهاتبێ،
ژیاومەتەوە
بەڵام کاتێ
نەم دەتوانی بیخوێنمەوە
جارێکی تر
دەردی ژن بوون
وەکو برینێکی خوێ کردوو
زاری ئێشی دەکرایەوە!"
دیسان پرسیار
پرسیار
پرسیار!
"غونچە پەڕ پەڕەکەم زوڵفا!
کێ وای لێکردی بڵێ کێ؟"
ئەم جارەیان نیگای زوڵفا

وەک فانۆسی دووکەڵ گرتوو
وەکو دەڵقی تۆز لێنیشتوو
وەک کوانوە پشکۆی دامردوو
بە ئاستەم دەترووسکایەوە
بەڵام ئێستاش
هەر بە سەرنج
بە ڕوانینی نیگای دەدوێ:
"ئەی پۆلی دەستە خوشکانم
ئەی ئەوانەی
ئێش و ژانی
دڵی ئەنجن ئەنجن بوومان
بەگوێچکەی یەکتر ئاشنایە
ئەم خوشکەتان
لە وڵاتیک بووە قوربانی
کە خۆشەویستی تاوانە!
بەڵام وا ئێستا زوڵفاتان
بە تاوانی خۆش‌نەویستن
جێتان دێڵێ!
بنووسنەوە
بۆ کچانی شاخ بنووسن
ئەو تاوانبارەی زوڵفای کوشت
بەسەر پردێکدا پەڕیەوە
چێوبەستەکەی



لە دەردی ژن‌بوون تەنرابوو
لێیان پرسن
ئەو پردە تاکەی ناڕوخێ؟
تاکەی ئەو پردە ناڕوخێ؟
زوڵفا ئیتر
دوا سەرنجی
بە شوێن هیچ کەسا ناگەڕێ
بەڵام ئەم دوا نیگایەشی
بێدەنگ نییە و هەروا دەدوێ:
"دەنگ دەبیستم
دەنگی کاروان
دەنگی قافڵەی خۆشەویستی
سا ئەی پۆلی دەستەخوشکان
مژدە لێتان
کاول دەکرێن ئەو دڵانەی
دنیا لەبەر وان کاولە!"

١٣٦٧/٩/٢٨
خەندەکی

## بۆ دوعا

ئەی دوعا جوانەمەرگەکە
ئەی خوشکە گچکە جوانەکە
بە چ زمانێک هاوارت کەم!
کامە قوڕگە
یان چەند و چەندین میلیۆن قوڕگ
بەرگەی نرکەی ژانت دەگرن!
کام پێوانە
یان سینگی پۆڵای
چەندەها میلیۆن تەرازوو
خۆ بۆ قورسی
پشووی خەمەکانت دەگرن!
کامە کێوە
یان چەند ملیۆن شاخی زەوی
کۆ ببنەوە
خۆیان لە بەر
سۆزەکەی گریانت دەگرن!
ئەی دوعا جوانەمەرگەکە
ئەی خوشکە گچکە جوانەکە
تۆ لای من و
بە ملیۆنانی وەک منا



پێناوێکی
زۆر مەزنی
بەرەو لوتکەی
بێگەرد و خەوشی سەربەستی!
تۆ چوویتە ناو
کاروانی ئەو شەهیدانەی
گیانیان بەخشی
لە پێناوی پیرۆزترین خۆشەویستی!

ئۆکتۆبری ٢٠٠٧

## بۆ نەورۆزی ٦٨

گوێم لە چرپەی پێی بەهارە
لەسەر تەرمی زستانەوە تێدەپەڕێ!
گوێم لە هەناسەی شەماڵە
بە سەر بەفری لووتکەکان و نێو دارستان دا دەگەڕێ!
بە نواڵەکەی ئەوبەرمەوە
بزەی گەزیزە دەبینم
بە کازیوەی یەکەم ڕۆژی ئەم بەهارە خەنی بووە!
بۆنی وەنەوشەجاڕی گوێ چەمە
مەستی مەستی عەتری بەهارانی کردووم!
گوێم لە چرپەی پێی بەهارە
لەسەر تەرمی زستانەوە تێدەپەڕێ!
هۆ پاساریە خنجیلەکە!
بەسەر ڕایەڵی دارتەلی شەقامەکانی شارەوە
بۆ وا بێ دەنگ هەڵکورماوی!؟
نەورۆزە و تۆش بەو بەرزەوە
بۆ وا کپ و دۆش داماوی!؟
کام دیمەنەیە دەنووکی لە جریوە جریو و گۆ خستی؟
ماتەم گرتووی هێلانەی ئەو چۆلەکانەی
لە گوێ سوانەی
ماڵە کورتە باڵاکانی قەراغ شار هەڵبەستراون؟



دەڵێی نەکا سێڵاو هەستێ و
ماڵ و هێلانە پێکەوە بەر لرفەی شەپۆلی کەون!
کام دیمەنەیە دەنووکی لە جریوە جریو و گۆ خستی؟
ماتەم گرتووی ئەو مناڵە چاوگەشانەی
گەر نەیان بیستوە نەورۆزە و
لە ناو زبڵدانی شارا
بە شوێن پاکەتە سیگار و سەرەپیپسی و دەنکە خورما دا دەگەڕێن!؟
نانا! ئەی پاساری‌یە خاڵ لەملەکەم،
بێدەنگ مەبە، بچریکێنە!
ئەگەر بۆ بەستەش داماوی
وەک من بڵێ:
گوێم لە چرپەی پێی بەهارە
لەسەر تەرمی زستانەوە تێدەپەڕێ!

١٣٦٧/١٢/٢٧ یان مارسی ١٩٨٨
خەندەکێ

## به یادی کاک فواد

له کام لاوه تێت ڕامێنم؟
کام گۆشەیە
باشترینە کە من
وێنەی تۆی تێدا ڕەسم کەم؟
ئەگەر شاخ بای
لە داوێنتا دادەنیشتم
یان ئامێزم
لە لوتکەکەت گرێدەدا!
ئەگەر شار بای
بە شەقامەکانتا دەڕۆیشتم
یان ماندووییم
لەبەر دەمتا فڕێدەدا!
ئەگەر نۆتەی
پڕ لە سیحری مۆسیقا بای
بە چاو نەدەکرا بتبینم
بە دەست نەدەکرا هەستت کەم
بەڵام لە ناو دڵما
جۆلانەم بۆ هەڵدەبەستی!
ئەگەر مانگ بای
چاوەڕوانی شەوی چاردەت دەبووم!



ئەگەر خۆر بای
دنیام لە بەر هەڵدەخستی!
گەر کانی بای
ئادرەسەکەت
نێو و شوێنتم
دەدا بە سەرجەم دەریاکان!
گەر هەوار بای
بۆ دەوارت خۆیان دەکوتا
گشت جادەکان، گشت ڕێگاکان!
ئەگەر، ئەگەر، ئەگەر....
نە شاخ، نە شار
نە نۆتەی پڕ لە سیحری مۆسیقا،
نە مانگ، نە خۆر
نە کانی نە هەوار،
هیچیان بە تەنیا تۆ نابن!
تۆ!
بە تەنیا هەموویانی!
تۆ فوادی!
تۆ داستانی بێ کۆتایی!
ئەوا ئێمە!
زیاتر لە سی ساڵە!
هەموو ڕۆژێ
بە شێوەیەک لە شێوەکان

دەبینەوە پەنابەرت و
لە بەردەمتا،
بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان دەگەڕێین!
تۆ فوادی و
ناوی فواد
زۆر لە مێژە
ئاژین بووەتە
نێو جوانترین و گەشترینی
لایەنەکانی ژیانەوە!
تۆ فوادی و ناوی فواد
زۆر لە مێژە
بووەتە ئاوێتەی
ناو پشووی
هەناسەکانی گیانەوە!
چۆن بانگت کەم؟
لە کوێوە دێی؟
تۆ پێم ناڵێی
ئەی لاوە سی و یەک ساڵەکەی
کەناری زرێبار
چۆن بوو کەوا
لە ماوەیەکی هێند کەما
تۆ فریای هێندە زۆر کەوتی؟
چۆن بوو کەوا



لە مەودایەکی هێند کورتا
تۆ هێندە بەرز سەرکەوتی؟
تۆ فوادی
لەلای ئێمە
لەلای نەوەکانی یەکێتی جووتیاران،
لەلای مناڵانی هێشتا لە دایک نەبووی
کۆچەکەی مەریوان
ئەوا زیاتر لە سی ساڵە
جێگەت هێشتا هەر بەتاڵە!
تۆ کاک فواد!
ئەتۆ نەک هەر
لە زومرەی ئازیزترین مردووەکانی!
بەڵکو ئێستاش
لە پێشەوەی گەورەترین زیندووەکانی!

٢٠٠٩/٠٨/٢٨
مۆلندال، سوێد

## ئێوارەیەک لە مێژووم دا

لەو وەختەوە،
ئێمە ببووینە میوانی
ئەو دۆڵە چۆڵ و حەستەمە!
لەو وەختەوە،
لە گەڵ بارگەی پێشمەرگەدا
ژیان ڕووی کردبووە ئەو دۆڵە!
لەو وەختەوە،
لقی شۆڕی دارەکەنی قەراغ ڕوبار
ببوونە سێبەری سەکۆی،
تازە سازکراوی پێشمەرگە!
لەو وەختەوە،
دوندی لووتکە خۆی مەڵاس دا بۆ چوارچمکی،
دۆشکەی فێرە قاقای ئەوین!
لەو وەختەوە،
بناری شاخ،
هەواری نوێی لێهەڵدرابوو،
ئەشکەوتەکان،
گیانیان لە دەروون گەڕابوو!
پەلەوەر گەڕابوونەوە
بۆ هێلانەی



تێک سرماو و هەڵوەشاوی یادگاری کۆن!
شنەی سروە و بسکی دارکەوت،
مژدەیان دەدا بە یەک و
گوڵ و گەڵا
بە کۆمەڵ دەکەوتنە سەما!
لەو وەختەوە،
ڕوبار تێگەی
لە ئاقاری باوی هەنگاوی ئێمە دا
شل و کولە و
قەوزی سەوزی فڕێدەدا!
چیای سەرکەشی ئەوبەریش
بە زریان دا
ڕای سپاردە کێوی قەندیل،
بە بەفراوی لووتکەی بڵێ،
ئەم بەهارە
لەم دۆڵەوە بڕژێتە خوار!
تا بزانێ
لەو کاتەوە قەندیل هەیە
ڕەوەز بە ڕەوەزی شاخی،
ڕەفەز بە ڕەفەزی دۆڵی
مەتەرێز بووە بۆ پێشمەرگە و
تا ئەم ڕادە نەیبینیوە
وەک ڕێبوارانی ئەم ساڵی،

ڕوخساری نوێ،
ئاکاری نوێ،
تفەنگی نوێ و
ئامانجی بەرز لە جەنگی نوێ!
بەڵێ دروست لەو وەختەوە
دەنگی ژیان
ڕەنگی ئەم مەڵبەندەی گۆڕی!
هەر بە تەنیا
جاڵ جاڵووکە باوی نەما و
هەرچی داوی تەنراوی بوو
نەما ئاسەواری تاری!
ئێوارەیەک،
لە پڕ ئاسمان ڕەش هەڵگەڕا!
هەوری چڵکن
گەواڵ، گەواڵ
پاڵیان ڕێک دا و
شۆڕابەیان داهێشتە سەر
هەموو ترۆپکی شاخەکان!
خۆر لەسەر کەل
بە پەلەپەل
گشت گزنگی خۆی هەڵوێزنێ و
شۆڕ بۆوە ئەو دیوی چیا!
شەو وەک شەوە



پەلی کێشایە ئەو دۆڵە!
هەر هێندەی چاوترووکانێک
بیست و سێ شاخ،
دایان بە چۆکی خۆیان دا!
بیست و سێ کانی وشک بوو،
لە پڕمەی گریانیان دا!
بیست و سێ شوێن لە عەرزی ڕەق
لە هەیبەتی
بیست و سێ تەرمی تازە دا
قرچە قرچیان کەوتە لەشی!
سۆزی گەرمی بیست و سێ شیعر
شیعری هێشتا لە دایک نەبوو،
دڕیان بە سینگی ئاسمان دا!
وردە شەپۆلی سەر ڕووبار
گشتیان ئارامیان لێبڕا و
شێت و سەرکەش،
بەردە لووساوکیان دەسمی!
ئاو هەڵدێر چووهەتا بن گۆم،
هەواڵی گەیاندە ماسی
بۆیە ئەویش،
پشت لە چەم و ڕوو لە ئاسمان،
پڕ بە ڕووبار فرمێسکی ڕشت!
دارەکانی قەراغ ڕووبار

که چاویان کەوت
بە بیست و سێ نسێی خەوتوو
چنگیان خستە ناو سەریان و
هەموو پرچیان ڕنینەوە!
پەڵە بە پەڵەی کووزەڵەش
کە هەستیان کرد،
ئیتر ناچنە ناو بابۆڵەی
ئێوارانەی، ئاشنایانی
بەهارەکەی ئەمساڵەوە،
بە پۆل ڕەگیان لەیەک ئاڵا و
گیانیان بەخشی!
گوڵەجاڕی ئەو بنارە
کە گوێ بیست بوون
ئیتر نابن بە میوانی
نێو لێوانی
سەر مێزی کار،
دڕوویان دا لە ڕوومەت و
سەریان ناوە!
سەوزەڵانی، وایدەزانی
ئیتر چی تر
بسکی ئاڵۆز و پەشێوی
ڕستە فیشەک شانەی ناکا
زەرد هەڵگەڕا و پشووبڕ بوو!



بەڵام هەیهات!
لە ناو هاژەی زریان و ڕەشەبای
ئەو ئێوارە ماتەمە دا
لە توێی دوو لێوی ساردبۆوەی
نەک دایکە پێشمەرگە،
پێشمەرگەی دایک،
فێنکایی پشووی هەناسە
ئوخژنی دەخستە گیانم!
لە گەڵ چک چکی سەعاتی
دەوری بیست و سێ مەچەکی سڕ
ئەو مەچەکە ئازیزانەی
لە مەو بەدوا قامکەکانیان
قەڵەمی شووش،
پیتکەی تفەنگ،
ڕاناموسن،
بەگوێی دڵم دەنگم دەبیست!
دەنگێکی وا
کە زەنگوڵەی بلاوێنێ
هەڵی دەکردە بای شەماڵ
هەرچی تەم بوو،
هەرچی مژ بوو، هەرچی خەم بوو
بەرەو هەڵدێری لەناو چوون تلی دەدا!
دەنگێکی وا

که سۆزی دنیا تاوێنی
دەبوو بە گڕ
هەر شیتاڵەی
هەورە بۆرەکەی ئاسمانی
بەرەو پەسێوێ ڕاوەنا و
تیشکی خۆری ئەخسیر دەکرد!
بە گوێی دڵم دەنگم دەبیست!
دڵی من لەو دڵانەیە،
نەک بە تەنی دەنگی دوێنێ و دەنگی ئێستا،
دەنگی سبەیش  ئەمڕۆ دەبیە!
دەنگەکەی ئەو ئێوارەیەش
دەنگی دواڕۆژی ڕەوتم بوو:
لە دەروونما هەموو جیهان ببوە نەغمە
ئەو جیهانەی
داری قەراغ هیچ ڕوبارێ
لە هەیبەتی
تەرمی ڕێبواری ژێر نسێی سەری نارنێ!
پەلکی وەریوی هیچ گوڵی،
لە خوێنی خۆیا ناگەوزێ!
سەوزەڵانی هیچ بنارێ
لە پێخوستی پۆل پۆلی دڵداران نامۆ نییە!
ئەو جیهانەی
فرمێسک باوی نەماوە و



بست بە بستی تریقەی قاقا و پێکەنینە!
ئەو ئێوارە بە گوێی دڵم دەنگم دەبیست!
لە قەفەسەی هەزاران کتێبخانەوە
لە ناو دێڕی هەزاران کتێب
کتێبی ئەستوور کە نەسرەوتن
لە ناویاندا شەپۆل دەدا!
لە دەربیجەی
سەدان چیرۆکی عەشقەقەوە
لە هەزاران
گەرووی بە مەڵحەمی خۆشەویستی سارێژ بۆوە،
دەنگی عەشقێکی زۆر پیرۆز
لە دڵما دەلەرایەوە:
" لەسەردەمێک
داسی مەرگ
گەڕەک، گەڕەک گەوزی دەگرت لە سەر و ملی نیوە گیان
زۆر گەردنی بەرز هەبوون
داسی مەرگیان پێڕانەگا!
لە سەردەمێک،
ئامێزی دایک دەبوو بە گۆڕیچەی ساوا
ئامێزی زۆر دایک هەبوو
لە حەنایان
دێوەزمەی مەرگ زراوی دەچوو!
لە سەردەمێک،

ڕەشەبای نەهاتی و ستەم
سەری هەموو دارستانی
بەودیو دا شۆڕ دەکردەوە،
زۆر نەمامی قایم هەبوون
پەلیان دەکرد بە ناو چاویا و
ڕەشە بایان لە گۆ دەخست!
لە سەردەمێک،
کۆشکی ئازار،
خشت بە خشتی بە ژان و ئارەق دەچوە سەر،
زۆر مەچەکی خڕ و پڕ بوون
لە بێخەوە بنکۆڵی بکەن!"
سا ئەی دەنگە دڵگرەکە
لە دەروونما بزرینگێوە!
تۆ لای‌لایەی شەوانی کڕێوەی زستانی
منالێ بوونم
لە سەر ئامێزی دایکم نی
چاوی خەواڵوم لێکبنێی!
مۆسیقایەکی ئارام نی
بە بیستنت ئۆقرە بگرم!
تۆ دڵبەرمی
منیش دڵدارێکی شەیدات!
هەتا زیاتر بێیە بەرگوێم
ئارامم زیاتر لێدەبڕێ!



تا زولاڵتر تۆ دەبیسم
زیاتر خەو لە چاوم دەزڕێ!
سا ئەی دەنگە دڵگرەکە!
با ڕێگا هەوراز و کووڕ بێ،
با شەو سڕ بێ،
دنیا کڕ بێ!
ئەو جیهانەی تۆی لێوە دێی
دڵبەری هەموو ساتێکمە!
کوانێ باڵای بیگرمە کۆڵ؟
کوا ئامێزی بمگرێتە خۆ؟

گوڵانی ١٣٦٧ یان بەهاری ١٩٨٨
سلێمانی

لە یادی هاوڕێیانی شەهیدی ئێوارەی ٥ی گوڵانی بۆمبارانی کیمیایی دوڵی بۆتێ بە دەست حکومەتی بەعس.

## دیسان یادێک

گوند لە ژێر تریفەی تەزیوی
مانگە شەوی
ئەم پاییزە پیر بووە دا
چاوی لێکناوە و خەوتووە!
نە سروەیەک،
نە خشەیەک،
نە چرپەیەک،
وەک تەبیعەت
چما هەستی ڕاگرتبێ،
جووڵە لە جووڵە کەوتووە!
تەنیا ناو ناو
قرووسکەی خەواڵووی بەژدارێک
لە گەڵ قڵپە قڵپی ئاوی
کانییەکی پلووسک تێگیراو
بە حاستەمێک
خەوی قورسی شەو دەزڕێنێ!
تەنیا جار جار
گمە گمی
ڕیزە کۆترێکی ماڵی بووی،
لە تەقڵە کەوتووی هەڵنیشتووی



ناو هێلانەی ژێر گوێ سوانێک
بۆ لەحزەیەک،
ڕوخساری شەو دەشەمزێنێ!
شەوە!
پاییزە!
سەرمایە!
لە نێو پرچی
نیوە هەڵوەریوی
پیرە دارگوێزێکی
ڕەگ لە زەوی گیرکردووە
هەودا تریفێکی مانگە شەو
دەستی نیازی
ڕاکێشاوەتە نێو ژوور و
سەری کردووەتە سەر پشتی
ئەو لێفەیەی
لە ژێری دا
چوار منالْ پرخەی خەویان دێ!
ئێمە دیسان
میوانانی
شەوگارانی درەنگ وەختین!
ئێمە دیسان
ڕێ بڕانی شەو بێدار و
هەڵگرانی چەک و ڕەختین!

مناڵ! مناڵ!
ئەی بێتاوانە گچکەکان!
دیسان شیعرم،
باڵیگرت و
فڕییە ناو دڵی تابڵێی
سادە و ساویلکانە و ڕوونتان!
دیسان دنیام
بووژایەوە
کە هەستدەکەم
بە هەبوونتان!
من لەو شەوە،
لەو پاییزە،
لەو سەرمایە،
تەنیا خاترێکی لێڵی
"هەروەک لەبیر چووبێتەوەم"
لەبیر ماوە!
بەڵام،
من لەو شەوە،
لەو پاییزە،
لەو سەرمایە،
تابڵۆی خەوی
پڕ لە خەونی
ئەو چوار مناڵە مەعسوومەم



لە سەر هەستم
سەر ئیحساسم،
لەسەر دڵم هەڵکەنراوە!
دەنگی قرچە قرچی ڕۆنی
نێو تاویلکەی
سەر پۆلە پشکۆی سوور
لە نێو ئاگردانی ماڵدا
هێشتا دوای ئەو گشتە ساڵە
چڕنووکی بەسەر دڵمەوە و
هەر لەبیرم ناچێتەوە!
دەمگوت نەکا،
دەڵێم نەکا،
ئەو چوار جوانکیلە گچکەیە
بۆ شێو تێریان نەخواردبێ و
بە برسیەتی
هەر چوار سەریان نابێتەوە!
ئەی خۆشەویستە گچکەکانی من!
جیهانی شیعرەکانی من
کەلاوەیە
کە دوور بێ لە گاڵ و بوغری،
ئاوەدانی بێ تاوانتان!
تاریکە سەلاتە دنیام
بۆ تاوێکیش
بێ بەش بێ لە شۆقی تریفەی
گەش و ڕووناکی چاوانتان!

مناڵەکان!
ئەی خۆشەویستە گچکەکانی من!
گەلێک جاران
من گری ئاواتەکانم
لە حەنای زبری ئەم ژینە
بێتین بووە!
گەلێک جاران،
تەم لووتکەی هیوامی گرتوە و
ڕۆچنەی گەشنینیم گیراوە و
چاوەکانم ڕەشبین بووە!
بەڵام ئێوە،
هەر بەتەنیا ئێوە،
هاوسەفەری هەتا سەری
گشت لایەنی جوانی منن!
بەڵام ئێوە،
تەنیا ڕەنگی
کاڵ نەبۆوە و
کرێژ نەگری
پڕ لە هیوای گیانی منن!

١٩٩٨/٢/١٣
پارتیللە



## بەرەو سەرکەوتن

زۆر مناڵ بووم
ماڵەکەمان
لە ناو گەڕەکێکی پەرتی
شارێکی بچکۆلانە بوو!
هاودەمی من
بۆ "خانووچکە" و "بازبازێن" و "خۆشاروکێن"
خوشکێکی خنجیلانە بوو!
هەموو ڕۆژێ
کاتێ باوکم دەڕۆی بۆکار
چێشتەنگاوان
لە تەک دایکە سیل گرتوەکەم
دەچووینە لای دەرزی کوتێ
تا دەرزییەکەی بوەشێنێ!
هەموو ڕۆژێ ئێوارانیش
لەبەر دەرگا،
چاو لەڕێگا،
تا لەو پەڕی گەڕەکەوە
باوکم شەکەت،
هێدی، هێدی
بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە!

دیاری هەموو ئێوارەیەک
پەنیری ڕندە نەکراو و
نوردوێک نانی گەرمە تەندوور!
پاش ماندوونەبوونی و سڵاو
بە یەکەوە دەچووینە ژوور!
من و خوشکم
شان و ملمان هەڵدەگلۆفی و
بە ئاوێکی شیلەوگەرمیش
دایکم ئارام
لاق و لەتەری بۆ دەشوشت!
گشتمان بە دەوریا دەهاتین
وەی حەسێنین،
وەی بووژێنین،
نەوەک بۆ سبەی ئێوارە
بێ نانی گەرمە تەندوور و
پەنیری تازە وەمێنین!
مناڵێکی گرینۆک نەبووم،
گڕەزۆک نەبووم،
بەڵام زۆر حەزم لێ بوو بزانم
کام ئێوارە دەکرێ و دەلوێ
باوکم لەگەڵ نان و پەنیر
دووچەرخەیەکم بۆ بکڕێ!
زۆر حەزم لێ بوو بزانم



ئەو ساختمانەی کە بابم
تێی دا گیان دەدا تا شەوێ
کەی لەم گۆڕەی ئێستامان ڕا
دەگوێزینەوە بۆ ئەوێ!
ئێستاش گەلێ جار چیرۆکی
ئەو سەردەمەم دێنەوە بیر
کاتێ باوکم
بە شەوانی ساردی زستان
لەبەر کوورەڵەی ڕەشۆک و
بە پشکۆیان سوور هەڵگەڕاو
دەیکردنە شەوچەرەی کۆڕمان!
بەڵام چیرۆکەکانی ئەو
نەوەک داستانی داپیرە
پڕ بن لە خۆف، لە ترس، لەدێو
بمتۆقێنێ
بە ڕمووزنە و درنج و خێو!
ئەو بێزار بوو لە تەم و مژ
دەیگوت ئاسۆم لێ ون دەکا
لە شینایی لەپی دەریا
دەیگوت دەریا بێ بن دەکا!
بەڵێ چیرۆکەکانی ئەو
داستانی تاڵی ژیان بوون!
تازە تێدەگەم کە باوکم

تینووی کانیاوێکی ڕوونی
خوڕڕەمی نێو دارستان بوو!
شەیدای بەهار،
بەهاری تازەی ژیان بوو!
بەڵام ئەو دەم
نە کانیاوێکی ڕوون هەبوو
تینوایەتی ئەو بشکێنێ
بڕوا تا تینگی پێوە نێ!
نە ڕێچکەیەک،
ملی بگرێ و
لێی سەرکەوێ بۆ بەندەنێ!
هەر لەبیرمە
یەکێک لەو شەوە تووشانە
بیرەوەریەکی گێڕاوە!
گوتی هاوینی ڕابردوو
لە کارگە دا خاوەن کارمان
بە پۆلێک کارگەری ڕووتی
کە لە شوێن کار چەواشە بوون
چەند پەڕێک کاغەزی سپی
پێدان تا خۆ بناسێنن!
یەکیان ئاوای بۆ نووسی بوو:
"ڕۆژمێری تەمەنی من
زیاتر لە سەد ساڵی سەختە!



هەرچەندە زۆر پیر دەنوێنم
بەڵام ئێستاش
گەڕی گەردوون لەسەر شان و
باهۆی کاری من دەگەڕێ!
من خوێنی ڕەگی مێژووم و
مێژوو خوێنی ڕەگم دەخوا!
بێ من بێ مەعنایە ژیان
بەڵام هەر من
کۆیلە و دیلی ئەوم هێشتا!
گەرەکتە چەند تابلۆی ڕەنجم
پێشکەش دەرگاتی بکەم قوربان!
خۆ دەزانی
لە گشت سووچێکی ئەم زەویە
لە هەرکوێیەک زانیبێتت
مایەت دەبێتە سەرمایە
مەنزڵێکت بۆ داخستوە و
منت هێناوەتە کایە!
لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە
بۆ تۆ لە گژ ئاسمان ڕاچووم!
بە چیمەنتۆ، پۆڵا، ئاسن
بە هێزی لەش، بە پەنجەی خوێن
کەرەستەم لەسەر یەک دانان
تا بن میچی هەور هەڵچووم!

هەر بەو قاڵی‌یەی خۆم چنی بووم
بۆم ڕاخستی پڕاوپڕی!
بە ئارەقی سەر تەوێڵم
گەردی شووشەبەندم سڕی!
گەرم و فێنکی خوار تا سەری
بە دەستی خۆم بۆم ڕێک خستی!
بە ئەنگوستی هونەرمەندم
نەخشاندیشم بست بە بستی!
پاشانیش لێی هاتمە خوار و
تۆم فەرموو کرد بچیە سەری!
منت هێنا
کردتم بە هاردەمی سیم و
پێچ و دووکەڵ و کارەبا!
لە بەرهەمی کارەکەشم
جارێک فڕی بەئاسمانا و
لەسەر لەپی زەویش وەک با!
کەچی خۆم هەر پیادە مام!
هەرکات ویستم بە پیادەش
بچمە پێش و شاکەت مات بکەم،
بە ڕوخ دات بە تۆقی سەرما!
سەربزێویم بێ ئەسەر ما!
لە ئەمریکا



بە بارووت و سورب و ئاسن
بۆمبی گەورەت پێ ساز کردم
کەچی هەر ئەو دەسکردەی خۆم
بردت لە ناو ویەتنام و
هێروشیما و
هەر شوێنێک من لێی ڕاسابووم
دیسان بەسەر خۆمتا باراند!
ماڵم کاول و بێشکەی ساوام
لە نێو ئاگرا تێک قرماند!
گوللە و چەکت پێ ساز کردم
ئەویشت هەر دایە دەست خۆم
ڕێت نیشاندام
بۆ نێو گەرمەی شەڕت بردم
گوتت بۆوەی خۆت نەکوژرێی
ئەوەتانێ زوو بیکوژە!
من دەستم پێش خست و کوشتم!
کاتێ چوومە سەر تەرمەکەی
ناسیمەوە ئەویش خۆم بووم،
تۆ خوێنی خۆمت پێ ڕشتم!
هەر لەبیرمە کاتێ باوکم گەیشتە ئێرە
تووڕە ببو کەفی دەچان!
بەڵام چاوی

دەتگوت گۆمی پڕ لەئاون!
دیار بوو ئەویش
هیواکانی
لەم نیزامە دا خنکاون!
هەر لەبیرمە
من منالْ بووم
وەنەوزم دا و
خەونووچکە بردیانمەوە خەو!
کاتیْ هەستام
مالْ ئاوایی کردبوو شەو!

٦٤/٢/٦ یان بەهاری ١٩٨٥
مالوومە



## شەو و شیعرم

ئیمشەو بەم شەوی یەڵدایە
بازی شیعرم
خولیای گەشتێکی شیعراوی
لە سەرایە!
تێشووی ڕێگەی
چەپکیْ گولْ و
پڕاوپڕی وەزنی خۆشی
خشڵی جوانی و بەستەی ئەوین!
دەڵێی پاییز
ئا لەم دوایین شەوەی خۆیا
شایی دەگێڕیْ بۆ جێژنی تەوەللودی زستانی سڕ!
ئاسنگەران،
تاجی بەفرینی لەسەرە و
لە بەردەمیا
بەسەر مێزی زەمینەوە
پەیتا، پەیتا
نە یەک، نە دوو، نە دە، نەسەد
شەمعی برووسکە دادەگیرسێن!
لەگەلْ مۆسیقای باران و
هاژەی چەم وخوڕەی لاشیو،

باڕەشیش دێ
شەمعی داگیرساوی برووسکە
لە سووتن بخا!
دەڵێی گشتیان یەک دەنگ دەڵێن:
لە قامووسی تەبیعەتا
نابێ هەرگیز ئەم وتەیە کوێر بێتەوە
گەر پاییز هات بەرگی هەژار
دەبێ وەکو بابردەڵە
بێ بەدەوار!
شەوە و سروشت
وەکو بیستبێتی من ڕۆژێک
قۆڵی هیممەت
لە گۆڕینی هەڵدەماڵم،
بە شەللاقی ڕێژنە باران
شڵپ و هوڕ بەربوەتە گیانی
ساباتی نایلۆنی ماڵم!
لە ژووریشا هەڵمی ناو ماڵ
دەچێ بەرەو پێشوازی ئەو
بەڵام کاتێ
نە ئەو ڕێی هەبوو بێتە ژوور
نە ئەمیشیان
هێند بری کرد،
بترازێنێ دەڵقی سنوور،



دڵۆپ، دڵۆپ
بەسەر چادرەکەما دەگری!
پاشان باڕەش بە گڤەگڤ،
لە درزی پرچی چرۆوە
توند دەردەچێ و
وەک خاڵ بەڵەکانی نێو شار
کە نیوە شەو
بۆ تەفتیش و
گوڵبژێری سەربزوێنەر
لە ناو جەنگەی شیرین خەوا،
خۆ بە ماڵی خەڵکا دەکەن
لە کەلێنی دەرگاکەوە
پشووی ساردی
خشە دەخاتە پۆستەرێک
کە لە گۆشێکی چادرەکەم هەڵواسراوە!
لە سووچێکی ئاسمانا
تریفەی مانگیش
لە باوەش چەند پەڵە هەوری ڕەشا
جار و بارە
سیلەی چاوێکی دادەگرێ!
دواتر ئارام
لە ناو گێژی هەوری ڕەشا
ئەویش دەمرێ!

سادەی بازی شیعری ئاگر
با شەقەی بیٚ باڵی تیژت
هەور بسمیٚ، شەوگار شەق کا،
بە چوار قوژبنی ئیٚرانا
گەشتیٚک لیٚدە و
پاشان بڕۆ
ماڵی ساردی ئەو کریٚکارەی ڕۆژی پیٚشوو
پەنجەی دەستی لە کارخانە
کەوتە بەر چەرخی پۆڵایی و
ئەمڕۆ لە کار دەرکراوە !
جوان سەیری بکە
ژانی پەنجەی، ژانی ماڵ ٚ و ژین و بەشی
چلۆن سەریان لەیەک داوە !
چلۆن لە ناو بیرەخەوا
خەوتن لە چاوانی زاوە !
گۆنای سووری منداڵەکەی
بە کڕیٚوەی دەم بای ئیٚوارە
چۆن ڕەش و شین هەڵگەڕاوە !
سفرەی دڵی ژینی ڕەنجدەر
چەندە پڕ و پڕ زوخاوە !
سادەی بازی شیعری ئاگر
تروسکەی ئەستیٚرەی هیوایان بۆ بنویٚنە !
بڵیٚ پیٚیان ئەو زنجیرەی



چەشنی ڕشتە کیٚوی زاگرۆس
کوردی لە تورک، فارسی لە لوڕ
ڕەشی لە سپی و
ئیٚرەی لەویٚ گریٚداوە،
ئاڵقە بە ئاڵقەی ڕزیوە !
بڵیٚ پیٚیان
بۆوەی دەرگای دنیای سەربەست
چی تر لیٚیان گاڵە نەدریٚ،
بۆوەی چی تر
ڕەنج لەمان و
گەنج بۆ ئەوانی تر نەبریٚ !،
بۆوەی چی تر
بەسەر خویٚن و ژینیانەوە
سەودا نەکریٚ!،
دەبیٚ فیٚر بن
کام ئاگرە
ئەو زنجیرە دەتاویٚنیٚ !
کام خەباتە
باغچەی ژینیان دەخەملیٚنیٚ !
کام بڵیٚسە
ئەم نیزامە دەپرووکیٚنیٚ !
پیٚیانبڵیٚ
ئەو ئاگرە، ئەو خەباتە، ئەو بڵیٚسە

داگیرساوە و
خەریکە لرفە دەستێنێ !
بەڵێ بازی شیعری ئاگر
بەڵێنی بدە،
بەڵێنی ئەو دوارۆژەی
پاکە وەک تریقەی منالێ !
خۆشە چەشنی وشەی هەڤاڵ !
ڕوونتر لە مانگی چواردەی ساڵ !
ئەو کاتەش وا
قریوەی مارشی سەرکەوتنم
بوومە لەرزەی خستە فەلەک
ئەوسا بڵێ
یادیان بەخێر ئەو شەوانەی
تەڕو تووشی تەبیعەتیش
نەیدەتوانی
دەنگی شیعرم بخنکێنێ،
دەرەتانم لێبتەنێ و
باڵی فڕینم بشکێنێ !

١/١٠/٦٤ یان پاییزی ٨٥
مالوومە



# شەوێک لەو هەموو شەوانە

ئێوارەیە،
ئێوارەیەکی سەرماوەزا!
دارچوالەی دەرکی ئەو ماڵەی
لێی میوانین
لە ئێستاوە چەق و چۆی زستانی گرتووە!
پۆلێک چۆلەکەی کەسیرەی
سەر لەباڵدا نوقمکردوو،
بەڕیز لەسەر گوێ سوانێکی
تازە هەڵگێڕدراوی ماڵێک،
خۆیان لەبەر تیشکی سڕی
خۆری ماندوی لەپاییز چوو،
هەڵخستووە!
کزەیەکی سارد و هێدی
نەهێنی شەو
لە گوێی دارستانە ملڕووتەکەی ئەو بەرماڵان
دەچرپێنێ!
لە دوور دەستان
قاسپەی کەوێک
پشوو بەبەر شاخا دەکا و
بێدەنگی بنار دەشکێنێ!

ئێمە ئیمشەو سەفەرین و
لەم شوێنەوە کە دانیشتووم
چاوم لەو تووڵە ڕێگەیە
ئیمشەو دەبینە ڕێبواری!
لەبەر چاوم،
وەک ژانی غەریبی گرتبیٚ،
قەفی خواردوە و
سەری کردوەتە جەمسەری
پردێکی بە چەپەر کردووی
خوارووی ماڵان!
خەڵکی ناودیٚ
دەڵێن جارێک لێیان بیستوە
کە گوتوویەتی:
"لەو ڕۆژەوە زنجیری تانک
ئەنجنیمی و
موورەغەی پشتی شکاندم،
لەو ڕۆژەوە،
سەوزەڵانی دەورو پشتیان
بە ناڕووت هەڵپرووزاندم،
لەڕووم نایە
بەڕۆژانە،
چاوم ببڕمە نێو چاوی
ئەو کەسانەی



بەهرەمەندی و خۆشەویستی
بە دیاری دێنن بۆ ئینسان!
ئەو کەسانەی
گەزۆی ڕاوێژی نێو گفتیان
دڵگرتری دەکا ژیان!
لەو ڕۆژەوە،
هەر شەوانە ئاوەدانم و
بەڕۆژ وچانی لیٚ دەگرم!"
شەوە و ڕێگا،
هەودا دەزوویەکی خاوە و
چاوساغمانە
بەرەو مەنزڵی داهاتوو!
شەوە و بنار
هەموو جاریٚ
لە قرووسکەی
چەکێکی سام لە دڵ نیشتووی
شەو پارێزانی سەر لووتکە
ڕادەچڵەکیٚ!
من نازانم
لە گەڵ خۆم ورێنە دەکەم
یان وا لەگەڵ شەوە دەدوێم
ئاخ لە شەو چەندە بێزارم!
شەو لە خۆی دا قاقای کانی دەخنکێنیٚ!

شەو ناهێڵێ،
لە گەڵ سروشت تێکەڵ ببم و
چێژ لە جوانی‌یەکەی وەرگرم!
پشکووتنی گوڵ ببینم،
نازی گیا
بۆ عیشقی ئاونگ سەیر بکەم!
شەو ناهێڵێ
سەر بزواندنی
تووڵە شێخەڵێکی شلک
بە ئاوێنەی دڵ بسپێرم!
شەو ناهێڵێ
بڕوانمە لرفەی ئاو هەڵدێر!
یاکو سەمای مەندی ئاوی
تۆزێک شڵەقاوی ناو ئەستێر!
چ دنیایەکی بێ ڕەحمە،
من کەوا لە شەو بێزارم
هەموو ڕۆژێ دڵ لەدواییم
تا بە نێوی دا گوزەر کەم!
کە ناچارم
ڕووناکایی شاخ بەدەر کەم!
تووڵە ڕێکە دەمناسێ و چاو ساغمانە،
خۆی دەم دەدەین،
دەگەینە جێ!



دووهەم مەنزڵ
ئاواییەکە
سەری کردوەتە داوێنی،
شاخێک ،
کە بێتوو ڕۆژ بوایە،
هەستتدەکرد،
چەند عاشقانە
ئاوایی لە ئامێز گرتووە و
لە گشت گیانی کانیاوی ڕوون هەڵدەقوڵن،
تۆمەز لە حاست خۆی دەجووڵێ،
بەستە دەڵێ و
ئارام ئارام ئاواییەکە ڕادەژێنێ!
گەیشتووینە جێ!
بە ناو دێ دا ئاژین دەبین!
ئێمە چەند کەس
ڕوومانکردە خانوویەکی کورتە باڵا!
فریشتەیەک
ئاڵقەڕێزی درگایەکەی بۆ ترازاندین،
هەروەک بڵێی،
ماڵەکە خۆی گوڵدانێکە و
لەگەڵ هەر دەرو ژوورێکا
گوڵێکی تازە دەپشکوێ!
لە ژووریشەوە مناڵێک

وەک لەسەر هەست خەوتبێت و
میوانی درەنگ وەخت بناسێ
شۆقی چرا فانۆسەکە
پڕ بە چاوانی داییسا!
من وەختێک دەگەمە منالێ
هێزی ئەژنۆی شیعرم دەشکێ!
با هەر ئەوەندەی لێبڵێم
دەک کاول بێ ئەو دنیایەی
لەسەر لێوی منالێ
پێکەنین هەڵدەپەردێوێ!
پاش قەدەرێک
منالەکە
لە گەڵمان کەوتبوە دووان!
ڕووی تێکردین و لێپرسین:
"ئەرێ مامە!
ڕاستیدەکرد خاڵە وریا
کە ئەو دەیگوت:
بۆ ئەوەی شەو ڕێگە دەرکەم
ئێوارانە
چەپکێک گزنگی خۆر دەچنم!"
کە سەیرمکرد،
چاوی دایکی
بە مۆلەق براپووە عەکسێک



لەسەر دیوار!
عەکسی شەهیدێک
کە تیشکی خۆری چنیوە
بۆ برینی شەوی نزار!
بە خۆمم گوت:
من هەر بەسمە
پڕ بە دڵم
شۆق لە چاوی تۆ هەڵێنجم!
لە هەر شوێنێ
تاریکایی بەسەرما هات
لوێچێک بە فەزا وەرکەم و
دنیام بکەم بە چراخان!
لە دەرەوە
وردە وردە ڕووناکایی
جێگەی لێژ کرد بە ڕەشی شەو!
خوشکی وریا فەرماندەیە و
ئێمەش خۆمان
ئارام ئەسپاردە دەستی خەو!

١٩٩٤/٢/١١
یۆتەبۆری

## گۆرانی کۆن ناڵێمەوە

لە ناو ڕەفەزە شاخێکی
چیا بەرزەکەی سوورکێوا
سەرچاوەیەک هێند گریا بوو
سپی هەڵگەڕا بوون چاوی!
ڕنوە بەفری قەدی شاخی
ئەوەند فرمێسکی هەڵڕشت بوو
خاڵی ڕەش کەوتبووە هەناوی !
نەغمەی ماتی مەل و بولبول
لەگەڵ سروەی شەوبای بەیان
داستانێکی دیکەی بەرزی
شۆڕشی بۆ گێڕامەوە !
سوورکێویش هاتە مەیدان و
بە غەمگینی گوتی:
"گوێم لە شریخەی قەنناسە بوو
گریی دارەبەنمی دەپێکا!
چاوم لێ بوو لێی نووسرا بوو
هەرکەس داوای ئازادی کا
تف لە دنیای نامرادی کا
باڵی نگریس بەرەو دڵی دەوەشێنم
لە ناو خوێنا دەیتلێنم!"



سوورکێو گوتی:
"تا دنیا دنیایە خۆم و
دار بەڕوەکانی بنارم
تەبیعەتی خۆش دیمەنم و
خوڕەی قەڵبەزەی ڕوبارم
دەیڵێینەوە ئەم داستانە،
کاتێ دڵی شەهید تووران
تیری دوژمن لێیتێپەڕی
من ڕاچەنیم
کاتێ بینیم
سەری کردە سەر باوەشم و
خوێنی تێکەڵاو بەفرم بوو!
چەند مەزن بوو لەو کاتەدا
کە خوێنی گەش
لە ناو دڵ و دەمارانی وشکایی هات
لەبەر چاومە ئەودەم دەنگی
بە ئارامی کۆتایی هات!
ئێستاش گرمەی نارنجۆکی
شەوبۆ و مەهناز
لە گوێما دەزرینگێتەوە !
جار جار دەڵێم تێر تێر بگریم
کاتێ لە پێش چاوی منا
ئاڵقەی نارنجۆکی هیوا

دەچێتە ناو پەنجەی شەوبۆوە
گەرچی پەنجەی دەستی هێشتا
ئاڵقەی نامزەدی نەدیوە!
بەڵام چۆن واوەیلا بکەم
بۆ مەرگی شێرە ژنانێک
کە کێوی عەزم و هیممەتیان
سەد هێندی من گەردنکەشە!
لەو ڕۆژەوە
لە هەر شوێنێکی کوردستان
خوداوەندی نەفرەت و شەڕ
سەری بڕاو
یان خوێنی ڕژاوی ژنێ
بخاتە سەر پەڕی مێژوو
پۆلێک قومری سەر پۆپڕەدار
لە مەڵبەندی نیزیک و دوور
لە داوێنی داڵاهۆوە
لە هەورامان
لە ناوچەی سنە و کامیاران
دۆزەغەرە
سەرشیو تا پەنا مەریوان،
بە جریوە جریو پەیدا دەبن و
لە سەر سەرم
بە نیشانەی ڕێز لێگرتن



لەنگەر دەگرن!
پاشان بە ڕیز دێنە خوار و
لە پەنایەک هەڵدەورن!
لە کێوی بەفرینی قەندیل
پەڕەسرێلکێک
یەکەم مەنزلێ دێتە خەرپاپ
دەستە چیلێکی "ڕووناک"ی
لە وێوە دەکا بە مۆمی
داگیرساوی شەوارەی ڕێ !
کاتێ گەیی پشت وسوەکەل
مەلێکی تر
بۆ پێشوازی ئەو هەڵدەفڕێ!
ئەوسا بە جووت
بەری بەیان
وەختێ خونچەی گوڵی شیلان
لە گوێی شیوەڵێکا پشکووت،
ئەوانیش وەک خێڵی قومری
لەنگەر دەگرن،
ڕێز دادەنێن
ئینجا بە چەند تەقڵە لێدان
دێنە خوار و
لە سووچێکا هەڵدەکورمێن!
ئەوسا کە خۆر

له سیلەی کەلەوە ئەنگووت،
هەڵۆیەکی چنگوڕ قژی
ڕق هەستاوی
کاکۆڵ قرژیش
له جەرگی شارەکانەوە
ڕکەی زیندانی دڕیوە،
میلەی پۆڵای هەڵبڕیوە
بۆ لای کۆڕی باڵندەکان
به باڵ وەشان،
خۆ داوێتە گاشە بەردێک
هەڵدەنیشێ!
ئەوان تێکڕا پەیکی خوێنی
ژنانی ژین و گیان سپاردوی
دژە زوڵم و دیلایەتین!
ئەوان دژی یاسای کۆن و
پەڕتووکاوی ژنایەتین!
پاش وچانێ
گۆرانییەکی ئیجگار ئێجگار
خۆش و ساکار
بە خرۆش تر له هاژەی ڕوبار
زوڵاڵ تر له کانی کۆسار
جوانتر له سەوزایی نزار
گەلێ تازەتر له بەهار



بۆم دەڵێن و
لەسەر دڵ دەیکەنە یادگار
ئەمجار هەموو
باڵ لێدەدەن و هەڵدەستن
له پەڕپەڕۆچکی ئاسمان
له پێش چاوانم وندەبن!
ئەی زوحاکانی سەر زەوی!
ئایەی ڕەسمی دژمرۆڤتان
لەسەر گوڵینگەی دەسرازەم خست!
مەقنەعەتان پێهەڵواسیم
له ژێر چارشێوی ئەستوورا
دیلتان کردم،
له ژوورەوە
دەروازەی دەرتان لێم داخست!
له پێش چاوی زەقی دنیا
منتان کردە
گیاندارێکی زەرد و زوبوون
ژنتان کردە زەعیفەیەک
خستانە چوارچیوەی قانوون!
بەڵام ئەمرۆ
ئەی زوحاکانی سەرزەوی
ئایەی ڕەسم و
یاسای ژینتان

له ناو گڕی
ڕق و قین و بێزاریما
دەسووتێنم!
نەزمی سەدان ساڵەی ئێوە
له ناو پەنجەی
هێزی یەک گرتووی بەرینم
دەپریوێنم!
نه تەنیا بەندی کۆیلەتی
زەعیفە بوون و ژنیەتیم
هەڵدەپسێنم،
بەڵکو ئەمن
مژدەی سووری
گزنگی ئاسۆی بەیانم!
ڕەنگدانەوەی دوارۆژی
ڕزگار بوونی
کۆمەڵی مرۆڤی ئینسانم!

٦٤/٢/٨ یان بەهاری ١٩٨٥
مالوومە



# بۆ ژیلا

ژیلا کێـیـە؟
ژیلا ژنە!
ژیلا دایکە و
ژیلا مناڵ!
ژیلای من ئەو مناڵەیە
که بووەته ژن،
که بووەته دایک!
دایک و مناڵ و ژن!
من هیچ جوانییەک شک نابەم
شان لە شانی
جوانیی ئەم سێ وشانە دا!
هیچ جوانییەکیتر شک نابەم
وەک ئەم سیانە
تیشکی جوانی
لە ڕوخسـاری
کۆمەڵگای چی
ئا ئەم ئازارستانە دا!
ژیلا بۆی نییە هیچ یان بێ!
نه دایک نه ژن و نه مناڵ!

زستانی ٢٠٠٥
بووەووس

# ڕق و هیوا

پێشکەش بە کچانی بەند کراو

هەر چەندە ئێستا من و چەک،
هیوا و بڕوا
هەڵدەمژین شنەی ڕزگاری
وە تۆش هاوڕێ،
لە چوار چێوەی بەندی ڕەشا
چێژی شەللاقی بەندی بوون
بە گەرووتا دەڕواتە خوار،
بەڵام چون من و تۆ هەردوو
بیر و ڕایەک ڕێبەرمانە
تامی ڕزگار بوونی ئێرە
لەوێ هیوا دەدا بە تۆ!
سەختی ژینی بەندیخانەش
لێرە بۆ من دەبێ بە ڕق !
ڕق و هیوا دەخرۆشێن
لەسەر دوژمن دەگوڕڕێنن:
سەد هێندەی تر پەنجەی زوڵمت
بگوشێ قوڕگی هاوار کردن
لە ڕووی بڕوای قورس و قاییم
زنەن لە چاو دەریای مەزن !



ئەرێ ئەی گوڵاڵەی ئاوات،
لە سەر یادی جاری جاران
بەندی ماڵ و حاڵان بووی تۆ!
لە باغی شۆڕش دا ون بووی،
ئاخر شۆڕشی چی؟ ژن بووی!
ئێستاش هەستی ژنایەتی
بە بارانی پەڵەی خەبات
چەشنی بەفری لانواڵان
هێمن هێمن دەچێتەوە !
هەر بۆیەشە،
ڕزگاری لە بەندی ژنی
ئەم بەندی بوونانەی پێوەن !
دوژمن گەرەکیە بەم شێوە
مێشکت لە بەندا بڕزێنێ !
تاکوو بیرت ژەنگی بێنێ !
ئەمما ڕەنگە نەیزانی بێ
ئەو ڕێچکانەی گەر کەلەبچە
ڕایکێشاونە سەر مەچەکت،
ڕۆژێک هەموو یەکدەگرن
دەبنە شاڕێ بۆ سوسیالیزم!

١٣٦١/٥/٢٢ یان هاوینی ١٩٨٢
سیسێر

## لەبەردەم ئەلبومی شەهیدانا

پەلە مەکە!
لە هەڵدانەوەی
پەڕەکانی ئەو ئەلبومە پڕ بەرگەدا!
کە وێنەکانی نێو دووتوێی
تەنیا عەکسی چەند هەزار شەهید نین!
لەبەردەم هەروێنەیەکا
وچانێکی درێژ،
هەڵوێستانێکت پێویستە!
لێم مەپرسە!
ئەو ئەلبومە
من بە چی بچوێنم!
بڵێم کتێبخانەیەکی گەورەیە،!
کە هەرکامی ئەم وێنانە،
قارەمانی سەدان ڕۆمان و چیرۆکنی!
لێم مەپرسە!
ئەو ئەلبومە
من بە چی بچوێنم!
بڵێم ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەی
سەر شاخ و شاری کوردوستانە!
کە گشت جیهان لێوەی دیارە



یان لە گشت جیهانەوە دیارە!
لێم مەپرسە!
ئەو ئەلبومە
من بە چی بچوێنم!
لەبەر ئەوەی
ئەو ئەلبومە،
هیچ شتێک ناگاتە ئاقاری!
موقەدەس و بەرزترە
حەتتا لە خودی ڕزگاری!

نوامبری ٢٠٠٧

# کاتێ مردن

کاتێ مردن،
لە ماتەمینی یادیان دا
ژینیش بە بەرگی ڕەشەوە
بەشداریکردا!
کەچی وەختێ باس هاتە سەر
بیرەوەری ژین و مەرگیان
ڕەشپۆشی ژین خۆی داڕنی و
بوو بە مەراق
بەسەر دڵی سەرمایەوە!
کاتێ مردن،
لە ماتەمینی یادیان دا
چاوی ئەوین بوو بە ئەسرین!
لەو دەمەدا فرمێسکەکان هاتنە وەڵام:
"نەختێ بۆ دواڕۆژ بڕوانن
بۆ جیهانێ
کە فرمێسک
تەنیا لەسەر پەلکی گوڵە و
ئەویش بەرگەی تیشکی گزنگێ ناگرێ!"
کاتێ بۆ دوایین جار خەوتن،
لە ناو هەزاران گلێنەی خەواڵوو دا
خەو ڕاپەڕی و نەخەوتەوە
هەتا تەواو وازیهێنا



لە بێداری بێوشیاری!
ئەی هاوڕێیان!
هێشتا شوێنی
ئەو ڕیشاڵ و تەلزمانەی
خستووتانەتە سەر جەستەی
ئەم نیزامە نەگبەتەوە
ئاوەڵایە!
ئێمەش دروست لەو شوێنەوە
شوێن ڕچەی پەنجەتان دەگرین
هێند دەیڕووشین
هەتا لەو دیو، پەردەی ڕەشی
ئەم جیهانە ئاوەژوە دا
خۆری ئاوات
دەگرینە ئامێزی تینوو!
جا ئەو کاتی
نەک هەر زنجیری کۆیلەتی
دنیای ئەمڕۆ
دادەماڵین،
تەبیعەتیش ڕزگار دەکەین!

١٣٦٧/٥/٦ یان هاوینی ١٩٦٨
خەندەکێ

## من و ئەو

ساڵ نزیک ئەم دەمانە بوو
لە مەدرەسە
زەنگی کەلاسی ئینشا بوو.
موعەللیم هات،
"بەرپا"یەک و "بشینید" یێک.
تیشکی گەرمی خۆری بەهار
لە پەنجەرەی کەلاسەوە
وەکو توانج و بتەمەرکی ئاغا مدیر
بە ناخمانا دەڕۆیشتە خوار.
لەناو کەلاسا بەغەیری
تەقە تەقی قۆندەرەکەی ئاغا مدیر،
ویزەویزی مێشوولێکی ڕێلێون بوو،
خشە خشی دەفتەرنمرەی دەستی موبسیر
دەنگێکی تر نەدەبیسترا!
مناڵ هەمووی دەنگ کپکردوو،
وەکو بڵێی گشتمان مردوو،
بەسەر مێز و نیمکەتەوە داکوتراوین،
چاوەڕوان و گوێ قوڵاغ بووین.
لە ناکاوا ئاغا مدیر
لە ناوەڕاستی کەلاسا ئیستێکی کرد:



"قەراری پێشووی ئینشامان
کاتی نەورۆزتان چۆن ڕابوارد،
بنووسنەوە و،
بێن لە کەلاس بۆ گشتمانی بخوێننەوە!"
ئێمەش یەک دەنگ:
بەڵێ ئاغا!!
ئەنگوستێکی ڕاداشت بۆ ئەو،
گوتی وەرە پای تەختە سیا و
بەرز بیخوێنەوە ئینشا.
ئەو ئەنگوستەی ئاغا مدیر
بۆ ناو چاوی ئەوی ڕاداشت
گلێنەی من پێی هاتە ژان!
لە ئەو خوڕی بەڵام دڵی
من کەوتە ناو خورپە و لێدان!
ئاخر من و ئەو لە مێژ بوو
هەر لەو ساوە زۆر مناڵ بووین
وەک دوو سێوی کرچ و کاڵ بووین
بەشێک لە ژیانی یەک بووین،
هاوڕێی گیانی گیانی یەک بووین!
ئەو لە جێی خۆیا هەڵسا بوو

ترس لە تەوەین،
دەستی پێکرد:
"زستان ڕۆیی بە تۆفان و کڕێوەیەوە،
بە لنگێژە و شڵێوەیەوە!
چ ناخۆش بوو کاتێ لە درزی دەلاقەی
دەرگایەکەی ناو ماڵەوە
بە لرفە لرف دەهاتە ژوورمان باتەزوو،
یان ئەو دەمەی
قەپات دەبوو دەرگاکەمان بە با پزوو!
لە سەرتاسەری زستانا
باوکم چاوەڕێی بەهار بوو
ئاخر باوکم،
لەو ماوەیەدا بێکار بوو!
بۆیە منیش،
لە تەعتیلاتی نەورۆزا،
دەچوومە ناو دەشت و گوڵزار
چەپکێ گوڵی سوورم دەچنی و
بۆ فرۆش دەگەڕامەوە شار
...... ......... ........!"
لێرە دابوو ئاغا مدیر



لە تەختە سیا، ئاغا مدیر، بێ دەنگییەکە،
بە تاساویەوە ڕامابوو!
وەک برووسکە
لە ناو تروسکەی چاویەوە
نێو نیگایەکی بڕیە من !
نێو نیگایەکەم خوێندەوە:
"بڵێی نەڵێن،
بۆ سەر ئانیشکت دڕاوە ؟
بۆ سەر چۆکت هەڵوەشاوە؟
چیە ئەم کراسە ڕزیوە ؟
بۆ پانیە کەوشت تەقیوە ؟
بۆ چی یەخەت ئاوەڵایە ؟
ئەم جل وبەرگەت بۆ وایە؟"
ئارام لە جێی خۆی ڕاخزی
هەروەک کەسێک بچێتە دزی
گشت چاوەکان ڕوو لە ئەو بوون!
چووە لای دەستی ئاغا مدیر
بە دەنگێکی لەرزۆک شەرمین،
کز و بێ تین
ترس لە توانج، تەشەر،

دای لە پڕمەی قاقایەک و
بە دوای ئەوا چەند کەسی تر
بە شوێن ئەوانیشا هەموو
بە نابەدڵی ورد پێکەنین!
ساڵی دواتر هەتا مانگێک،
هەموو ڕۆژێ،
ناوەکانمان بۆ جێی بەتاڵی لای دۆست و
بەرچاوی زیتی موعەللیم
خوێنرابۆوە!
هەتا ڕۆژێک دەبیستنەوە:
"پێش وەی ئەستێرە جوانەکەی سەحەر
کز بێتەوە و
لە ناو ڕووناکی بەیانا بتوێتەوە،
بەر لەئەوەی
ڕەفتگەرە ڕووتەڵەکەی شارەداری
بۆ ئاو پژێنی سەر شەقام
چاوی خەواڵوی هەڵبێنێ،
بەر لەئەوەی
دەنگی مەلا بانگبێژەکەی مزگەوتی شار
خەوی خێڵی سواڵکەرانی لە پارک خەوتوو



بشەمزێنێ!
بەر لەئەوەی
ڕستە کلیلەی قفڵی دوکان
لە ناو دەستە گۆشتنەکانا خرمەی بێ،
بەر لەئەوەی
بارووتی شاخی کون کردوی
سەنگ شکێنی مەچەک پڕی نوێڵ لەسەر شانا
گرمەی بێ !
تەنانەت زۆرزۆر بەر لەوەی
دەنگی زەنگی ناو مەدرەسە
شاگردەکان کۆ بکاتەوە
ئاغا مدیر
بە خودنویسە سوورەکەی
دەفتەر نمرە
لە غایبەکان پڕکاتەوە،
ئێمە هەر دوو
وەک گوڵووکی باران نەدیو
وەک باقە پووشی ڕەنگ پەڕیو
لە مەیدانە گۆڕینەکەی ئەوپەڕ شارا
لە گەڵ پۆلێک ڕووت و ڕەجاڵی هەژارا

ئاپۆریەک کرێکارا
چاوەڕوانی کار وێستاوین!
لەو ڕۆژەوە حەڤدە بیست ساڵی ڕەبەقە!
حەڤدە بیست ساڵ ئازاری ژین،
حەڤدەبیست ساڵ هاواری ژین!
ئەو ئێستاکەش بە شوێن کارا
بابردەڵەی هەندەرانە!
من نازانم ئێستا لە کوێ و کام خاوەن کار
چارەنووسی ئەو دەنووسێ!
لە ژێر ڕێژنە ژانی کام مەڵبەندە
دەفتەری ژینی دەخووسێ!
من نازانم ئێستا لە کوێ
خوێنیان کردۆتە ناو کاسە و
بەربانگانە
ڕۆژووی کام زەرووی پێدەشکێ،
من نازانم ئێستا لە کوێ
بەرو بۆی ئارەق ڕشتنی
شەقڵی کام گەرووی پێدەشکێ،
من نازانم ئێستا لە کوێ
هەموو ڕۆژێ جارێک دەمرێ،



بەڵام به یەقین دڵنیام
هەر ئەمڕۆکە،
وێڕای ئێمە،
لە گەڵ ئێمە،
یەکی ئایار جێژن دەگرێ!

١١ی گوڵانی ١٣٦٥ یان ١ی مانگی مەی ١٩٨٥
مالوومە

## بۆ ڕووناک و پوویا

پاش کازیوە
لەو کاتەدا کە تیشکی خۆر
لە دارستانی سەر ئاسۆ ئاژین دەبێ،
پەنجە شوشەکانی پوویا
دێتە ئاوێنەی چاومەوە
ئەو کاتانەی لە ناو تیسکی
قژە نەرمەکانی ڕووناک گوزەر دەکەن!
ئەو شەوانەی
مانگی چاردە
دەکەوێتە ناو گەمارۆی ڕەوە هەوری چڵکنەوە،
شەوقی چاوی گەشی ڕووناک
لە تاری ئیحساسم دەدا
لەو دەمەدا کە دەستەملانی پوویایە و
شانەکانی ئەو ئازیزەی
دەکاتە سەنگەری باڵا و
بۆ ئابلۆقەی پۆلە چاوێکی ناباوەڕ
دەڕوانێت و سوڕ دەمێنێ!
ئازیزانم پوویا، ڕووناک،
ڕووناک، پوویا!
من نازانم چەند بخایەنێ هەتا ئێوەش



خەڵفی تەمەنتان هەڵبکشێ و
بۆ گەرمی ئامێزی یەکتر
بۆ پەسیوێکی دوورە چاو
خۆتان بکوتن!
سەیر ئەوەیە
ئێستا ئێمەی زۆرە تەمەن
بۆ دنیایەک
تێکۆشانمان لە ڕێدایە
کە لە وێدا خۆشەویستی
وەک ڕامووسینەکەی ئێوە
بێڕیایە!

۱۳٦۸/۱۱/۲۹ یان زستانی۱۹۸۹
دارەبەن

## نامەیەک بۆ پوویا

کۆرپە تاقانەکەم پوویا!
ئەم نەورۆزە،
چ وشەیەک بەکاربێنم
شیرین بێ بەچەشنی نوقڵی
نەورۆزانەی مناڵەکان!
ئەی بەرخۆلە ڕووح سووکەکەم
کام وشەیە بەکار بێنم
لێمحاڵی بی و نەتتۆرێنێ!
غونچەی بزەت
هێندەی تریش بپشکوێنێ!
بەڵام ئازیزەکەم پوویا
لە وڵاتێک
دەستەچیلەی ئاگری نەورۆز
ماڵ و حاڵی هەژاران بێ!
لە وڵاتێک
دەسەڵاتدارانی ملهوڕ
سەرچۆپی مەرگیان لەدەستا و
وەکو گورگی دڕ و برسی



کەڵپیان گرە و
بۆ نەرمەگۆشت،
ماسولکەی ڕان،
زگی بەتاڵ هەڵدەدڕن!
لە نەورۆزێک
کە لاسکی گوڵ، پەڕی غونچە، پەلکی سەوز و
شکۆفەی داری بەڵاڵوک هەڵدەپڕوکێ،
شنە دەبێ بە زریان و
بۆنی مەرگ
دەکا بەهەر قوژبنێکا
کە بۆنی ژینی لێوە دێ!
لە وڵاتێک
دروست لە شەوی نەورۆزا
ساوا لەسەر سینگی دایکی بە ناڕەوا سارد کراوەی
بۆ قومێک شیر پەلی دەکوتێ،
یاخۆ دایک،
کۆرپەی بێ پشووی باوەشی
بە فرمێسک دەخووسێنێ!
چ وشەیەک بەکاربێنم
هەم شیرین بێ، هەم ساکار بێ و

ئەم باری ژان و تووڕەییەش
لە ناو خۆی دا بگونجێنێ!
ئەی ڕۆڵە خنجیلانەکەم
گوێچکەی نامۆی
ئەو شەمشەمە کوێر و کوتر و دزێوانەی
کە تۆ هێشتا
وەکو بابت نەتناسیون،
تەنانەت حەز
بە بیستنی تریقەی بێگەردی تۆ ناکەن!
چاوت لێبوو ئەم نەورۆزە
چۆلەکەکەی سەر گوێ سوانە
لەبەر سامی ئاسنەواڵە و گوللەی گەرم و دووکەڵی ڕەش،
هەڵ نەدەفڕی و
بە جریوە جریو
بۆ ئاسمان شیوەنی دەکرد!
کۆرپە تاقانەکەم پوویا!
ئەم نەورۆزەش
زرم و کوتی بزمار ڕێژی
گەرووی فێرە قاقای ئێوە دەگاتە گوێم!
ئەم نەورۆزەش



لە ناو دەربیجەی بیرمەوە
چاوم لێیە
لە کۆڕی هاوساڵانت دای!
ئەوانەی وا
چاویان گەشە وەک چاوی تۆ،
لێویان بووەتە کەڕەسیسە،
پەنجەکانیان لە گۆ کەوتوون،
بە پێی پەتی
سەربان بە سەربان ڕادەکەن!
چاوم لێیە
زەوی بووەتە قەباڵەیەک
شوێنی پۆلە پێی پێخاوسی
هەڤاڵانت
مەرگی ئەم نیزامە ڕەشە
ڕۆژی سەد جار ئیمزا دەکەن!
بەڵام گیانە!
ئەم نەورۆزەش
زایەڵەی قڵپەی کانیاوی
دەنگی بابە و هاوڕێیانی
پڕ بە بەهار دەنگ هەڵدێنێ!

دەسا ئەی جگەرگۆشەکەم
هەست ڕاگرە
بۆ خورەی دەنگی زوڵاڵم!
ئەی ئیلهامی
یەکەم شیعری
نەورۆزی سەرەتایساڵم!

نەورۆزی ١٣٦٧ یان مارسی ١٩٨٨
خەندەکێ



## هاوار

چی لێ بڵێم،
هیچ وشەیەک بەرگەی هروژمی هاواری
ئەم کارەساتە ناگرێ!
چۆنی بڵێم،
ئازار پۆنگی خواردوەتەوە
لە ناو خۆی دا شەپۆل دەدا
کەف دەچڕێ، دەرنابڕێ!
ئەم ڕۆچانە،
بە قەد بەژنی گشت کوردستان
برین دەمی کردوەتوە، خوێن دەبارێ!
ئەم ڕۆژانە،
لەبەر چاوی هەموو دنیا
چەقۆیان ناوەتە ملی،
جەستەی میللەتێکی ژێر دەست
بێ هیچ شەمێک
هەر گۆشا و گۆش سەری دەبڕن!
هۆ ئینسان!
لە کوێی بۆ دەنگم ناتگاتێ؟
لە کوێم بۆ دەنگت نابیسم؟
وا من ئێستا

لە کۆترێکی هێلانە سووتێندراو دەچم
وا من ئێستا
بە لاملی شاخێکەوە نیشتوومەوە و
لە وزەی هەڵفڕین کەوتووم
دڕکێک هەر دوو باڵی بەستووم!
دڕکێکی تیژ
وەکوو دەمی چەقۆی جەللاد
بە قەد ڕقی هەمووی ئێمە ئەستوور
دڕکی سنوور،
سنوور
سنوور!
سنوور دەمی ئەژدیهایەکی بەسامە
بە خوێنی من بەڕێ دەچێ؟!
سنوور پەڵەتەرزێکی ناوەختی گوڵ شکۆفانی بەهارە
بەخوڕ دادەکا و ناسرەوێ؟!
سنوور هاودەستی لەشکری
دەم تەویلەی، چاو پڕخوێنی دڵ بەردینی
دوامەوەیە،
هەموو ساتێ تەرمی مناڵی لێمدەوێ؟!
هۆ ئینسان!
لە کوێی بۆ دەنگت نابیسم؟
تاوان، تاوان، تاوان!
چ تاوانێکی حەستەمە



لەبەر چاوی هەموو ئێمە،
بۆ چەند مراوی دووکەڵ گرتووی ناو گۆڵمەزی بەزمی خۆیان،
ڕەوە ڕەوە دکتۆر دێنن
گشت دەرمانێک لەکار دەکەن!
کەچی لێرە، لە کوردستان
چەپک چەپک
جگەرگۆشەکانی ئێمە
بۆ قومێک شیر، بۆ لەتێ نان
بۆ پەنایەکی بێ تۆفان
لە باوەشمانا گیان دەدەن!
من ئینسانم
وەکو ئێوە!
کە بۆ سەگیش
نەک هەر سەولە فڕێنادەن
لە ژوورێکی گەرم و نەرما
هاوسەرینی خەویشتانە!
کەچی لێرە لە کوردستان
منی ئینسان
بەچاوی پڕ فرمێسکەوە
دەبێ لە ناو دڕک و داڵا
شڵێوە و بەفرا، قوڕ و قاڵا،
دانەوێڵە و زبڵی ئێوە کۆ بکەمەوە!
من ئینسانم!

وەکو ئێوە
کە بۆ مافی بوونەوەری ناو دارستان سینگ دادەڕن!
کە بۆ هەوای بێ کرێژی ناو کۆڵانتان دەنگ هەڵدەبڕن!
کەچی لێرە
لە کوردستان
لە ناو دووکەڵ و بۆ کڕووزووی
دار و پردووی ماڵەکەم و
بۆنی تەرمی سەر شەقامی ئازیزانما،
هەواش خنکا،
هەوا مەرگە و
منی ئینسان
نەک هەر ناتوانم هەڵیمژم
واوەیلامە لە دەستانی و
هەر بە پێوە قووتم دەدا!
هۆ ئینسان!
لە کوێی بۆ دەنگت نابیسم؟
ئەم ڕۆژانە
لەگەڵ چەپڵە و شای لۆغانی
نێو کاوێژی ملەوڕەکەی کاخی سپی،
لە کوردستان
خرمە خرمی خاکەنازی پاش ناشتنی
چەند منالێ سەر بە کۆچکە
دێتە گوێ!



ئەم ڕۆژانە
بە بارتەقای شەڕەچەقەی دانیشتوانی نێو سازمانی مافی مرۆڤ
لە کوردستان
خودی مرۆڤ
لە ژێر بەفر و سەرما و تۆفی بێ مافی دا
دەفن دەبێ!
من دەزانم ئاسمان هەروا بەرتەنگ نابێ و
ئەم تۆفانە دەیکاتەوە!
من دەزانم
ئەم هەوارە،
لە مەنزڵی ڕزگار بوونا
سەر لە نوێ هەڵدەداتەوە!
لە گەڵ تۆمە ئینسان!
نەک ئەوانەی ڕۆنی مەرگم
بۆ بە نانی مەرگا دەسوون!
نەک ئەوانەی ڕەنج و خوێنم
لە ژێر ددانیانا دەجوون!
لە گەڵ تۆمە ئینسان!
ئەو سەردەمە،
کە باوەڕتکرد من لە تۆم،
ئەم گۆڕستانە تازەیەی
لەم بنارە مەینەتبارە بەجێی دێڵم
نەنگی نێوچاوانی تۆیە!

خولقێنەرانی کارەسات،
هەر ئەوانن،
قسەی سبەینێم ئەمڕۆ دەیکەم
بەڵام تاوان
هەر تاوانی تۆیە!
لە کوێی
بۆ دەنگت نابیستم؟

١٩٩١/٤/١٣
یۆتەبۆری



## لە گەڵ یەکی ئایاری **66**ی سنەدا

واتئەزانی،
لە ناو هاڕە و تەق و تۆقی
هەموو ڕۆژەی کارخانە دا
نۆتەی سروودی جیهانیم لێ ون دەبێ و
یەکی ئایار
ناتوانم دەنگم هەڵبڕم
وێڕای ملیۆنەهای وەک خۆم
بە نەغمەی ئەنترناسیۆناڵ!
واتئەزانی،
هەموو ڕۆژەکانی ساڵت
وەها تێکەڵ خورافات و
بیری گەندەڵی خۆت کردوە،
یەکی ئایار ناناسمەوە
تاکو سەرلەنوێ ئەمساڵیش،
من خۆمت پێبناسێنم!
بیستت لە یەکی ئایارا
زرمەی هەڵپەڕینی دڵم

گشت زەوی هێنایە لەرین!
بینیت گەڕێکی هەڵپەڕکێم
هێنایە نێو شاری سنە و
لە چەپڵەڕێز و گۆوەندی شۆڕشی کوردستانیشا
هەر من دەبێ چۆپی کێش بم !
بینیت لە شەوی ئایارا
هەروا برێک لە قینی خۆم
کرد بە کڵپە و
لە سەر دوندی ئاویەرەوە
بەرەو هەزاران گلێنەی
نەخەوتووی ناو شاری سنە
لرفەم سەند و
قرووسکەم خستە ناو گەرووی
نیوە مردووی خێڵی پادگان !
بینیت لە بەربەیانی ئەو ڕۆژە
شەکانەوەی ئاڵای سوورم
بەدەم شنەی هیوامەوە !
تا سبەی ڕۆژ هەموو ئاویەر
بەسەر پایەگا و پادگان و



دەسەڵاتی نێگریست دا بڕووخێنم !
جا ئەو ساکە
لەسەر کەلاوە و وێرانەی
نەزمی سەدان سێڵەی تۆ دا
بەهەشتی خۆم دامەزرێنم !
ئەی سەرچاوەی
فرمێسکی گەشی ڕوخسار و
گۆنای جگەرگۆشەکانم !
ئەی سەرچاوەی
هەرچی ڕەنج و هەرچی ژان و
هەرچی برک و
نەخۆشینی گشت خێزانم !
ئەی لەمپەری
خۆشی و شادی و کامەرانی و بەختەوەریم،
ئەی سەرچاوەی
شەڕ و کوشتار، فرمێسک و خوێن
مەینەت، نەگبەت
ئەی زنجیری شان و ملی
هەموو هاوزنجیرەکانم!

ئەوا ئەمساڵ
لە سەر لووتکەی ئاویەرەوە
ئاڵای دەست و گڕی دڵم
مچوڕکێکی خستە گیانت
ساڵێکی تر بڵێی جەخار،
"منی هەژار
سەد هەزار جار
خۆزگەم بەپار!"

١٣٦٦/٢/١١ یان یەکی ئایاری ١٩٨٧
مالوومە



## زستان

وەرە ئازیز، وەرە گیانە!
با تاوێک لە زستان بدوێین!
زستان! زستان!
ئەو وشەیەی، ئا ئەو فەسڵەی،
بەدرێژایی دوو چلەیە سارد،
ـ چلەی چووکە، چلەی گەورە ـ
لێواو لێوە
لە هەڵلەرزین، شەقەی ددان،
دەست لە بن باخەڵ شەتەک دان،
ماڵی ساردی بێ ئاگردان!
نا تۆ بڵێ،
بەدرێژایی دوو چلەی سارد،
کڕێوە، تۆفان،
زستان!
بەڵام گیانە،
ئەم زستانە!
لەو ڕۆژەوە بۆ یەکەم جار،
لە فەزادا،
سەمای پۆلە کلووی بەفرم بینی،
لەو ڕۆژەوە،

لق و چڵی دارهەنارە مل ڕووتەکەی بەر ماڵی خۆمانم بینی،
بە حەواوە،
بەشە بەفری خۆی گل داوە!
لەو ڕۆژەوە،
یەکەم نوا بەفری زستان،
یادی پاییزی ژێر خۆدا و
ئاسەواری،
سیخوارە دڵ سیس کەرەکەی
سەرماوەزیشی ڕاماڵی،
من بوومە هۆگری زستان!
هۆ زستانە بەفرینەکەم!
لەوەتەی هەم،
لە مەڵبەندە غەم تێ چزاوەکەی ئێمە،
بە هاتنت،
ژین چەق و چۆیەک دەیگرێ
هەر ئەوەندەیە نامرێ!
لەوەتەی هەم،
لە وڵاتە ژین هەڵتەکاوەکەی ئێمە،
مناڵەکان،
لە خۆشەویستی باوکانی سەرما لە لەشدا گەڕاویان،
لە خۆشەویستی دایکانی
ناو ژووری سارد و تەزیویان،
لە تۆی زستان ڕق دادەگرن!



هۆ زستانە بەفرینەکەم!
من نامەوێ کە تۆ هاتی،
باڵای ژیان،
وەک دارتەلە سڕ بووە سەرتەزیوەکەی
ئەو بەر ماڵمان،
بێتە دەسکایەی ڕەشەبا!
من نامەوێ کە تۆ هاتی،
شەخەسۆڵی ژێر گوێ سوانەی بانی نزم،
لە پشت ملی هیچ ڕاگوزەرێ هەڵچەقێ!
من نامەوێ کە تۆ هاتی،
گەرمایی لاقی هەڵچنێ بۆ پشت دەرگای قەپات کراوی ناو ماڵان،
لە کۆڵانیش،
سەگی قاچ لەرزۆکی تووکی سەر شان و پەراسوو قرژ،
بقرووسکێنن!
من نامەوێ، نەو نامەوێ!
لە مابەینی من و تۆدا،
لە نێوان ژین و زستانا،
بە ئەنگوستیش مەودا ببێ!
ئەو شەوانەی تریفەی مانگ،
شۆقی گەشی دەدا لە سپیایی بەفرت،
کێ بێ و نەڵێ:
تۆ سوڵتانی نێو فەسڵانی!
ئەی سوڵتانەکەی نێو فەسڵان!

ئەوا ژیان بەرێوەیە و
لە مەنزڵێک کۆچ و کۆچ باری دادەخا،
کە تۆ هاتی،
منی ئینسان،
سامی گەورەییت نەمگریٚ و
بە تاسەوە
خۆ بە شەقڵی ڕنووتا دەم!
منی ئینسان،
ئەوەند عاشقی جوانیت بم،
حەز نەکەم نوا بەفرەکەت
لە ژێر پێما قرپ قرپ پشتی بشکیٚ!
وەرە ئازیز، وەرە گیانە،
وێڕای زستان،
لە ژیان بدوێین!

زستانی ١٩٨٨
دارەبەن



## بۆ فەرزاد

نازانم چەند نامەی ترت
لە بۆسەی جەللادەکانت
دەرنەچوون و هەرگیز
ڕووناکی ئەمدیو زیندانیان
بەخۆیانەوە نەدی!
بەڵام فەرزاد
هەموو ئەو نامانەت
کە باڵی فڕینیان لێنەقرتابوون،
خوێندومنەوە!
نامەکانت
بە ژمارە کەمن!
یان لانیکەم ئەو نامانەی گەیشتوونەتە لای ئێمە!
هێندە زۆرنین!
درەنگ درەنگ و بەبیٚ قاعیدە دەهاتن!
جاری وابوو مانگی جارێک،
جاری وابوو ساڵی دەنکێک!
نامەکانت
لە ئاڵقەی چیرۆکە شیعرێکی بیٚ کۆتایی دەچوون!
کە منیان خولیای خۆیان کردبوو!
لەم ئاڵقەوە بۆ ئاڵقەی تر
لەم نامەوە بۆ نامەی داهاتوو چاوەڕوان بووم!

تۆ!
ئەی موعەللیمە جوان‌چاکەکە!
کە مرۆڤ بوون و ئینساندۆستی ئاژینی گشت تان و پۆتە!
خۆ گوتەنی
تۆ مناڵیان تاڵان کردی!
بەڵام ئاوا گەورە،
خۆشەویستی و هیوا بەداهاتوو
دەدەی بە مناڵانی بناری شاهۆ و گشت کوردستان!
تۆ ئەی مامۆستا ئەسیرەکەی دەستی ڕەشی،
دەبێ ڕۆژی چەند جار
دڵە گەورە و بەخشەندەکەت
پاساوانانی بەردەرگا و جەللادەکانی ئەشکەنجەت
لە ناو دنیای گچکە و داخراوی پڕ لە قینیانا
تواندبێتەوە!
وەختێ هەرگیز نەیانتوانی
جەستەی مرۆڤ دۆستی باوەڕی تۆ بڕوشێنن!
تۆ لەوێش و
لەتەک ئەمانیشا
هەرمامۆستایی دەکەی و دەرسی ئەوین دەڵێیتەوە!
تۆی کەمانگەر!
شۆرەتەکەت
دەمباتەوە لای کاک سدیق!
دەمباتەوە کامیاران و شاری سنە و دیواندەرە!



دەمباتەوە
گشت شاخەکان و شارەکان و گوندەکانی کوردستان!
دەمباتەوە
ئالان، سەفرا و دۆڵی گەڵاڵە!
دەمباتەوە
گاپیلۆن و مالوومە! شلێر، بیارە، زەڕگوێز،
بەردانگە، سوونێ، خەندەکێ،
دەمباتەوە
دۆڵی بۆتێ و گوڵان،
سەرەنجامیش
دەمباتەوە خانووە قوڕینەکانی دارەبەن!
تۆی کەمانگەر!
شۆرەتەکەت
دەمباتەوە لای کاک سدیق و ژوورە گچکەکەی!
ئەو ژوورەی وا ئەویش
دوایین وتاری ڕادیۆیی
بە نیوەچڵی
لەسەر مێزی کارەکەی جێ‌مابوو!
ئەو دێوەزمەی
ئێمەی بەبێ کاک سدیق کرد،
هەرهەمانە
زیاتر لە بیست ساڵ دواتر
کە تۆشی بردوەتە سەردار!

ئەی مامۆستا شاعیرەکە!
هەزار جەخار
هەرچەندە چاوەڕوانیش بم
من دەزانم ئیتر
نامەی ترت بەڕێوە نین!
تۆ لە زومرەی
گەورەترین شەهیدەکانی ئەمساڵی!
سینگی ئاسمان
باوەشێنی دەکا
سەری ساردبۆوەی لەسەر دارەکەت!
گشت گۆی زەویش
خۆی ڕادەخا و
دەبێ بەهەتوان بۆ ژێر پێی
بە ئەشکەنجە بریندارەکەت!

۲۰۱۰/۵/۱۰



## شیعری من*

شیعری من هێند بە جەرگ نییە
کە بتوانێ،
لە ئاوێنەیەک بڕوانێ،
خاوەنەکەی
هێند لە مێژ نییە بوو بە پۆلوو!
شیعری من هێند بە جەرگ نییە
کە بتوانێ،
چاو لە چاوی شانەیەک بڕی،
کە هێشتا هەر دڵ لە مشتی
ئەو پرچە ڕەش و جوانەیە،
کە دامرکا
لە کڵپەی شاڵاوی گڕا!
شیعری من هێند بە هێز نییە،
کە بچێتە سوێی،
جێگایەکی بەتاڵ ماوی سەرکەلاس و
ئەو سەندەڵیە چاوەڕوانەی
کە ئێستاکەش،
هەر دڵ لەدوای
بۆنە عەترێکی ئاشنایە!
شیعری من هێند ئازا نییە،

سەر داگرێتە سەر دەفتەری،
بیرەوەریەکانی لاوێک،
کە دوا ڕستەی
"من چووزانم لەوانەیە"
پڕ لە وشەی،
ئەویندار و پڕ لەهیوای
ڕۆیشتن بەرەو جێژنێک بێ
کە لەو شەوی سیخواراوی و پڕ زوقمەدا
بەرەو ماڵ نەگەڕایەوە!
کە ئیتر مەجالی نییە،
بێت و بۆمان بگێڕێتەوە،
باسی هەور، باسی ئاسمان
باسی مانگ و ئەستێرەکان
باسی دەریاکەی دراوسێ
کە تەنبەڵ و بێدەسەڵات
لە حەژمەتی
هاواری پڕ لە ئازاری جێژن،
ڕەق ببۆوە و هەر تەقەی ددانی دەهات!
شیعری من بەرگەی کوڵ و کۆی
دڵی ئەو دایکە ناگرێ
بەچاوی پڕ ئەسرینەوە،
لە جێ و بانی
جگەرگۆشە دامرکاوەکەی ورمێنێ و



بە ئاوات بێ
وەڵامێکی ئارامبەخشی
شەوخۆشێکی
بەرلەخەوتنی بداتەوە!
شیعری من باشە بێدەنگ بێ
متەق نەکا!
تۆ پێتوایە
هەتاکوو کەی،
ڕێژنەی بارانی ئەم خەمە
نایکاتەوە؟

پاییزی ١٩٩٨
پارتیللە

*لە یادی ٦٤ لاوی دامرکاو لە سووتانی دیسکۆیەکەی باککا پلان دا لە شاری یۆتەبۆری سوید.

## بۆ دەسفرۆشە تۆو فرۆشەکە

وشکە سەرمای
سەرلەبەیانی ڕۆژێکی
مانگی نێوبەندی زستان بوو!
هەردوو دەستی
لە ڕاست و چەپ
شەتەک دابوە بن باخەڵی
جارناجارێک
دەنگی مەنگی
لەگەڵ هەڵمی گەرمی زاری
دەبوونە ئاوێتەی یەک و هەرای دەکرد:
"وەرە بۆ تۆوی سوێر، وەرە!"
دوای هەر هەناسە کێشانێک
لەبەر دەمی
هەورێکی گچکە ساز دەبوو!
هەر هەناسێک
داشقە دەستییە بچووکەکەی بزر دەکرد.
پاش پشوویەک
هەورە هەناسە دەڕەوی



دەردەکەوتنەوە داشقەکە و
نایلۆنە تۆوی سوێرەکەی
کە ئیستیکانێکی باریک
لە ناوی دا قنج وێستا بوو ـ
وشکە سەرمای
سەرلەبەیانی ڕۆژێکی
مانگی نێوبەندی زستان بوو!
لە چەند هەنگاوی ڕووبەڕووی
شووشەبەندی سەوز و سووری
ڕیزە دووکانێکی پۆشتە
وەک ئاوێنە،
بە زستان و شەقام
بە ڕێبوار و هەژار
بە ماشێنی تیژ تێپەڕ و
بە داشقەی چەق و چۆ گرتوو
پێدەکەنی!
تۆ سەیری ئەم جیهانە کە
مەودا تەنیا
لەم بەر شەقام
هەتا پشت شووشەبەندەکە

لۆدێر وەکو،
نەهەنگێکی زار داچەقیو
پڕ بەشەقام هۆڕەی دەهات
داشقە وەکو،
چۆلەکێکی سەربالٚ کردو
هەڵکورما بوو!
دڵی خاوەن داشقە دەریای
ڕق و قین و بێزاریەکی بیٚ ئەو پەڕ بوو!
نەی زانی بۆ نەچووە پێش و
چەند هەنگاویٚ
لە داشقەکەی کشایەوە!
زاری قڕی لۆدێرەکە
یەکەم قەپالٚ
داشقە دەستییە بچکۆلەکەی
لە زەوی بڕی بۆ ناو کەڵپی و
نایلۆنە تۆوی سوێرەکەش
نوقمی زوقمی سەر شەقام بوو!
داشقە دەستییە بچکۆلەکە
وەک گیان گەڕابێتە لەشی
لە گەرووی ئەو لۆدێرەدا



چەند هەنگاویٚ زیاتر نەبوو
بەڵام جەخار
چەند دوورە مەودای ژینەکان!
وشکە سەرمای
سەرلەبەیانی ڕۆژێکی
مانگی نێوبەندی زستان بوو!
ئەو کرێکارە بێکارە
لە تەنیشتی
داشقە دەستییە بچکۆلەکەی
خولیای خەیاڵێکی ئاڵۆز
نوقمی کرد بوو!
هێشتا یەک جار
بۆ ناو گیرفانی یەک ڕێبوار
ئیستیکانێکی پڕ کردووی
سەرەو نخوون نەکردبۆوە!
هێشتا لە ناو خەیاڵی دا
بۆ بژیوی خێزانی مالٚ
چەند تمەنێکی نەبردبۆوە!
گرم و هووڕی لۆدێرەکەی شارەداری
هەودای خەیاڵی لێقرتاند.

نەدەحەجمی!

لەدوا دیدار،

بۆ دوایین جار

داشقە دەستییە بچکۆلەکە

لە خاوەنی هاتە قسە:

"بۆم مەڕوانە، بۆم مەڕوانە!

لەم وڵاتە تەم لێنیشتوەی

من تێی دا چاڵ مەرگ دەکرێم،

ژین پەل بەستە،

ژین یەخسیرە،

ڕاکەن برۆن،

ژین ڕزگار کەن

لە ژێر چنگی

شارەداری و شارخۆرەکان!"

١٣٦٧/١١/١٦ یان زستانی ١٩٨٧

خەندەکێ



# وردە واڵە

چ بکەم بە دەس ئەم دڵەوە،

بێ دەنگ دەکوڵێ،

هەڵدەقرچێ و،

جاری وایە دووشک دەبم لەوەی ماوە !

ئاخ لە دەس ئەو گۆمە ڕەشە

کە دیوانێک شیعری گەشی

لێخنکاوە !

ترسی زۆرم لەو ڕۆژەیە

ئەگەر یاران،

یادم بکەن

وەک شاعیرەکەی جاران !

نیوە شەوی ١٩٩٠/٨/١

یۆتەبۆری

## هاوچارەنووس

دەرگایماڵتانم بۆ بکەوە
هاوچارەنووس
گوێ مەدەیە
بەزمانی یەکتر نازانین !
کە هاتمە ژوور،
دەمناسیەوە،
دووسەری ناو یەک خێزانین !



## چاوەڕوانین*

چاوەڕوانین،
خۆشەویستم
چاوەڕوانین!
ماڵەکەمان،
بە حەسرەتی
گڤە و تریقەی بێگەردی تۆ،
کێشە لە گەل زەمان دەکا!
ئێمە بە گشتی دڵ لەدوای
پشکووتنی بزەی سەر لێوەکانی تۆین!
دەرگای ژورەکەمان بکەوە،
خانەخوێ نین،
ئێمە هەموو
میوانی چاوەڕوانی تۆین!

١٩٩٩/٨/١٨
پارتیللە

*لە چاوەڕوانی هاتنە سەر دنیای هەوار دا!

## بڵێم ئێوە لە چی دەچن

بڵێم ئێوە لە چی دەچن؟!
یان بڵێم چی
بە قەت ئەو جووتەتان جوانە!
بەیانیانە!
لە ناو تریقە تازە پشکووتوەکەی هەوارەوە
خۆشەویستم،
من گەورەیی تۆ دەبینم
کە چ سادە
سادە وەک روخساری هەوار
ژین دەبەخشی و
ماڵەکەمان
دەکەیتە مەنزڵی ئەوین!
کە ئێوەم هەن
چەندە رەوان دێنە بەر گوێم
وشەکانی ئەوین و ژین!

١٩٩٩/١١/٣
پارتیللە



## خۆشەویستم!

منی عاشقە خۆشەویستیت،
لە دەریای شادی یەکانت دا
زۆر باشتر دەحەوێمەوە،
لە گەڵ خەمت ڕام مەهێنە!
ئەم ڕۆژانە
تۆ لە گەڵ هەر هەنگاوێکتا
دنیایەک پڕ لە ئەوین و
تریقەی پڕاوپڕ لە ژیان
هەڵدەگری!
نەکەی بچی،
ڕۆژەکانت ،
ئاڵۆزی ناو خەفەت بکەی!
بزەت بێتێ،
لە گەل خۆتا،
ئەمڕۆکەم و
سبە و دووشم بپشکوێنە!

١٩٩٩/٨/٢٥
پارتیللە

## مەیلی بێستان

نامەوێ وەک دیل بژیم مـن مـەیلی بێـستانم دەوێ
پەیکـەرەی وشـکی ژیـانم بانگـدەکا گیـانم دەوێ

ئیمـشەو ئیحـساسی بـزۆزم ئـۆقرە ناگرێـت و دەڵـێ
هەستی نەرمی، سۆزی گەرمی، شیعری ڕاسانم دەوێ

حەز دەکەم چێژی ژیانی دوور لە مەینەت تام بکـەم
بـۆ برینــی کـۆنی مێـژووم ئـەمڕۆ هـەتوانم دەوێ

نامـەوێ چـیتـر ببیـنم ڕەنگـی زەردی کۆرپـەکان
ڕەنگی سوور و لێوی بـەبزە و چاوی شـادانم دەوێ

نامەوێ هۆبە و هەوار و نـانی شـوانی و دۆی تـرش
ژینی بێ ناسـۆر و دەرد و نـەزمی بـێ شـوانم دەوێ

گەشتی بـاغ و سەرشـەقامی تـەختی شـارانم هـەبێ
کوا دەڵـێم عاشـق بـە شـاخ و ژینـی شـاخانم دەوێ



کوا دەڵێم شەو خۆشە باران لێت بدا و ڕێ دەرنەکەی
گۆشت و ئێسقانە لەشـی مـن شـەو هـەدادانم دەوێ

دەس بدا بۆم هەڵمژم بۆنی گڵـووکی سـەر گلۆفـک
بۆگــەنی بــارووت و گوللــە و هــەڵپڕووزانم دەوێ؟

دەنگـی مۆسـیقایەکی مــەنـد لایەلایـەم بـۆ بکـا
بۆچـی دەنگـی تـۆپی گـەورە و گوللـەبارانم دەوێ؟

کوا لە دڵ نزیکـە ماچـی بـێ گیـانی لـوولی چـەک
گەرمیی لێو و ماچی زیندووی کـوڵمی یـارانم دەوێ

تاکو سفرەی تۆخی ماڵی گەرم و ڕوونـاک دەس بـدا
بۆچـی کرمـەی ژێـر ددانـی نـانی گیرفـانم دەوێ؟

ورشەورشی بەرقی شاری دوورم زۆر جار دی بەشـەو
مــن دەڵــێم شــارم دەوێ، شــاری چــراخانم دەوێ

تـا لـەوێ ئاڵـای ئـەوین و خۆشەویـستیم هەڵبکـەم
شاری خۆشی پڕ لە خەندە و خەڵکی بـێژانـم دەوێ

دووکەڵی هانای هەناسەی بێبەشان هانمدەدا
بێم بەرەو لووتکەی مەبەستم ڕانەوەستانم دەوێ

ئاسۆم لێدیار بێ لەلایەک، دەس لەبینم خا نەیار
بۆ لەسەر ئەم دووڕێیانە هێشتا خنکانم دەوێ؟

شەونخوونی، باو باران، شریخە گوللە و برسییەتی
با لەژین میوان بن ئەمڕۆ، هەر هەموویانم دەوێ

دڕک و داڵی دەوری بێستان تێپەڕێنم من دەبێ
نەک لەخۆشی دڕک و داڵا، مەیلی بێستانم دەوێ!

١٣٦٥/١١/٢١
مالوومە



# نەورۆزانە

گوڵی گەزیزەی قژ زەردی لاپاڵ
نەرم ڕادەژی بە سرووەی شەماڵ
لە دەس ئەم ژینە دەردە دڵیەتی
فرمێسکی ئاونگ لەسەر چڵیەتی
چقڵی ئاسنین بسکی ڕنیوە
بەر لە پشکووتن غونچەی وەریوە
دەڵێ لەوساوە مژدەم دا بەهار
لە باڵام ئاڵا سیمێکی خاردار
ئەو لقەی لەو دیو سیما ڕواوە
بە بۆنی بارووت سیس و ژاکاوە
لقی ئەم دیوی لە دەریای نزار
جوانی دەبەخشی بەبەژنی بەهار
"قەراقەرین"و"دارتەقلە"و"سیباز"
یان "هەللوکین"و"کۆسەی فیڵەباز"
کایەی میژینەی کۆمەڵی مناڵ
هیچ بەدیناکرین بەهاری ئەمساڵ
لە دەوری ئاگر گشتیان کۆدەبن
دەبنە دوو بەرەی پیشمەرگە ودوژمن
ڕەختی خۆکرد و چەک و چۆڵی دار
جیژنی بۆ دەگرن نەورۆزی بەهار

کایەی نوێ دەکەن سەنگەر لێک دەگرن
هەر لە ئێستاوە ڕێی خەبات دەگرن
جار جار لەو لاوە نووزەی پاسدارێک
لەم لاوە بە گوڕ دەنگی شیعارێک
سەرەنجام شەڕی ئەو دو و بەرانە
بەرەی دوژمنان ڕەتان ڕەتانە

لە قەدی شاخا خوڕەی قەڵبەز دی
قاسپە قاسپە کەو لە نیو ڕەوەز دی
قڵپەی کانیاوی ڕوون و سپی و سۆڵ
لە سەر شینکاڵی خڕ و شیو و دۆڵ
لە گەڵ گزنگی بەری بەیانی
تێکڕا دەپژێنن جیلوەیی جوانی
ڕنووی دوندی کێو چۆڕ چۆڕ ئەسرینی
دەڕژێنێ و دەگری بۆ دوایی ژینی
بولبولی عاشق بەستەی دڵداری
بۆ گوڵی دەڵێ دیاری بەهاری
بەڵام جوانترین لە ناو ئەو گشتە
باخچەی ڕازاوەی جوانی سروشتە
ئەو دیمەنەیە وا کریکاریک
بێبەشی، ڕووتی، هەژار، نەدارێک
لەگەڵ ئاگری شەوی نەورۆزا
لە ناو بڵیسە و کڵپەی پڕ سۆزا



لەگەڵ شۆڕشا پەیمانێکی نوێ
دەبەستێتەوە و بەو زمانە دەدوێ
ئاگری شۆڕش ئەوەند پڕ گڕ بێ
تا زستانی ژین یەکجاری قڕ بێ
بەرەو ژیانێ سەرتاپ نەورۆز بێ
پڕ بەدڵ بڵێین جەژنت پیرۆز بێ

نەورۆزی ١٣٦٥
مالوومە

## به پیرۆز*

بــه پیــرۆز بــه پیــرۆز بــیٚ، جێــژنی لــه دایــک بوونــت
دنیــا بــه‌تــۆوه خۆشــه، کــه مانــای هــه‌یــه بوونـــت

ژیــن بــزه‌ی کــه‌وتــه ســه‌ر لێــو، کــه تــۆی بــه خــۆوه بینــی
شــنه‌ی ئــه‌ویــن هــه‌ڵــی کــرد، پیرۆزتــرین ئــه‌وینـــی

لــه گــه‌ڵ یــه‌کــه‌م تریقــه‌ت، زه‌مــان پــشووی هاتــه‌بــه‌ر
چ دڵگـــره بـــه‌تـــۆوه ، خـــۆر لـــه ئاســـۆ هاتنـــه‌ده‌ر

زستانی ١٩٩١
یۆته‌بۆری

*ئێواره‌یه‌کی زستانی ٩١ کاک ناسری ره‌زازی ته‌له‌فۆنی بۆ کردم و باسی گۆرانییه‌کی تازه‌ی بۆ بۆنه‌کانی جه‌ژنی له دایکبوون له گه‌ڵاڵه کردم. من خۆم زۆر له مێژ بوو خایله و فکری شیعر بۆ گۆرانییه‌کی وه‌هام له مێشکا بوو. دوای چه‌ند رۆژێک ئه‌م شیعره له دایک بوو.
دێڕی یه‌که‌می ئه‌م شیعره هی کاک ناسره.



## من که تۆم هه‌ی

من که تۆم هه‌ی چاوه‌کانم هه‌ست به تینی ژین ده‌که‌م
خۆشه‌ویستیم گوڵ ده‌کات و دوور له هه‌رچی وین ده‌که‌م
هه‌ستی بوونــت لــه نــاو بوونمــا پــڕ بــه پــڕ ئارامیــشه
وا له‌لای تۆ ده‌رسی مه‌ندی بیٚ وچان ته‌مــرین ده‌کــه‌م

له بــیٚ تــۆیی و لــه تــه‌نیایی چ بــه‌رتــه‌سکه جیهــانم
به‌ره‌و شوێنیٚ که تۆی لێهه‌ی ئاره‌زووی هــه‌ڵفــڕین ده‌کــه‌م
هه‌ر وشێکی پڕ له هــه‌ســتت خــۆی خرۆشــی ســۆزمه
ده‌وری باڵات نازه‌نینم خۆم به عیــشق پــه‌رژین ده‌کــه‌م

لێزمه باران، تۆی لــه تــه‌کما، جێــی غــرووری پــاییزی
ئای که چه‌نده ئه‌و ده‌مانه حــه‌ز بــه خورپــارین ده‌کــه‌م
له‌ززه‌تــی گــشت ئــه‌و ڕۆژانــه‌ی تــۆ هــه‌وێنــی ژینمــی
سات به‌ساتی له ناو دنیــای ڕۆحــه‌کــه‌م ئــاژین ده‌کــه‌م

٢٠٠٤/٠١/٧
یۆته‌بۆری

# تا کەی؟

ئیمڕۆش وەکو ڕۆژی ڕۆژان   وا دەمەی خۆر ئاوا بوونە
بوومەلێڵی ئێوارەیە و   هەروا هەوا بڕێک ڕوونە

داشقەچیە پیرەکەی گەڕەک   قڕتاڵە تریێی بەدەستەوە
شەپۆلی   ئارامی خەیاڵ   بەرەو ماڵی دێنێتەوە

قاڵی و فەڕشی سەر شەقامان   بۆ ناو دووکان کۆکرانەوە
پەتوە شڕی سەد جار شۆڕاو   لە زۆرێک ماڵ ڕاخرانەوە

سویچ لە دەستی مام حاجییا   چەرخی و ماشێن توند لوورانـدی
منالی باوەشی دایکێک   لەخەو ڕاپەڕی و قیژاندی

تاقمی سواڵکەر و چاوساغ   لوور بوونەو ناو پارکی شار
لە ژێرەوە خێسەیانە   لە دەست یاساوڵی شارەدار

هەرکەس دەبینی بەجۆرێک   بەرەو ماڵێ هەنگاو دەنێ
یەک مات و پەشیو و کپە   یەک لەدڵەوە پێدەکەنێ

یەک بەشوێن چەرخی دەستییەکا   بەلاترە لاتر، ئارام، ئارام
سواری کەشتی خەیاڵ بووە و دەپێوێ سەر ڕێگای شەقام



یەک دووکانەکەی گاڵە دا و دوعا دەخوێنێ بە لێوان
قۆڵی کەوای پەشمی هەڵکرد   دەچێ بەرەو نوێژی شێوان

کابرای بانگ بێژ لە بڵندگۆوە   پڕ بەگەرووی خۆی نەڕانی
دەڵێی بێمەسکەن قاو دەکا   شوێنێ گیرخا تا بەیانی

دیسان ئەوا شەو هاتەوە   بۆ بێداری گردە نشین
بۆ خەوی دوای کاری سەخت و بۆ لەناو خەوا ڕاچەنین

بۆ تریقەی قاقای بێخەوان بۆ شەوچەرەی تێر و پڕان
بۆ ژانی قەڵشی سەرپەنجەی لەش شەکەت و بەرگ شڕان

بۆ گەڕ و گەشتی خوای شەڕ بۆ گوڵچنی تێکۆشەران
بۆ ویرەی قەمچی ناو بەند و   بۆ تەفتیشی دەست بەسەران

بۆ وەی بێکاری بێ ئەنوا   هەڵوێژنێ لیزمەی خەیاڵی
خاوەن کاریش لێکداتەوە   سەرجەم بەرهەمی ئەمساڵی

بڵێی تاکەی لەسەر لێوی   ساواکانمان بار نەڕەوێ
تاکەی شانی هەژارەکان   لە ژێر مەینەتا بنەوێ

تاکەی خێڵی بێکارەکان  لە بازاڕا بخولێنەوە
وەک ڕنوە بەفری بەهاران بە تینی زوڵم بتوێنەوە

تاکەی دێوەزمەی سەرمایە خۆی بەخوێنی من قەڵەو کا
چەشنی گڵۆپ بۆی باییسێم خۆشم دەستەملانی شەو کا

تاکەی بەهەشتی ڕەنجی من لە ڕووی ژیانم پێوەدا
لێم بێ بەماری هەژدە سەر کە دەستم بۆبرد پێوەدا

تاکەی برینی چەند ساڵەم لە سەر دڵا گریمانە بێ
تاکەی ماڵی سارد و سڕم لە دەسکردم بێگانە بێ

تاکەی پێش گزنگی بەیان من خەوی خۆم بزڕێنم
پشتی ژن و گشت خێزانم لە ژێر کارا بچەمێنم

تاکەی نەزانم یەلۆنە چێژی خەوی بەربەیانی
تاکەی نەتوانم هەڵمژم بۆنی خۆشی کامەرانی

تاکەی دەرفەتێکم نەبێ هەست بە ژیانی سەربەست کەم
بچمە لالەزاری بەهار بە عەتری خونچە خۆم مەست کەم



تاکەی نەتوانم بچمە شاخ شەماڵ بەسپایی ڕامژێنی
یان لرفەی ئاوهەڵدێری خوڕ کەف بەسەرما بپرژێنی

تاکەی تێر و تەسەل نەبم و بەسەفا نەچمە گوڵ چنین
تاکەی لەخێزانم دوور بێ چریکەی گەرمی پێکەنین

تاکەی هەروا دژوێن و شڕ چاو لە چاوی نامرادی کەم
تاکەی تێر و پڕ نەتوانم دەست لە ملی ئازادی کەم

بەڵێ وا ئیمڕۆش خۆر هات و لە ئاسۆ سەری هەڵبڕی
ڕۆیی لەو لاوە ئاوا بوو پەڕێکی ژینمانی دڕی

بەڵام تاکەی ئەو خۆرەش وا سەرهەڵدەبڕێ و جێمان دێڵێ
ئەویش وەک نەشتەر گشت ڕۆژێ جەرگی برژاومان دەکێڵێ

بەڵێنی بێ بەیانییەک خۆری ئاواتم هەڵبێنم
تا دەی گۆڕم ئەم دەورەیە لە ئاسمانا بیوەستێنم

با لەهەر جێیەک دەبیسترا دەنگی ناڵە و نزوولە و وەی
پڕ بێ لە شەپۆلی شادی و دەنگ داتەوە تریقەی ئۆخەی

بەهاری ٦٤هەتاوی یان ٨٤ی زایینی

## گۆڕ غه‌ریب

له‌ ده‌م که‌ژێکی کوردستان
له‌ په‌سێوێک نێو دارستان
ته‌رمی کوڕێکی لاوم دی
سووتێنرا، داقرچاوم دی
داگیرکه‌ر هاتۆته‌ ماڵی
ماڵی خزم و که‌س و کاڵی
پێیده‌ڵێ خاپوورت ده‌که‌م
ژیله‌مۆی ته‌ندوورت ده‌که‌م
یاکو نه‌مان هه‌ڵبژێره
تۆ یا خۆتم پێبسپێره
مافت ده‌وێ تاوانباری
دیاره‌ دژی ئیستیعماری
تێکشکانی ئێمه‌ت ده‌وێ
هه‌ژار پێت خۆشه‌ سه‌رکه‌وێ
کوڕی خه‌ڵکی زه‌حمه‌تکێشی
یاری غه‌م و ڕه‌نج و ئێشی



ده‌گوورڕێنێ به‌سه‌ریاندا
هه‌ڵه‌ هه‌ڵمه‌تیان نیشاندا
به‌ڵێ کوڕی چه‌وساوانم
ته‌رخانه‌ بۆ وان ژیانم
گۆشتم، ڕه‌گم، خوێنم، پێستم
ژینم، مردنم، هه‌ڵوێستم
گشتیان ئه‌م دێڕه‌ نووسراوه‌ن
فیدای خه‌ڵکی نه‌حه‌ساوه‌ن
بڕوای به‌رزم هێزی گه‌له‌
خۆت بگره‌ بۆم دوژمن هه‌له‌!

ده‌ست له‌بانی پیتکه‌ی تفه‌نگ
نیشتمانیان پێده‌کا ته‌نگ
له‌ دوای شه‌ڕێکی شیرانه‌
له‌ گه‌ڵ پیاوخۆری بێگانه‌
دێته‌ نێو کۆڕی شه‌هیدان
ئه‌وانی بۆ خه‌ڵک فیدان
ئه‌مجار دێنن ئاوری ده‌ده‌ن
له‌ بن دارێ له‌ گڵی ده‌خه‌ن
ئه‌وی له‌و مابوو ئێسقان بوو
جێی ساغی ته‌نیا ددان بوو
له‌ پڕانێک دایکیم هاته‌ یاد
که‌ چاوه‌ڕێیه‌ بۆ ئه‌ولاد

دەچێتە لای هەڤاڵەکانی
هەنیسک و چاوی گریانی
دەزانیٚ کوڕەکەی نەماوە
لە ڕێی گەل دا خوێنی داوە:
گۆڕغەریبەکەم لە کویٚیە؟
لە کام شاخیە لە کام دیٚیە؟
خوشکی چاوەڕێی کاکیەتی
کاکی ئازا و جوان چاکیەتی!

غەم دایتڵکاند هەناوم
فرمێسک گەڕایە چاوم
بڕێکی مابوو بەربێتەوە
لەسەر عەرز بتلێتەوە
لە سەر ئێسکی سینگی بەخوێن
نووسراوەیەک ببوە هەوێن:
دوژمن کە سووتاندی تەرمم
ئاگری بەردا خوێنی گەرمم
مێشکی گوللە باران کردم
خۆڵی وەبن داران کردم
بێخەبەرە ئاواتم بوو
کە دەسکەوتی خەباتم بوو
چون خۆڵم بۆ ئەم نزارە
وەک مەڵحەمە و بۆ زامدارە



داری باریک قەڵەو دەکا
هەی شلکیش پتەو دەکا
جا بۆ پێشمەرگەی کۆڵنەدەر
هەردارەی دەبنە یەک سەنگەر!

١٣٥٩/٩/٧ یان ١٩٨٠/١١/٢٧
شندڕە

## پێشەنگانی چەک بەدەست

ئەی پڵنگانی بەسامی نێو دڵی داگیرکەران
ئەی هەڤاڵانی بە زەبری پەیکەری چەوسێنەران

ئەی گزنگانی سەر ئاسۆ و دەم کەلی ڕێگەی خەبات
هەڵگرانی بیری تازەی شۆڕش و مژدەی نەجات

ئەی بەرەنگارانی دنیای پڕ لە ڕەنج و ژینی ڕەش
دەی بخوێنن، دەنگ هەڵێنن بەو چەکەو بۆ ژینی گەش

با ڕەهێڵەی ئاگرینتان سە ر بە دوژمن کا نەوی
وا خرۆش و جۆشی چەکتان ڕۆی هەتا ئەوپەڕ زەوی

با لە ڕەوتی سووری مێژوو شۆڕەتوو ڕەنگداتەوە
با لە چوار قوڕنەی جیهانا بەرزیتان دەنگداتەوە

ئەی بەرەنگارانی دنیای پڕ لە ڕەنج و ژینی ڕەش
دەی بخوێنن، دەنگ هەڵێنن بەو چەکەو بۆ ژینی گەش



بیان تەزێنن دوژمنانی ڕوتەڵانی بێبژیو
بیڕمێنن ئەی هەڤاڵان کۆشکی سەرنێزە و فریو

وا هەژاران دەستی ماندووتان لەسەر دڵ دادەنێن
دێن بەرەو ڕیزتان بەکۆمەڵ دەست لەهێو دەست دێن و دێن

ئەی بەرەنگارانی دنیای پڕ لە ڕەنج و ژینی ڕەش
دەی بخوێنن، دەنگ هەڵێنن بەو چەکەو بۆ ژینی گەش

بەهاری١٣٦٤ یان ١٩٨٤ی زایینی
مالوومە

## بەرەو ڕووناکی*

ئەی هاوماڵانی هەژارو ژین تاڵ
ئەی ڕەنجدەرانی سەر سفرە بەتاڵ
درویێنەوانی شان کەف دەرکردو
ئەی ئەوەی ژینت تاڵانکەر بردو
ئەی کرێکاری ناو مەیدانی کار
ئەی دیلی دەستی چەوسێنەری شار
ئەی ئەوانەی وا لەسای دەسڕەنجتان
گشت ئەم جیهانە بووەتە گوڵستان
ئەی ئەوانەی وا بێ بوونی ئێوە ژین
بێ ڕەونەقە و دەمرێ لەجێوە
وەرن گوێ بگرن لە نەغمەی دەنگم
لە سۆزی دڵم، شنەی ئاهەنگم
ڕاستە من چاوم سۆمای نەماوە
ڕاستە ڕووی دنیا لێم داخراوە
ڕاستە نازانم چۆنە گوڵی سوور
بۆم بەدی ناکرێ دارستانی دوور
نابینم لرفەی ئاوهەڵدێری چۆم
نابینم ماسی زەرد و سووری گۆم
نابینم شۆقی کانیاوی سەرکێو
نابینم هێشووی لقی شۆڕی مێو



نابینم گەشی و هەرچیەکی جوانە
هەرچی دەسکردی ئەمرۆیئینسانە
وەرن گوێ بگرن لە نەغمەی دەنگم
لە سۆزی دڵم، شنەی ئاهەنگم
بەڵام ئەم دڵەم پڕ لەهیوایە
هیوای دنیایەک کە پڕ سەفایە
دنیایەک بەری لە ناڵە و لە ژان
دنیایەک دوور بێ لە ئۆف و ئەمان
دنیایەک پڕ بێ لە نەغمەی ئەوین
گەش گەش بێتەوە گوڵستانی ژین
دنیایەک منداڵ ڕەنگیان زەرد نەبێ
دنیایەک هیچ کەس خاوەن دەرد نەبێ
دنیایەک کە دڵ جێگای قین نەبێ
دنیایەک کە چاو بە ئەسرین نەبێ
دنیایەک کە لێو بزەی لەسەر بێ
دنیایەک کە خەم دنیابەدەر بێ
پێناوێک نەبێ بۆ ئینسان کوشتن
بۆ خوێن مشتن و بۆ خوێن ڕشتن
دنیایەک پڕ بێ لە چریکەی شاد
لە دڵگرترین سروەی ئازادی
بەڵێ من خاوەن دڵێکی ئاوام
شەیدای بەهەشتی لەسەر ئەم دنیام

دەی دەنگ هەڵبڕن لەگەڵ دەنگی من
دەی بچریکێنن بە ئاهەنگی من
بەرە و دنیایەک ڕەشی نەمێنێ
بۆ هەموو چاوێک جوانی بنوێنێ

جۆزەردان ١٣٦٨ یان مانگی مەی ١٩٨٩
دارەبەن

* پێشکەش بە هاوڕێی نابینام کەریم هەنداوەیی



## دەمێک لە گەڵ وێنەکەتا *

هاوڕێی دەورانی منالێم
تێکۆشەری کوڕی خەبات
هەڤاڵی ژینی پڕمەینەت
ئەی تریفەی ڕۆژی نەجات

شنەی بەسۆزی تێکۆشان
ئەستێرەی هیوای زەحمەتکێش
ڕۆڵەی بەرزی کاوەی مەزن
ڕووخێنەری تەلاری ئێش

لەگەڵ بیندنی وێنەکەت
پەردەی شیعر و بیرەوەریم
ژیانی پڕ مەترسیمان
لەگەڵ فیلمی کوێرەوەریم

وەک هەناسەی ساردی هەتیو
مێشکیان کردمە دەریای تەزوو
بەسەر لێوما شیعر بارین
بۆ گیانیشم بوونە چزوو

بزەت، هەستت، پێکەنینت
قینت بەرانبەر سەرمایە
بیری تۆڵەت لە دوژمنان
شەپۆلێکە و لەسەرمایە

گێژەڵوکەی تەوژمی قین
وەک هاژەی لافاوی بەهار
خرۆشاندی مێشک و دەروون
بەرەو کۆشکی دژی هەژار

دیمەنت هاتە بەر چاوم
کاتی باس و ڕاوێژ کردن
لەبیرمە زۆر جارت دەگوت
یان کۆڕی شۆڕش یان مردن

مچوڕکی ترس و سام گرتی
داگیرکەر دڵی کەوتە ژان
ئەتۆ و هەزارانی وەک تۆی
گرتن و مشتی کرد زیندان



بەڵام شەقق و شڕی دەکەین
پەیکەری گەندەڵی نەیار
لەسەررا نوێی دەکەینەوە
حیماسەی یەکەمی ئەیار

بیستم لەناو بەندیخانە
سەلماندووتە بە دوژمنان
ئەوەی دەبێ تێک بڕووخێ
هەر ئەوانن، ئەوان، ئەوان

دێوەزمێکی ڕووڕەشی گڕ
هەر لەخۆی جوان بووجەللادی
خوێن ڕشتنی شۆڕشگێڕان
جێژنە بوولای، بەزم، شادی

لەگەڵ قاقایەکی تاریک
دەستی پێکرد قسە و باسی
دژی شۆڕش لەم شارەدا
پێدا بڕۆ کێ دەناسی؟

لە قامووسی سەرمایەدا
شۆڕشگێڕن دژی شۆڕش
لەلای شۆڕشگێڕان وەڵام
دەبێ بێژی بژی شۆڕش

جەللادی خوێن ڕێژی خوێڕی
جوابی پرسیارەکەی دەویست
نێو چاوانی مۆنی تێک نا
قوتەڵ گوێ بوو، ئەم دەنگەی بیست:

"دەناسم لەم وڵاتەدا
قەڵشی دەست و پشتی چەماو
دروێنەوانی بێ پشوو
لەبەر قرچەی گەرمی هەتاو

سەدان گەنم چێنی بێ نان
سەدان هەژاری بێ پشوو
سەدان دایکی ڕۆڵە کوژراو
سەدان هەتیوی بێ پەسیو



کرێکاری چەکوچ وەشێن
لە فابریک و کارگەکان دا
وەرزێر و پاڵە و ڕەشایی
لە چوارقوڕنەی نیشتمان دا

شاری لاڕووخاو بە بۆمبا
ئاوارەی شەڕی زۆرداران
تریقەی ڕەشی خوێن ڕێژان
هەناسەی ساردی هەژاران

هاوڕێیانی خەباتگێڕم
زەحمەتکێشانی ئەم خاکەن
تێکڕووخێنی زوڵم و زۆرین
کۆرپەی ئەو ئیحساسە پاکەن

بەڵێ ئەوەی من دەیناسم
گشتیان چەقڵی چاوی ئێوەن
بە زانین و یەکگرتوویی
دەترازێنن لە دەس پیوەن"

دوژمنانی چینایەتی
بە وەرەی بەرز تێکدەچڕژێن
پیشەی خۆیانە خوێن مژان
ئەشکەنجەت دەن، تێت هەڵپڕژێن

دڵی ڕەق و هەستی پەستی
بوونە پرسیارێکی بەژان
وەسیەت هەرچی هەتە بیڵێ
دەڕۆی بەرەو ئاسۆی نەمان

"شانازییە بۆ من ئەمڕۆ
دەمرم لەڕێی ئاواتی سوور
گەیشتن بە ئامانجی بەرز
پێویستیەتی خەباتی سوور

ڕەسمی شۆڕش هەروایە، وا
کوڕی فیداکاری دەوێ
گیانبازی جێژنە بۆ کەسێ
حوکمی کرێکاری دەوێ



پیرۆزبێ لێم زەماوەندمە
دەچمە ژێر داری تیرباران
ئەگەر ئەمن، تۆ یەکی تر
نەچینە پێش ئەرێ یاران

چۆن هەڵدەکرێ ئاڵای سووری
دیکتاتۆری پرۆلیتار
لە ژێر نەزمی کام نیزامە
بە ئۆخەی لێو تەڕکا هەژار

دایکم، باوکم، خوشکم، برام
نەکەن شیوەن لەسەر گلکۆم
خۆم هەڵم بژاردوە ئەم ڕێیە
لەسەر دڵی دوژمن دڵۆم

وەسیەتی من ئامۆژگاری
بۆ هاوڕێیانی بەجێماو
کۆشکی گەندەڵی سەمایە
بتوێننەوە بیکەنە ئاو

پارێزەرانی سەرمایە
هەموویان ڕۆژێک دەمرن
کە کرێکارانی گشت جیهان
یەک بگرن، یەک بگرن!"

بوومەلێڵی بەری بەیان
خرمەی چەکی بەکرێگیراو
بەژنێکی جوانی تێک گلاند
فوارەی بەست لەپڕ خوێناو

دەنگێکی شێرانەش دەهات
دەیگوت مردن بۆ ئێوەیە
ڕژانی خوێنی سووری من
دوارۆژی سووری پێوەیە

١٣٦٠/١١/٢٥ یان پاییزی ١٩٨١
ڕەبەت

*پێشکەشە بە یادی هاوڕێی تیرباران کراوم رحمت شریفی.
بەشێکی بەرچاوی شیعرەکە، ئیلهامەکەی لە وەسیەتنامەکەی خۆیەتی.



## بۆ ڕادیۆی دەنگی شۆڕش

ئەو بوولبوولەی لەسەر چڵێ
لاوکان دەڵێ بۆ سوور گوڵێ
کوا چریکەی وا بەکوڵە
کە گلێنەی چاوی هیوا
پڕکا لە فرمێسکی شادی!

کام زەنگوڵەی نێو ڕانی زۆر
لە شەوێنی مانگە شەوا
لە گەڵ فیتەی شوانی جحێڵ
وەک مارشی دەنگی شۆڕشێ
تەزوو دەخاتە نێو لەشان!

کام میوانی گفت خۆشە
وا ڕاستوێژ و خۆش ڕاوێژە
بۆ حەسانەوەی مێشک و لەش
سەر هەڵداتە دەنگ و باسێ
لە سیاسەت، لەشەڕ لە شۆڕش!

ئەرێ هۆ براڵەی کرێکار
تۆش وەکو من دڵ بەنەشەی
کاتێ کازیوەی بەربەیان
دەنگی مەنگی زەنگی شۆڕش
لە خەو ڕاپەڕێنێ پاڵە!

پوورە هەمین وەرە ئەمجار
لە لادێ دا لە زەوی و زار
لە شەقام و کۆڵانی شار
لە کارگاکان بۆ کرێکار
دەنگ هەڵدێنێ دەنگی شۆڕش!
وڵات دەگرێ ڕەنگی شۆڕش!

١٣٦١/٤/١١ یان هاوینی ١٩٨٢
وسوەکەل



# شنە و هەواڵی

دیسان چڵۆسکی ئاگری خەم
کەوتە ناو کڵۆشی دەماخ
دیسان دەروونی پڕ تاسە
درایە بەر شەپۆلی ئاخ

دیسان سیپاڵە هەوری ڕەش
پڕشنگی خۆری گرتە کۆش
دیسان لە جێی غونچەی ئاوات
پێدەکەنێ گوڵی پەرۆش

دیسان هەناسەی شنەبا
هەڵگری ناخۆش خەبەرە
دیسان کوێستانی هیوامان
تەمی خەفەتی لەسەرە

دیسان لە بێشکەی ئارەزووم
کۆرپە لێی بڕاوە پشوو
دیسان کۆشکی گەلی برسی
تێی دا دەجریوێنێ پەپوو

هەڵدەکەوێ ڕۆژێک لە ساڵ
لە ناخەوە بڵێم ئۆخەی
بەڵام هێشتا هەڵنەکەوتوە
بە دووی ئۆخەی دا نەڵێم وەی!

شنە لەسەرخۆ پێیگوتم
هەڤاڵانی سوپای سوورت
بە خەڵاتی خوێن بە خەبات
بوونە چرای ڕێگەی دوورت

یەکیان لە ژێر داری ئیعدام
وەهای خوڕیە دوژمنی پەست:
چاوم مەبەستە ئەی خوێڕی
ڕزگار ژیام دەمرم سەربەست

ئەمن ناخی دڵی مێژووم
کوڕی خەڵکی زەحمەتکێشم
لێشاوی تووڕەیی وانم
دەرناچێ هاتوویە پێشم

ئەمن دەستەچیلەی قینم
لۆدە پووشی وشک ئەتۆی
لەبەر ئاسک کوا دەردەچی
هەروا بە گاگۆڵکان دەڕۆی!



ناخۆش بوو هەواڵی شنە
بەڵام تاسەر کوا وادەبێ
ئەگەر هەق بەدەست زۆردار
منیش بابێژم وادەبێ

لەسەر لێوانە قینی گەل
هەربینا هەڵڕژایە خوار
بە پەڕۆی پیس کلکی دەگرین
فڕێی دەدەین تەرمی زۆردار

جا خۆشە دنیای بێزوڵم
تەوەزەل ناژین لە برسان
ئیستیعمار و هاودەستانی
خوێڕیانە دەمرن لەترسان!

١٣٥٩/٤/٢٥ یان ١٩٦٠/٧/١٥
شندڕە

## وا لەسەفەر گەڕانەوە

دوندە بەرزەکەی "بەردەکوڕ"
لە ئامێز مژ و تەم دابوو
لا نواڵەی "بڵیندە" ڕووبەوڕووی
لە ناو شەپۆلی خەم دابوو

"قەڵات" هەروا بۆ پێشمەرگە
وەک قەڵاتە و خانەخوێیە
بەرانبەر "شاخەکەی چەوان"
دەیان شیعری تازەی پێیە

کانیە ڕوونەی "چاوێ" هەروا
بە خوڕ دێت و هەڵدەقوڵێ
دەڵێی چاوی هەتیوبارە
بۆ هەژاری خۆی دەکوڵێ

لە درزی پەڵەهەوریکا
خۆر خۆی کێشایە نێو دێوە
بەرەو ئاسۆ وەک مار خزی
لێی دەڕوانن هەرچی کێوە



زریانە سارد و سڕەکەی
لە وەرزی پاییز بەجێماو
شڕتر دەکا دەواری شڕ
تین دەستێنێ لە تیشکی تاو

نەدێ دەنگی شمشاڵی شوان
نە چۆلەکێک دەجریوێنێ
دەڵێی سروشت بەبەستەی غەم
ئێمەی مرۆڤ دەلاوێنێ

نێو ئاوایی وەک گۆمی مەند
پڕ لە ماتەم و بێدەنگە
هەرچی هات و چۆ جم و جۆڵێ
تێیدایە ئارام و مەنگە

لە ناکاو بە دەنگێکی بەرز
بێدەنگی ئاوایی پژا
گۆمی مەندی "سیسێر"ەکەم
وەک ئاوهەڵدێر ڕژا، شڵەژا:

وا لەسەفەر گەڕانەوە
هاوڕێیانی سوور خەڵاتمان
دنیایەک خەبەریان پێیە
گیانبازانی هاوخەباتمان

دوو ئەستێرەی سووری شەوی
ئاسمانەکەی سەرفەرازی
چاوەڕێی زەحمەتکێشانن
بە گشت بڕۆن بۆ پێشوازی

پێشەنگی کاروان لە دەروو
دەرکەوت بەرەو ئاوایی
دیسان قافڵەی سووری یاران
دێ بەرەو دێ بە ئەسپایی

سەرقافڵەچی ئەو کاروانە
دوو شۆڕەسواری خەمڵاون
لە کاروانەکەی دوێ شەوێ
لە هاوڕێیان هەڵبڕاون



بەرەو پیلی شەهیدەکان
جمی جەماوەری هەژار
بەدڵ پڕ قین و تووڕە بوون
سروود، سروود دەڵێن بە زار

زەحمەتکێشانی بێ بژیو
هەڵیانگرتن بە دڵ بەشان
بۆو هەواڵەی کە گیانیان چوو
لەبەر مقەڕ گرتیان وچان

سەرتاپا غیرەت دەباری
لەو پەیکەری شەڵاڵی خوێن
دەڵێی بۆ سەر زەماوەند چوون
نە سام گرتوون و نە شلوێن

بە زمانی نیگای پڕ هیوا
هاوڕێی شەهید دەماندوێنێ
هەستی خۆی و هاوڕێیانی
بەیەک زمان دەدرکێنێ:

شەوێکی تاریک و تەڵەم
لە گەڵ زریان بووین هاوسەفەر
لە ترسی پەڵە هەوری ڕەش
مانگ نەیوێرابوو بێتە دەر

لە دڵ شەوی ئەنگوستە چاو
ناڵە ناڵی چۆمی کەڵوو
نەدەسرەوێ و نە مات دەبێ
بە خوڕ بەرەو دەریا دەچوو

سۆزی زریان، دەنگی ڕووبار
وەک سمفۆنی عەزا وابوو
شەوگار وەک پەیکەری وشک
لەم تەبیعەتە ڕامابوو

دەستمان لەسەر لوولەی چەک و
دڵمان بە یادی هەژاران
ئامادەی سەفەرێک بووین
بۆ ڕاماڵینی نەیاران



بەو هەستە بەرز و پڕ قینە
هێزی ڕاماڵەر بەرەو شار
خزی وەک نووری دڵی شەو
ڕەشی دەستێنێ لە شەوگار

جار جار تەقێک بەترسەوە
بەرەنگار ماتی شەو دەبوو
ترس و سامی داگیرکەر بوو
بەرەو ئاسمان لووزەو دەبوو

هێشتا شەڕ نەزرینگابۆوە
سەرمان هەڵدا لە جەرگی شار
ترپەی دڵی نەسرەوتوومان
زەنگی مردن بوو بۆ نەیار

دیمەنی شۆڕشی گرت بوو
لەم شارەدا هەر چی ڕەنگە
دیسان ئاسۆ شەبەقی دا
خۆر میوانی شەوەزەنگە

باوەشی ئاوەڵای خەڵک
بوو بەهۆی حەسانەوەمان
چاوی چاوەڕێی مناڵان
شیعری بەخێربێی مامەگیان

گڕی بەردا دەروونی کەیل
لە خۆشەویستی چەوساوان
بە تێکڕا وەریاندەگرتین
ئەگەر پیرن ئەگەر ساوان

بەخێر بێنەوە بۆ لامان
ئەی شێرەکانی دوندی شاخ
ئەمشەو شەوی ئۆخەیانە
تاکەی هەڵکێشین ئاخی ناخ

دڵ و دیدەی گشتی ئەمشەو
پڕ لە خۆشی و زەماوەندە
قرمژنی چەکی پێشمەرگەش
مۆسیقایە بۆ گڤەندە



تریقەی چەکی شۆڕش بەگوڕ
لە پڕ لە گشت شەقامەکان
بانگەوازیە لە داگیرکەر
ئێمەین پۆڵا وەرنە مەیدان

شریخەی تفەنگ، دەنگی سروود
ورەی بەرز و دڵی لە جۆش
ڕقی پیرۆز هەستی ناسک
ئەو مەڵبەندەی هێنایە خرۆش

کوا دەتوانم من بە نیگا
هەستی ئەو شەوە دەربڕم
داگیرکەران باش دەزانن
چۆن ڕاماڵەر و بەگوڕم

لە گەرماو گەرمی ئەو شەڕە
ئێمە سێ هاوڕێی بەجەرگ
لەسەر پەیمانەکەی خۆمان
بووینە پێشمەرگە بۆ مەرگ

له مردن ڕاسان چ خۆشه
به یادی بیری پیرۆزت
به هیوای ڕۆژی سەرکەوتن
بخەملێ هەستی پڕسۆزت

له قافڵەی سووری ئەوشەوە
دوو ئەستێرەی گەش هەڵبڕاین
بووینە ورەی گیان و بەهێز
بۆ لەشی یاران هەڵفڕاین

ئێستاش ئەمڕۆ ئەی هەڤاڵان
بۆ لای ئێوە هاتینەوە
بەبەرگ و تەرمی سوور بوومان
بە پەیکەری خوێنینەوە

ئەو ئاڵایەی هەڵمان کردبوو
بۆ شۆڕشی ڕزگاری دەر
هەروا شەکاوە ڕایگرن
تا ڕامالینی داگیرکەر



ئەو ئامانجەی هەمووی ئێمە
بە دەوریا کۆبووینەوە
تا شۆڕشی سۆسیالیستی
بڕۆن بڕۆن بۆ پێشەوە

بە دڵنیایی هاوڕێیان
بە هیواوە سەردەنێینەوە
بەڵێنمان دابوو بەیەکتر
تا ئاخر ناگەڕێینەوە

واقی ورمابووی هەڤاڵان
کە دڵیان دابوو بەو هەستە
بە ئاهەنگی دوژمن ترسێن
کردیانە ڕاوێژ ئەم بەستە:

سوێند بە هیوای ئەو دڵانەی
کە زوو لە لێدان دەکەون
سوێند بە خوێنی گەشی ئێوە
کە وەک دەستەچیلەی شەون

# سوورەی تۆڵە *

لە تاو هاوڕێی شەهید شیعرم بە قین پەرژین نەکەم چ بکەم
دەروونی پڕ لەتاسەی ئەو ئەگەر پڕ تین نەکەم چ بکەم

ئەگەرچی بێ ئەوی یاران، لە چاو میوانە ئەسرینی
بە عەزمێکی وەکو پۆڵا کە لۆمەی شین نەکەم چ بکەم

کە بیستم وەسیەتی بەرزی درێژەی ڕێیەتی بۆمان
بە سوورەی تۆڵە تەرمی سوور بە دڵ تەڵقین نەکەم چ بکەم

کە دوژمن ئەسپی خۆی هێنا و لە کۆشکی سەرکوتا خۆی نواند
وەکو سوارچاکی مەیدانێ کە ئەسپم زین نەکەم چ بکەم

بە چەشنی ڕندویی بەفرە نەیار و ئێمەش تیشکی خۆر
بە تینی گەرم و گوڕ ئامێز لە چیای بەفرین نەکەم چ بکەم



سوێند بە دەریای خۆشەویستی
دڵی هەموو ئەوینداران
سوێند بەو هەناسە ساردانەی
ناو ماڵی چۆڵی هەژاران

سوێندمان بە هەستی ئەو دایکەی
کە ڕەشپۆشی ڕۆڵەیەتی
بۆ یارانی لە داگیرکەر
چاوەڕوانی تۆڵەیەتی

سوێند بە دڵی ئەو منداڵەی
زمانی بە بابە نەپژا
ماڵی بار کرد باوکی لەلای
لە ڕێی ئامانج خوێنی ڕژا

یادی ئێوە هاندەرمانە
لەو ڕێ سوورەی کە گرت بوومان
هەزاران جار بەڵێنی بێ
تا سەرکەوتن دیسان پەیمان

١٣٦٢/١١/١٤
باریکایە

هەتا تێکنەدرێ ئەم چەرخە کفن هەر سوورن ئەی یاران
لە ئێستاوە ئەگەر دەستم بە دەور گۆڕین نەکەم چ بکەم

لە بۆ ئەستاندنی خوێنی هەموو یارانی کۆچ کردوو
وەکو بایز کە ڕێگەی خۆم بە ڕیی لینین نەکەم چ بکەم

١٣٦٢/٤/١٠ یان ١٩٨٣/٦/٣٠
کۆڵەسە

* به یادی بایزی درەخشان



## بژی یادی یەکی ئایار

دنیا پڕ بوو لە دووکەڵی
هەناسەی من و کارخانە
بە کاری ئێمەوە بەندە
هەرچی ژینە لەم جیهانە
بژی یادی یەکی ئایار
بەرزە ئاڵا و چەکی ئایار

ئاڵقەی زنجیری کۆیلەتیم
بووەتە پشتێنی سەرزەمین
باوەش وەردێنێ لە ژینم
مەرگە لێیان کردوومە ژین
بژی یادی یەکی ئایار
بەرزە ئاڵا و چەکی ئایار

تاکەی بە هێزی شانی من
دنیا لەڕەنجم وەگەشێ
ببمە گەنجی دوژمنانم
بۆخۆم وێڵ بم لەدووی بەشێ
بژی یادی یەکی ئایار
بەرزە ئاڵا و چەکی ئایار

ئـەی چـەوسـێنەری هێـزی کـار
ببیــــە دەنگـــی پـــەلامـــارم
مـــن شـــەپـــۆلی بێـــسنووری
دەریـــــای ڕقـــــی کرێکـــــارم
بـــژی یـــادی یـــەکـــی ئایـــار
بـــەرزە ئاڵـــا و چـــەکـــی ئایـــار

ئـــاگرێکم بـــۆ داخـــستووی
مـــەحاڵـــە، پێـــت دانـــامرێ
ئـــاوی دەریاشـــی ســـەرگێـــڕی
بڕیـــارە تێـــت هەڵـــدەگـــرێ
بـــژی یـــادی یـــەکـــی ئایـــار
بـــەرزە ئاڵـــا و چـــەکـــی ئایـــار

١٣٦٤/٢/١ یان بەهاری ١٣٦٥
مالوومە



# چوارخشتەکیەک بۆ کاک حەمەحوسێن کەریمی

لـە ڕنـدووی ئـارەزوی کوێـستانی چەوسـاوان هـەڤاڵ
بە خوێن و هیممەتی بەرزت ڕچەی مەردانەگیت کێشا
پەیمان بێ قافڵـەی هیـوات بەسـەبەرزی بگاتـە جێ
بە بیری ژیر و تێکۆشان لە ڕێی سووری زەحمەتکێشا

١٣٦٠/١١/٢٦ یان ١٩٨٢/٠٢/١٦
ڕەبەت

وەرە بێ تۆ ژیانم بێ پشوویە
بەتۆوە هەستدەکەم خۆشبەختترینم

لە ژێرپێت نازەنین ئەی شۆخی ساکار
چ دڵ بزوێنەرە گوڵجاڕی کۆسار

بەهار تۆی دی کە وا شێت بوو لەداخان
بە تەرزە گوڵ ڕنینی خستە گولزار

دڵم نایە بەتوندی بتدوێنم
لە لرفەت خستوە تۆفانی قینم

١٩٩٣/١/٢٧



## ئەستێرە

بڵێسەی کامە هەستەی وا بەنەرمی
لە ئاڵقەی قافیەی شیعرم دەپەرمی
گزنگی بێگەزەندی کامە خۆرەی
کە دامرکێنەری دەرد و کەسەرمی

وەرە با تێک نەڕووخێ کۆشکی ژینم
وەرە تاقانەکەی تیشکی ئەوینم

تەوژمی عیشقی من کوا هێند بوێرە
لە ڕەوتی پڕ لەجوانیت بگرێ سێرە
چ ئەستێرەیەک بڵێم وەک چاوی تۆیە
کە بێ ئەستێرەیە ئاسمانی ئێرە

وەرە با چۆڵ نەبێ جێگەت لە لای من
وەرە پێم بەخشەوە باڵی فڕینم

لەرەی دێ دڵ لەگەڵ لەرزانی پرچت
کە قیبلەی پەنجەمە خەرمانی پرچت
چ بێ ڕەحمە شنەی با ئەو دەمانەی
دەشەمزێنێ قەفی سەر شانی پرچت

## تۆم هەناوی

چ چۆڵ پـڕ لـە بێدەنگییـە ژیـانم دوور لـە چـاوی تـۆ!
چ بێ حەجمینە شەوگارم لە بـێ تـۆیی و لـە تـاوی تـۆ!

لـە تـەنیایی شـەوانەمدا چ بـێ سـەبرانە گـوێ قوڵـاغم
کە بەشکم بێتە گـوێم خوسـت و چپەی هـەنگاوی تـۆ!

ئەگەر زمانیـان هـەبا تێکـڕا هـەموو بـستێکی ئـەم ماڵـە
وەکو ئەم شیعری سۆزەی من دەهاتنە دوان بە ناوی تـۆ!

هەتاو حەدی چییە گیانە کـە مـن تـۆی پـێ بـشوبهێنم
لە سـەر زمـانم تـرازا گـەر وتـم ڕوو وەک هـەتاوی تـۆ!

هەموو جارێ کە دنیای من ڕەشایی بینگی پـێ دەگـرێ
بزێکت دام دەگیرسێنێ و گەلێک ڕوونتـر لـە سـاوی تـۆ!

سـەری پەنجـەت بەسـە تونیایـەتی دەریایـە بـشکێنێ
کەم و کوڕ وەسفی تۆ ناکـەم بڵـێم بـۆ ژیـنم ئـاوی تـۆ!

لە بۆ دەربڕینی ئەم شـیعرە وشـە قـاتن لـە بـەر دەسـتم
ئەتۆم شیعری، ئەتۆم گیانی، ئـەتۆم ژیـانی، هـەناوی تـۆ!

٢٠ /١٠/١٩٩٩
پارتیللە



## بۆ سۆما*

ئـەتـۆ جـوانتر لـە تیـشکی خـۆری دونـدی تـەرخـانی
لــە دڵ نزیــک و ڕۆح ســووک و گــوڵێکی نێــو منداڵــانی

بزەی بێگـەردی سـەر لێـوت چ مـەعـسوومانە دەشـکۆفێ
هـەزاران جـار بـژی سـۆما، کـە سـۆمای چـاوەکانمـانی

*پێشکەشە بە سۆمای برازام و ئـەم دوو بەیتـەش بـۆ یـەکێک لـە جـەژنی لەدایک بوونەکانیدا وتراوە.

## مانگ*

له حاست ئێوه دەبێ مانگ خۆی وەشارێ
بەسەد قات جوانتره پرشنگی چاوتان!
خەیاڵم رۆی بەرەو هەرچێکی جوانه
نەبوو جوانێ یەک له بۆ پارسەنگی ناوتان!

هاوینی ٢٠٠٧
بووهووس

*بە بۆنەی یەکێک لە جێژنەکانی لە دایک بوونی هەوار و ئاراندا



## شیعرێک بۆ گۆرانی

چی تر ناڵیم هاوار خورام ئەم وشانه دەسڕمەوه
درەختی ژان و ئاخ و داخ له بێخەوه دەبڕمەوه
باڵندەی نائومێدییەکان له باخی خۆم هەڵدەفڕێنم
له لوتکەی بەرزی هیواوه بە شیعری گەش دەچریکێنم

بابێ، بابێ، دەنگی بابێ
نەغمەی گەرمی ئەوین بابێ
بابێ، بابێ، دەنگی بابێ
قاقای بەسۆزی ژین بابێ

وەرن وەرن ئەی شادییەکان خۆتان ئاوێتەی دەنگم کەن
بە پۆل وەرن مەهێڵن غەم لە ئێوەم کەن و مەنگم کەن
وەرن لەو دیوی تەمەوە ڕووناکاییم بۆ بنوێنن
وەرن با ئەمجاره ناسۆر فرمێسکی غەم هەڵوەرێنن

بابێ، بابێ، دەنگی بابێ
نەغمەی گەرمی ئەوین بابێ
بابێ، بابێ، دەنگی بابێ
قاقای بەسۆزی ژین بابێ

هۆ دنیای ئاواتـەکـانم چـاوەڕێـم بـە لـە کـوێی هـاتم
تۆ شەوقی مانگی شەوانمی بەر لەوەی تۆ هەڵبێی هاتم
دوور ناتبینم کەچی دەڵێن ئۆقیانوسێـک لە بـەینمـانە
قەیناکا من خۆی لێ دەدەم جەنگەی مەلەی مەلەوانـە

بـــابێ، بـــابێ، دەنگـــی بـــابێ
نـــەغمـــەی گـــەرمـــی ئـــەویـــن بـــابێ
بـــابێ، بـــابێ، دەنگـــی بـــابێ
قاقـــای بـــەســـۆزی ژیـــن بـــابێ

١٣٦٨/٤/٢٨ یان هاوینی ١٩٨٨
دارەبەن



## نامەیەک بۆ دایکم

دایـــە ســـڵاو، ســـڵاوی بـــەتین
ســـڵاوی بـــە ســـۆز و ئـــاگرین
ســڵاوێک هەڵمـەت، پـەلامار بـێ
بروسـکەی هیـوای هــەژار بـێ
بـــە لای منـــەوە مانگەشـــەوێک
لەســـەر ترۆپکـێ یـــان گـــەوێک
لەگـــەڵ هەڵمـــژینی شـــەماڵ
یـادی یـاری بـە خـوێن شـەڵاڵ
گوڵاڵـــەی ســـوور بێنـــە ســـوێم
لەگـــەڵ ئـــەوانیش بدوێـــم
چـریکەی بولبـول وەم حـەسێنێ
ســروەی ســروود وەم گەشــێنێ
هـــاوڕێی هاوڕێیـــانی خـــەبات
ڕێبـــوارانی ڕێگـــەی نەجـــات
لـــە گـــەڵ گـــشت خـــوێنێکی ڕژاو
مێـشکی بـە دەسـت زوڵـم پـڕژاو
دەســـتی دۆســـتی لێدەینـــەوە
پـــەیمان، پـــەیمان نوێبکەینـــەوە
مـــژدەی ڕۆژی ســـەرکەوتنە
مـــانگ لـــە گیـــران دەرکەوتنـــە

ئەمشۆش من و چەک و هیوام
ئامانج و شۆڕش و بڕوام
لەگەڵ تاسە و گڕی شیعر
شەپۆلی مەند، خوڕی شیعر
سروودی ڕزگاری دەخوێنین
بولبولی ئاوات دەدوێنین
بیر لە ژینی پێشمەرگە بوون
بۆ ژین بە پیر مەرگەوە چوون
لە ناو مێشکما بووەتە خرۆش
دەئاڵۆزێ بڕستی هۆش
بزەی لێوی بیر دەپشکوێ
ئاوا لە گەڵما دەدوێ:
"دەسکەوتە و کەمی ناگرم
خۆ من بۆ مردن نامرم
مەرگی من ژینی تازەیە
بیری من دینی تازەیە
ئێستاش دایکی خۆشەویستم
ئا لەم نامەیەدا ویستم
لە دیداری ئەمجارەتا
لەگەڵ خایلە و پەژارەتا
بە زمانی شیعری گەرم و گوڕ
وەک دوو هەڤاڵ وەک دایک و کوڕ
ئەو نێوانەی چینی زۆردار



خستیە بەینی ئێمەی هەژار
تێکبشکێنم بێمەوە لات
بە کوڵ بخوێنین بۆ نەجات
مانگی خاکەلێوەی بەهار
خڕ و دۆڵ و شیو و ڕووبار
دەستدەدەنە دوودەستی یەک
ئاگادارن مەبەستی یەک
هاشە و ورشەی کوێرە خڕێ
ئەم لاو ئەو لای خۆی دەدڕێ
سەرەنجامی ئەو لافاوە
قوڕاوە ئاو، ماسی ڕاوە
لرفە و لوورەی سێڵاوە سوور
بانگ دەکا لە نزیک و دوور
شاییە، جێژنە سەرم بەرزە
یەکیان گرتوە چۆم و تەرزە
دایە من ئەو لرفە و لوورەم
هێزی ئەو سێڵاوە سوورەم
قرچە قرچی چلەی هاوین
لاپاڵێکی قاقڕ، پووشین
چەند بزووتکی شێت و ئاڵۆز
وەک پشکۆی ئاگری نەورۆز
بۆ شەڕ داوێنی لێبگرن
شەڕێک شەڕی مان و مرن

سەیرکە گڕی ئەو پووشە
دووکەڵ و خۆڵ و پڕووشە
ئەمن بڵێسەی ئەو گڕەم
ڕێبواری ئەو ڕێیە چڕەم
من پێشمەرگەم،من پێشمەرگەم
من بۆ کڕووزووی ئەو جەرگەم
بۆ شەهیدێک هەڵقرچاوە
بێ ناو و نیشان نێژراوە
دڵی کوڵی پڕ لە هیوام
لەگەڵ تیشکی گەشی بڕوام
زێڕن قەت غەوری ناگرن
بشکوژدرێن هەر نامرن
قاقای پێکەنینی چەکم
بۆ سەرکەوتن ناخا پەکم
دایە لە ڕووتا گەردی خەم
تاکو هەرگیز بەدی نەکەم
بۆ دەرچوون لە خەفەت تاسە
خۆت و من باشتر بناسە
دایە تۆ شێری ژیانی
پشت و پەنای، هێزی گیانی
تۆ ڕووسووری دایکی منی
قەڵداسووی قوڕگی دوژمنی
دایە بپۆشە بەرگی سوور



بەرگی وای دەوێ مەرگی سوور
بە دوژمنان پێ بکەنە
ون نەبێ لێت زەردەخەنە
هانم دە بۆ گیان بازی
ڕێی شۆڕش و سەرفەرازی
جا ئەو دەمی بەیەک دەنگی
دەشریخێنین بە ئاهەنگی:
ئێمە هیوای چینی هەژار
دەیکەینە مست گشت هێزی کار
چەوسانەوە دەمکوت دەکەین
بانگی سوسیالیزم هەڵدەدەین
لە و ڕێبازە دا ژن و پیاو
وەک یەک هەڵدێننەوە هەنگاو
داچڵەکێ بمرە زۆرداری
گزنگی ڕۆژی ڕزگاری
گەشی کردوەتەوە ئاسۆ
هاکا ئەنگوت ئەو دەمی تۆ
دەوارێکی دەم ڕەشەبای
لە گێژی گەردەلوولا، کای!

١٣٦١/٤/٤ یان هاوینی ١٩٨٢
باریکایە